MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای
موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراک

سەرمەد ئەحمەد

هەولێر - ٢٠٠٧



**ناوی کتێب: ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراک**

- نووسینی: سەرمەد ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ( ٤١٩ )
- تیراژ: ( ١٠٠٠ ) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: ( ٢٠٠٠ ) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب ( ١٥ )

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**www.mukiryani.com**

**asokareem@ maktoob.com**

**Tel: ٢٢٦٠٣١١**

# ناوەڕۆک


ناوەڕۆك (٣)

پێشـەكی (٥)

بەشی یەکەم: زاراوەکانی پەیوەندیدار بەئاسایشی خۆراك (٩)

یەكەم: خـــۆراك (٩)

دووەم: بەد خـۆراكی (١١)

سێیەم: هـەژاری و برسیەتی (١٢)

چوارەم: مافی خـــۆراك ((٣))

بەشی دووەم: ئاسایشی خۆراك (٣١)

١- چەمكەكانی ئاسایشی خۆراك (٣١)

٢- كشتوكاڵكردن (٤٠)

٣- چەمكی بەشی خۆ لە خۆراك و ئاسایشی خۆراك (٤٩)

٤- پێكهاتەكانی ئاسایشی خۆراك (٥٣)

٥- ئاستەكانی ئاسایشی خۆراك (٥٣)

بەشی سێیەم: گرفتی ئاسایشی خۆراك (٦١)

سەلامەتی خۆراك (٦٥)

یەكەم: دانیشتوان (٦٦)

دووەم: دەرامەتی سروشتی (٦٨)

سێیەم: خۆراك (٧٠)

چوارەم: روخسارەكانی قەیرانی خۆراك (٧٢)





پێنجەم: كەلێنی خۆراك (٧٤)

ئاماژەكانی كەلێنی خۆراك (٧٦)

یارمەتییە خۆراكییەكان (٨٣)

بەشی چوارەم: رێگاچارەكانی قەیرانی ئاسایشی خۆراك (٩٧)

یەكەم: بەكارهێنانی ئامرازی زانستی (٩٧)

دووەم: چڕكردنەوەی كشتوكاڵ (١٠١)

سێیەم: نوێكردنەوەی شێوازەكانی كشتوكاڵكردن (١٠٦)

چوارەم: دروستكردنی هۆكارەكانی بەرهەمهێنانی نوێ (١٠٩)

پێنجەم: موڵكدارێتی زەوی كشتوكاڵی (١١٠)

شەشەم: بەردەوامێتی لە بوژاندنەوەی كشتوكاڵی

بەشی پێنجەم: رێكخراوە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەكانی ئاسایشی خۆراك (١٢١)

یەكەم: رێكخراوی خۆراك و كشتوكاڵی سەربەنەتەوە یەكگرتووەكان (١٢١)

دووەم: رێكخراوی بازرگانی جیهانی (١٢٣)

سێیەم: رێكخراوی عەرەبی بۆ بوژاندنەوەی كشتوكاڵ (١٣٠)

چوارەم: رێكخراوی تەندروستی جیهانی (١٣٢)

پێنجەم: پرۆگرامی تایبەت بە ئاسایشی خۆراكی سەر بە نەتەوەیەكگرتوەكان (١٣٥)

شەشەم: رۆژی جیهانی خۆراك (١٤٠)

حەوتەم: بەرنامەی خۆراكی جیهانی (١٤٢)

هەشتەم: دەستەی دەستوری خۆراك (١٤٣)

بەشی شەشەم: ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی كوردستان (١٤٩)

چەند هەنگاوێك بۆ پتەوكردنی ئاسایشی خۆراكی هەرێم (١٥٢)

سەرچاوەكان (١٥٧)

# پێشەکی

لەوانەیە، نووسین لەسەر بابەتێك کە بە زمانی کوردی کەمی لەسەر نووسرابێ کارێکی ئاسان نەبێ، چونکە هەم نووسەر گرفتی سەرچاوە و هەمیش گرفتی زاراوەی دەبێت، کە بەڕای من گرفتی دووەمیان گەورەترە و نووسەر ناچار دەکات، وشەگەلێکی تازە دابرێژێ، کە لەوانەیە نەبێتە جێی ڕەزامەندی پسپۆرانی زمانەوانی و شارەزایانی خودی زانستەکە، بەڵام هەردوو گرفتەکە رێگر نەبوون لەبەردەم نووسینی بابەتێك کە دەخوازێت زۆری لەسەر بنووسرێت و گرنگی زیاتری پێبدرێت.

لەکەس شاراوە نیە کە هەوڵ و ماندووبوونی زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگاکان بۆ پەیداکردنی داهات دەچێت، بەشێکی زۆریش لەو داهاتە بۆ پەیداکردنی خۆراك خەرج دەکرێت. ئێمە گرفتی داهات و نا عەدالەتی لە دابەشکردنی باس ناکەین ئەگەرچی ئەوە بەشێکە لە فاکتەرەکانی پەیدابوونی قەیرانی ئاسایشی خۆراك. خاڵە سەرەکیەکانی ئەو گرفتە روون دەکەینەوە کە ئەمڕۆ بۆتە گرفتێك لە گرفتە مەزنەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، بەڵام ئەگەر دوورتر لە گرفتی ئاسایشی خۆراك بڕوانین، دەبنین کۆمەڵێ سیستەم و کایەی سیاسی کار لە گەورەکردن یا کەمکردنەوەی ئەو گرفتە دەکات. بۆیە ناکرێت لەدەروەی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە باڵ بەسەر ئەو دەڤەرەدا دەکێشێ باس لە چارەسەرکردنی گرفتی نەبوونی ئاسایشی خۆراك بکەین.

ئاسایشی خۆراك هەرتەنها بە زانستی ئابووری یا سیاسی یا ئیداری یا قانوونی یا کۆمەڵایەتی تاوتوێ ناکرێت، چونکە رەگ و ریشە بنچینەییەکانی ئەم کێشەیە بۆ هەناوی هەموو ئەو زانستانە شۆڕ دەبێتەوە، ئەمەش بوارەکانی لێکۆڵینەوەکە فراوان و ئاڵۆز دەکات.

بۆ ئەوەی لەو ئاڵۆزی و فراوانخوازیەی باتەکە رزگارمان بێت و چوارچێوەیەکی دیار و پوختی بۆ بکێشین، بەباشم زانی لەبەشی یەکەمدا تەنها باسی خۆراك و و نەخۆشیەکانی( کەم و زۆر)ی خۆراك بکەم و هەژاری و برسیەتی لێك جودا بکەمەوە.

لەبەشی دووەمدا، چەمك و ئاستەکانی ئاسایشی خۆراك پێناسەکراوە و دواتر جیاوازی لە نێوان دوو هەردوو چەمکی بەشی خۆ لە خۆراك و ئاسایشی خۆراك کراوە، چونکە لەبەر نزیکیان لەیەکەوە زۆرجار تێکەڵ بەیەك دەکرێن. لەبەشی سێیەمدا، باس لە قەیرانی ئاسایشی خۆراك و ئەو فاکتەرانەی لە پشت دروست بوونی ئەو دیاردەیەوە دەوەستن، کراوە. لەبەشی چوارەمدا، رێگاچارەکانی ئەو قەیرانەمان روونکردۆتەوە. بەشی پێنجەم، بۆ ناساندنی گرنگترین ئەو رێکخراوە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیانە تەرخانکراوە، کە رۆڵیان لە دابینکردنی خۆراك و کەمکردنەوەی قەیرانی خۆراکدا هەیە.لە بەشی کۆتایی سەرقەلەمێك لە رەوشی ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان باسکراوە و گرنگترین ئەو هەنگاوەکانەش دیاریکراوە کە لەسەر حکومەت پێویستە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خۆراك بیانگرێتە بەر دیاریکراوە.

**عەبدوڵلا ئەحمەد**

**هاوینی ٢٠٠٦ هەولێر**



# بەشی یەکەم

## هەندێ زاراوەی پەیوەندیدار بە ئاسایشی خۆراك

**یەکەم: خۆراك**

**دووەم: بەد خۆراکی**

**سێیەم: هەژاری و برسیەتی**

**چوارەم: مافی خۆراك**

## بەشی یەکەم

## هەندێ زاراوەی پەیوەندیدار بە ئاسایشی خۆراک

### یەکەم: خۆراك

لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم زەمینە، خۆراکی ناسیووە، خۆراکیش لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی دیکە و لە قۆناغێکی گەشەندن بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو، ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە و چەندایەتی و چۆنایەتی گۆڕاوە، کۆمەڵگا سەرەتاییەکان چەند خۆراکێکی سادەیان ناسیووە، کە لەگەڵ گوزەران و شێوە ژیانی سادەی ئەو سەردەمە و تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان (دار و بەرد) گونجاوبوون، ئەگەرچی زۆرێك لەو خۆراکانەی کە مرۆڤەکان بەکاریان دەهێنا (دەیانخوارد) زیاتر لە سروشتەوە وەردەگیران و ئالوگۆری پیشەسازیان بەسەردا نەدەهات، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و شێوازی ژیان و داهێنانی ئامێرو کەرەسەی کشتوکاڵکردن و پیشەسازی خۆراك، دەبینین رێژە و جۆری خۆراکەکانیش گۆراون و زیادی کردووون.

لەبەر ئەوەی بابەتی لێکۆلینەوەکەمان ئاسایشی خۆراکە وەك پێشەکیەك بۆ چوونە ناو بابەتەکەمان لەم بەشەدا بەباشی دەزانم باسی خۆراك و خۆراکی تەندروست و سەرچاوەکانی خۆراك و گرنگیەکانی و بەدخۆراکی (سوء التغذیة) و هەژاری و هێلی هەژاری (خط الفقر) و برسیەتی (الجوع) لە کۆتایشدا مافی خۆراك (الحق في الغذاء)، بکەین.

**خۆراك:** بەهەموو ئەو خواردنانەی مرۆڤ لە شلەمەنی و ماددەی رەق دەیانخوات دەگوترێت خۆراك، خۆراكی تەندروست ئەو خۆراكەیە كە پێداویستیە رۆژانەییەكانی جەستەی مرۆڤی تێدایە، دەكرێت سەرچاوەكانی خواردن بەم شێوەیە پۆلێن بكەین:

١- **ماددە پرۆتینیەكان** كە لە ئاژەڵ (گۆشت) و لە رووەك (نیسك) دەست دەكەوێت، گرنگی ئەم ماددە پرۆتینیانەش لە بونیادنانی جەستە و خانەكانی لەشی مرۆڤ و دروستكردنی خوێن و ئێسكی مرۆڤ دەردەكەون.

٢- **ماددە كاربۆهیدراتیەكان،** كە لەشەكر و هەنگویندا هەیە و بۆ بەخشینی ووزە و سوتاندنی پرۆتین و چەوری لە لەشی مرۆڤ گرنگی هەیە.

٣- **ماددە چەوریەكان،** كە لە (كەرەو بەزی) ئاژەل وەردەگیرێت یاخود لە رووەك لە زەیتون و كونجی و گولە بەرۆژە وەردەگیرێت، ئەمانەش ماددەیەكی وەزەبەخشن بۆ لەشی ئادەمیزاد.

٤- **ماددە كانزاییەكان:** لە پێكهاتەی لەش وەك رەگەزێكی گرنگ لە هەندێ شانە و ماسولكە و خرۆكەی خوێن و رژێنەكان كاردەكەن.

٥- **ڤیتامینەكان:** چەند رەگەزێكی گرنگن بۆ ژیان، چەندی مرۆڤ فرە رەنگی لە خۆراكدا بكات ئەوەندە ڤیتامینی زیاتر دەست دەكەوێ، هەروەها بەزۆری لە سەوزەكاندا هەیە، بەتایبەتی ئەو سەوزە گیایانەی كە راستەوخۆ (واتە ناكولێندرێن یا نا هاردرێن یا وشك ناكرێنەوە یا لە قوتی نانرێن) دەخورێن.

٦- **ئاو:** سێیەكی لەشی مرۆڤ ئاوە، بۆ لەشی مرۆڤ زۆر گرنگە، چونكە لە پێكهاتەی شانەو خوێن بەشدارەو كار لەتواندنەوەی پاشەڕۆ دەكات و بۆ دەرەوەی لەش پاڵیهەڵدەدات، هەروەها پلەی گەرمی لەش رێك دەخات.



**كەواتە،** كە دەڵێین خۆراك بە شێوەیەكی سەرەكی مەبەستمان لەو مادانانەن كە لە پرۆتین و كاربۆهیدرات و چەوری و كانزا و ڤیتامین و ئاوی تێدابێت، چەندی مرۆڤ فرە رەنگی لەم سەرچاوانەدا بكات ئەوەندە سودی پێدەگات.

## دووەم: بەد خۆراكی

بەد خۆراكی (سوء التغذية)هیچ پەیوەندییەكی بەبرسیەتی (الجوع)ەوە نیە، لە ئەنجامی ئەم فاكتەرانەی خوارەوە، پەیدادەبێت.

١- كەمی وزەی گەرمی بەخش.

٢- كەمی ڤیتامینەكان و ترشەكان.

٣- توش بوون بە هەندێ نەخۆشی كە وا دەكات كێشی لەش دابەزێ و ئارەزوو بۆ خواردن كەم ببێتەوە، سەرباری توش بوون بە سكچوون.

پەیوەندیەكی بەهێز لە نێوان لاوازی و چەندایەتی خۆراك و خراپی جۆری خۆراك (كەمی ڤیتامینەكان) و ئەو نەخۆشیانەی كە كەسی بەد خۆراك توشی دەبێ هەیە. جیاوازی نێوان برسیەتی (الجوع) و بەدخۆراكی (سوء التغذية)، ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە بۆچی منالآن لە هەموو دەستەیەكی دیكە زیاتر دەبنە قوربانی تەنگەژەی خۆراكی، ئەمەش لە بەرئەوەی ئەوان لە هەموومان هەستیارترن بە جۆر و چەندایەتی ئەو خۆراكانەی دەیخۆن، لە لایەكی دیكەوە لە بەرئەوەی مندالآن بە قۆناغی گەشەكردندا دەرۆن لە هەموومان زیاتر تووشی نەخۆشی دەبن.

## جۆر و شێوەکانی بەد خۆراکی

**دوو جۆری سەرەکی بەد خۆراکی هەیە:**

**١- بەد خۆراکی درێژخایەن:** بەرەبەرە تەگەرە دەخاتە بەردەم قۆناغی گەشەسەندنی منالّ و هەرزەکار، لێناگەڕێ کێش و قەبارەیان گەورەببێ، چەندی درەنگ بەتەنگ ئەوانەی توشی بەد خۆراکی بووینە، بچین، ئەوەندە بەد خۆراکییەکەی توند دەبێ و توشی نەخۆشی دەکات، بەهەرحالّ، جیاوازی نێوان کێش و قەبارە لە ئاماژە سەرەکیەکانی پیشاندانی مەترسی و ئالۆزی بەدخۆراکی درێژخایەنن.

**٢- بەدخۆراکی توند:** کە تووشی بەتەمەنەکان دەبێتەوە، لەئەنجامی بەکارهێنانی وزە گلّدراوەکانی لەشی نەخۆش پەیدادەبێ، لەچەند ڕۆژێکدا ئەو مادە وزە بەخشانەش نامێنن و ماسولکەکانی دەست بە پوکانەوە دەکەن، بەمەش لە بەدخۆراکی درێژخایەن بۆ بەدخۆراکی توند دەگوزێتەوە. بەراوردکردن لە نێوان کێش و بالآی مندالآن مەودای مەترسی گرفتی بەد خۆراکیمان بۆ بەدەردەخات، ئەگەر ڕێژەکەی گەیشتە کەمتر لە ٣٠٪ واتە گرفتی بەدخۆراکی گەیشتۆتە رادەیەکی مەترسی دار.خەسلّەتەکانی تووش بوون بە بەدخۆراکی، یەکەم ـ مراسمسوی، واتە بەکارهێنانی چەوروی ماسولکەی گلدراوەی لەش، دووەم ـ کواشیکور، واتە گلدانەوەی برێکی زۆر لە ئاو لەناو پێکهاتەکانی لەش و سەختی هەرسکردنی خۆراك، دەکرێت هەردوو حالەتەکە لەیەك کەسدا کۆببێتەوە.



### سێیەم: هەژاری و برسیەتی (الفقر والجوع):

هەریەکە لە (هەژاری) و (برسیەتی) ئەگەرچی لە ناوەرۆك دا زۆر لێك جودان، بەلاّم دوو ووشەی جمکن بۆ بابەتەکانی کۆمەلاّیەتی و ئابووری. لەلایەك یەکێکیان هۆکاری بوونی ئەوەی دیکەیان دەسەلمێنێ، لەلایەکی دیکەوە هەردووکیان لە ژینگەیەکی هاوشێوە و لە یەکچوو، بەدەردەکەون.

نیشانەکانی برسیەتی ڕاستەخۆ لە سەر دەستی ئادەمیزاد بە دەردەکەون، ئەمەش لە ئەنجامی کەمی (نەبوونی) خۆراکی پێویستە لەگەدەدا یا دابەزینی شەکر لە خوێن، پەیدادەبێ و مرۆڤە برسیەکە کێشی دادەبەزێ و ماسولکەکانی دەپوکێنەوە.

هەرچی بەد خۆراکییە وەك باسمان کرد، چەند گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە فرمانەکانی جەستە پەیدادەکات و چالآکی دەوەستێنێ، کەواتە لێرەدا دەکرێت جیاوازی لەنێوان بەدخۆراکی و برسیەتی دا بکەین، لەیەکەمدا مرۆڤەکە لە روخسار وەك مرۆڤی ئاسایی دێتە بەرچاو بەلاّم لە ناوەرۆکدا توشی سیستی کارکردن لە هەندێ لە ئەندامەکانی بەهۆی تێکچونی سیستەمی خۆراکەوە، هاتووە. هەرچی کەسی برسیە ئەندامەکانی چالاکن بەلاّم بەهۆی کەمی ماددە وەزە بەخشەکان (کە لەخۆراك دەست دەکەوێ) چەند نیشانەیەکی جەستەیی لێ بەدەردەکەوێت.

دەکرێت مرۆڤ لەبرسان بمرێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەش هیچ ماددەیەکی دەست ناکەوێت کە ووزەی لێ وەربگرێت و ژیانی بەردەوام بکات، بەلاّم مردن بەهۆی بەد خۆراکی لە ڕێگەی نەخۆشی کوشندەوە دەبێت، کە جەستەی مرۆڤەکە ناتوانێ لە بەرامبەریدا بەرگری بکات.

لەبەرئەوەی باسکردنی هەریەك لە هەژاری و برسیەتی، باسکردنێکە لە فەزای ئاسایشی خۆراك بەدەرنین، بۆیە لێرەدا باسی هەژاری و هێلی هەژاری (خط الفقر) و گرنگترین پێوانەکانی هێلی هەژاری و ئاماژەکانی پێوانەکردنی هەژاری، دەکەین.

راپۆرتی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا بەم شێوەیە باسی هەژاری کردووە (هەژاری دیاردەیەکی فرە لایەنە، لەگەڵ بوونی برسیەتی و بەدخۆراکی و کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و کەمی داهات و ئاوی خواردنەوەی خاوێن، پەیدادەبێ)[1]

هەرچی پرۆفیسۆر (**جارتیاسن**)ە، لە ژێر رۆشنایی پرەنسیپە ئابووریەکان پێناسەی دیاردەی هەژاری کردووە: (ئەوبارەیە کە تاك گوزەرانێکی تەواو و شایستە لەناو ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەژیت، بەدەست نایەنێ)[2]

هەرچی لیژنەی **ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی ئاسیایە**، بەم شێوەیە پێناسەی هەژاری کردووە:

(چەمکی هەژاری فرە لایەنە، هەرتەنها کەمی داهات نیە، بەڵکو مەحروم بوون لە تەندروستی و زانیاری و گەیاندن، دەگەیەنێ، هەروەها بێ توانایی تاك لە پیادەکردنی مافە سەرەکیەکانی و بێ بەری بوونی تاك لە کەرامەت و پشت بەستن بە خودو رێزگرتنیش، دەگرێتەوە)[3].

---

[1] تقدير مكافحة الفقر، الامانة العامة للامم المتحدة المجلس الاقتصادي والاجتماعي ٣٠/ نيسان- ٢٠٠١.

[2] د. علي عبدالقادر علي، الفقر مؤشرات القياس والسياسات، ص٢، عن الموقع (جسر التنمية).

[3] اللجنة الاقتصادية والاجتماعية آسيا تقرير حولة (الفقر وطرق قياسه)، الامم المتحدة، نيويورك ٢٠٠٣ عن الموقع الجسر التمتية.



لەم پێناسانەی سەروە ئەومان بۆ دەردەکەوێت کەوا ئاستی داهات، ئاستی گوزەرانی تاکمان بۆ دەردەخات، ئەوەی کەمترین ئاستی گوزەرانی دەست نەکەوێ بەهەژار دادەنرێت و لە هێلێك نزیك دەبێتەوە پێی دەگوترێت هێلی هەژاری (الخط الفقر). هێلی هەژاریش لە ولاتە پێشکەوتووەکان لە چەمکی داهات(الدخل)ەوە وەردەگیرێت، بەلام لەولاتە تازە پێگەیشتووەکان لە خەرجی بەکاربەرکان وەردەگیرێت، لە هەردوکیان ئاستی گوزەران دەردەکەوێت.

## هێلی هەژاری

جیاکردنەوەی سنورێك لە نێوان ئاستەکانی ژیان و گوزەرانی تاکەکان لەناو کۆمەڵگا لەلایەك و لە ناو کۆمەڵگایەکی دیکەوە، لەلایەکی دیکەوە کارێکی زەحمەتە. هەروەها هەژاری پەیوەندیەکی توندی بە بڕی داهات و بیروباوەڕی ئەو تاکەوە هەیە، کە بەنیازە بەو داهاتە، بەشێك لە پێداویستیەکانی دابین بکات. هەروەها ڕادەی رۆشنبیری و پێشکەوتنی شارستانی دووبارە خواستی تاك لەمەر پەیداکردنی شت زیاد دەکات. لەلایەکی دیکەوە خودی پێویستی(الحاجە) لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆیە دانانی و باسکردنی هێلێك بۆ دیارکردنی هەژاری و ئەوانەی لەبن هێلی هەژاری (تحت خط الفقر)دا دەژین، پێویستی بە بوونی پێوەرو میزانێك هەیە، تاکو بە ئەنجامێکی گشتگیرمان بگەیەنێ.

## گرنگترین ڕێگاکانی پێوانەکردنی هێڵی هەژاری

بەگوێرەی پێوەری نێوە دەوڵەتیەکان بۆ دیاریکردنی هێڵی هەژاری کەوا باوە بگوترێ (هەرکەسێ کە دۆلارێك یاکەمتر لە دۆلارێکی ڕۆژانە بەدەست بکەوێت، ئەوا ئەو کەسە لە ژێر هێڵی هەژاری دایە)[٤].

بیریارانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناکۆکیان لەسەر ئەم دیاریکردنەی هێڵی هەژاری هەیە، بۆیە بۆ دیاریکردنی هێڵی هەژاری بیریان لە داهێنانی چەند ڕێگایەك کردووە، لەدیاریترین ئەوانەش پرۆفیسۆر (مارتن رافالیۆن)ە، کە ئێستا لەبانکی نێو دەوڵەتی کاردەکات و لە دیاریترین ئەو کەسانەیە کە گرنگی داوە بە پێوانەی هەژاری و ئەو سیاسەتانەی کاریگەریان لەسەر دیاردەی هەژاری هەیە. هەروەها پرۆفیسۆر (ئەنتۆنی ئەتکنسۆن) لەزانکۆی ئۆکسفۆرد و (مارتیاسن) وەرگری خەڵاتی نۆبل لە زانستی ئابوری (ساڵی ١٩٨٩)، لەو کەسانەن بنەماکانی پێوانەکردنی هەژاریان داناوە. رۆبرت سامپرز دوو ڕێگا بۆ پێوانەکردنی هێڵی هەژاری دیاری دەکات، یەکەم: ڕێگای زاتی، ئەوەیە بچیت پرسیار لە خەلکی هەژار بکەیت، وەك بۆ دابین کردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانت چەندت لەداهات پێویستە؟ پێداویستە سەرەکیەکانیش کە خۆی لە (خواردنی تەندروست و شوێنی نیشەجێ بوون و فێرکردن و گواستنەوە) دەبینێتەوە، بەوەرگرتنی تێکڕای تێچون دەتوانین بگەین بە هێڵی هەژاری زاتی (الخط الفقر الذاتي)، دووەم ڕێگای زانستی بۆ پێوانەکردنی هێڵی هەژاری، ئەویش بە دوو ڕێگا دەپێورێت[٥].

[٤] عولمة الفقرن نحو عالم أكثر بؤساً، عبدالكريم محودى عن الموقع www.middle.east.online في ٢٠٠٤/٧/٢١.

[٥] د. علي عبدالقادر علي، الفقر: مؤشرات القياس والسياسات ص٦، هەمان سەرچاوە.



### أ- لە ڕێگای پێوانەکردنی بەکاربردنی وزەی خۆراکی

ئەم پێوانە کردنە پێویستی بە زانیاری وەرگرتن لەسەر هەر تاکێك یا خێزانێك هەیە، واتە پێویستە بزانین ئەو خێزانە ڕۆژانە پێویستی بەچەند (کالۆری) گەرمی هەیە وکۆی ئەو خەرجیانەی کە لەم (کالۆریان)ە دەیانکات چەندە؟

**بابزانین چۆن نرخی گەرمۆکە دەپێوین؟**

زانینی بری وزەی خۆراکی ڕۆژانە گرنگە، بۆ ئەوەی بزانین ڕۆژانە مرۆڤ پێویستی بەچەند لە خۆراك هەیە؟ بری وزەی خۆراك بە یەکەی پێوەری گەرمۆکە (سعرات الحرارية) دەپێورێت، هەرپێکهاتەیەکی خۆراك بری وزەکەی جیاوازە، بۆ نموونە بری وزەی کاربۆهیدرات (٤١,٥) کیلۆ گەرمۆکەیە بۆ هەر (١گم) و بۆ پرۆتین بە (٥,٥٦) کیلۆ گەرمۆکە بۆ هەر (١گم) دادەنرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو وزەیە لەناو لەشی مرۆڤ وەك ئەوە نیە لە دەرەوەی لەش بەدەست دێت بۆیە زانایان بەم شێوەیە دابەشی دەکەن:

| | | |
|---|---|---|
| ا گرام لە کاربۆهیدرات | ← | ٤ کیلۆ گرام گەرمۆکە |
| ١ گرام لە پرۆتین | ← | ٤ کیلۆ گرام گەرمۆکە |
| ١گرام لە چەوری | ← | ٩کیلۆ گرام گەرمۆکە |

کەواتە ئەگەر وزەی دەست کەوتوو لەیەك نانی (١٠٠) گرامی کە لە (٥٨٪ کاربۆهیدرات و ٩٪ پرۆتین و ١٪چەوری) پێکهاتبێ بەم شێوەیە حسابی دەکەین.

٥٨×٤= ٢٣٢ کیلۆ گەرمۆکە لە ٥٨ گرام کاربۆهیدرات

٩×٤= ٣٦ كیلۆ گەرمۆكە لە ٩ گرام پرۆتین

١×٩= ٩ كیلۆ گەرمۆكە لە ١ گرام چەوری

**كۆی گشتی ٢٧٧ كیلۆ گەرمۆكە لە ١٠٠ گرام نان**

ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی ڕۆژانە (٢٥٠٠) كیلۆ گەرمۆكەی بۆ مرۆڤی ئاسایی دیاریی كردووە، ئەم بڕەش وەك ناوەندێك وەرگیراوە، ئەگینا گەرمۆكە وزە، لەكەسێكی ئیشكەر بۆ كەسێكی حەساوە لە منداڵێكەوە بۆ گەورە، لە ئافرەتێكی دووگیان بۆ كچێك، جیاوازە. هەریەكە لەمانە، پێویستیان بە بڕی جیاواز لەو گەرمۆكانە هەیە. لەم دیاریكردنەدا تەنها خەرجی بۆ دەستكەوتنی خۆراك لەبەرچاو گیراوە خەرجیەكانی لایەنەكانی دیكە(جل و بەرگ و خانووبەرە و هاتووچۆ...هتد) هیچ حیسابێكی بۆ نەكراوە، بۆیە ئەم ڕێگایەش ڕوو بەرووی گەلێ ڕەخنە دەبێتەوە، كە دواتر باسی دەكەین.

### ب- لە ڕێگای پێوانەكردنی خەرجی پێداویستە سەرەكیەكان

ئەو ڕێگایە لەلایەن (ڕوانتەری) پێشنیازكراوە، كە پێداویستیە سەرەكیەكانی مرۆڤی بەوە پێناسەكردووە (ئەوانەن كە بۆ پارێزگاری چالاكی جەستەیی مرۆڤ پێویستن)، هەژاری بەوە پێناسە كردووە كە (ئەوانەن ناتوانن خەرجی ئەو پێداویستیانە دابین بكەن)، مەبەستی (ڕوانتەری) لە پێداویستە سەركیەكانیش، ئەوانەن كە خۆراكین، نەوەك پێداویستیەكانی دیكە وەك (جل وبەرگ و خانووبەرە و هاتووچۆ... هتد).



**لەم پێوانەیەدا دوو خاڵ دیاری دەكەین:**

**یەكەم**، ئەگەر وای دابنێنین داهاتی هەژارەكە جێگیرە و نرخی خۆراك لە بەرزبوونەوەدایە، ئەمەش زیاتر هەژار بوونی ئەو كەسە دەگەیەنێ.

**دووەم**، بە پێچەوانەوە، ئەگەر نرخی خۆراك جێگیربێت، بەڵام داهاتی هەژارەكە كەم بێت، دووبارە ئەو كەسە زیاتر لە هەژاری ڕوو دەچێت.

هەرچی لێژنەی ئابووری و كۆمەڵایەتی سەربە نەتەوەیەكگرتووەكانە ڕایەكی دیكەی بۆ پێوانەكردنی هێڵی هەژاری هەیە، كە بە ڕای من زیاتر لە واقعەوە نزیكە. ئەو لیژنەیە لە ڕاپۆرتێكدا بەناوی (هەژاری و ڕێگاكانی پێوانەكردنی هەژاری) كە لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوكراوەتەوە[٦]، بەم شێوەیە پێوانەی هەژاری دەكات:

لەكاتی پێوانەكردنی هەژاریدا، پێویستە سەرەتا **ئەم چوار پرسیارە** وەڵام بدەینەوە.

١- ئاماژەكانی ئاستی گوزەران چیە كە بۆ پێوانەكردنی هەژاری بەكاردەهێنرێت؟

٢- لەسەر چ یەكەیەك ئەو ئاماژانە پێویستە بپێورێن؟

٣- چۆن جیاوازی نێوان هەژارو نا هەژار بكەین؟

٤- چۆن هەژاری توند لەم پێوانانە دیاری بكەین؟

ئەم هەموو پرسیارانەش پەیوەندی ڕاستەخۆیان بە پرسیارێكی گشتی دیكەوە هەیە ئەویش (چۆن بوژاندنەوە دەپێوین)؟

[٦] اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا، هەمان سەرچاوە.

پێشتر بەهۆی (کۆی داهاتی نەتەوەیی) بوژانەوەی ئابوری دەوڵەتمان دەپێوا، بەڵام لە هەشتاکانەوە ئەوە بەدەرکەوت کە هەندێ وڵاتی تازەپێگەیشتوو لەگەڵ ئەوەی داهاتی نەتەوەییان بەرەو باشی چووە، کەچی هێشتا هەژاری تێیدا بڵاوە، هێشتا جیاوازی نێوان داهاتی تاکەکان زۆرە و ئاستی بێکاری باڵایە. ئەمەش ئەوەی روونکردەوە کە داهاتی نەتەوەیی، تاکە ئاماژەی زانینی ئاستی هەژاری روون ناکاتەوە، پێویستیمان بە ئاماژەی دیکە هەیە، بۆ زانینی تێکرای هەژاری. ئەو ئاماژانەش بریتین لە:

**١- هەژاری ماددی یا هەژاری داهات**

هەژاری واتای جیاکردنەوەی هەژار لە ناهەژارە، دیاریکردنی هەژار وا دەخوازێت هەژار و ناهەژاری دیاری بکەین، لێرە پێوستە دوو پرسیار وەڵام بدەینەوە:

**یەکەم**، ئەو ئاماژەیەی ئاستی گوزەرانە چیە، کە پێویستە بۆ پێوانەکردنی ئاستی گوزەران بەکاری بهێنین؟

**دووەم**، چۆن جیاوازی نێوان هەژارو ناهەژار بکەین؟

**٢- خۆشگوزەرانی**

سەرەتا پێویستە بزانین ئەو فاکتەرو ئاماژانە چین کە خۆشگوزەرانی دیاری دەکەن، بەچی خۆشگوزەرانی بپێوین؟ زۆر ئاستی ژیان هەیە، هەژار لەناو کۆمەڵگا ئەو کەسەیە کە ناتوانێ بگاتە ئاستی گوزەرانێکی شایستە، بەڵام زۆر فاکتەر هەن ئاستی گوزەران دیاری دەکەن، ئەوانیش کار لە خۆشگوزەرانی دەکەن و هەرتەنها بەئاستی داهات و خەرجی بەدەرناکەوێت. خۆشگوزەرانی بەشێوە ماددیەکەی ناپێورێ، بەڵکو توانای بەدەست هێنانی (تەندروستی و فێرکردن و



ئاوی خاوێن و ئاوەرۆ و ئاسایش) دەگرێتەوە. کەواتە هەژاری ئەوەیە تاکەکان نەتوانن لایەنی کەمی خۆراك و پۆشاك و شوێنی حەوانەوە، بەدەست بێنن.

**٣- کامیان باشترە پێوانەکرندنی هەژاری، داهات یان خەرجیەکان؟**

زۆر کەس پێی باشترە دیارخەری خەرجی لە جیاتی بەکارهێنانی داهات بۆ خۆشگوزەرانی بەکاربێنێ، ئەمەش لەبەر ئەو راستیەیە کە داهات مەرج نیە هەمووی خەرج بکرێت، هەروەها خەرجیش هەمووی لەرێگای داهاتەوە دابین ناکرێت، چونکە سەرجەم بەکاربەرەکانی خێزان نەتەنها بە داهات و نە بە پاشەکەوت (مدخرات) کردنەکانی پێشوتری دابین دەکرێن، لایەنێکی گیروگازی(الاشكالية) ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کەداهاتی هەژاران لە کاتێك بۆ کاتێکی دیکە دەگۆڕێت، کەچی خەرجیەکان رێژەیەك لە ئەلتەرناتیڤ (بدائل) ی پێوە دیارە.

**٤- هێلی هەژاری**

هەلبژاردنی هێلی هەژاری هەنگاوێکی گرنگە، کە بەهۆیەوە دەتوانین تێکرای هەژاری (معدلات الفقر) دیاری بکەین، ئامانجیش لەمە چاودێریکردنی دابەزینی هیلی هەژاریە.

هیلی هەژاری بەهای ئەو خەرجیانە دەگرێتەوە کە پێویستە تاك بیگاتێ بۆ ئەوەی بە تاکێکی هەژار دانەنرێت. لە توێژینەوەی هیلی هەژاریدا چەند تێبینەیەك تۆمار دەکرێت لەوانە:

أ- نابێت ئەو کەسەی کە بەئارەزوی خۆی خۆراکی کەم یا گرانبەها دەکرێت بە هەژارتر لە کەسێکی دیکە کە لە گوند دەژێت، دابنێین، ئەمە ئەگەر ئەم دووانە هەردووکیان لە هەمان ئاستی گوزەرادا بوون.

ب- هەژاری خەسلەتێکی رەهای نیە، واتە ئەوەی ئەمرۆ لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بە هەژار دادەنرێت مەرج نیە لە کۆمەلگەیەکی دیکە و لە کاتێکی جیاواز هەر بەهەژار بژمێردرێت، بەمەش هەژاری دەبێتە مەسەلەیەکی رێژەیی گرێدراو بە کات وشوێن.

ج- لە پێوانەکردنی هیلی هەژاری، پێویستە حساب بۆ هێزی کڕین کە بە جۆرەها دراو ئەنجام دەدرێت، بکرێت.

د- هەروەها پێویستە جیاوازی لەنێوان ناوچەکانی ولاتیش بکەین، نەوەك هەر لەنێوان شار و گوند، بەڵکو لەنێوان ئەو ناوچانەی کە ئاستەکانی نرخ بەرزترە لەچاو ناچەیەکی دیکە.

هـ- مەسەلەی تەمەن لە دیاریکردنی هێلی هەژاری، لە خێزانێك بۆ خێزانێکی دیکە جیاوزە، وەك ئاشکرایە پێداویستیەکانی ئەو خانەوادانەی کە مندالیان زۆرە لە چاو ئەوانەی بە تەمەنن جیاوازە.

سەرجەم مەزەندەکانی هەژاری لەسەر دیاریکردنی هێلی هەژاری وەستاوە، هیلی هەژاریش بەهۆی بەراورد کردنی خەرجیەکانی شمەك و خزمەتگوزاریەکان کە خۆی لە پێداویستە سەرەکیەکانی مرۆڤ دەبینێتەوە، دیاری دەکرێت. لە ولاتە تازە پێگەیشتوەکان کرۆکی پێکهاتەی پێداویستە سەرەکیەکان (خۆراکە) خۆراکیش ئاستی داواکراو لەیەکی گەرمی (کالۆری) بۆ لەش دابین دەکات. زانایانی خۆراك لەسەر ئەوە رێککەوتوون، کە زۆربەی داهاتی هەژاران بۆ خواردن دەچێت، بەلام



خەرجیەکان بەهۆی نرخی باو (سعر السائد) لەناوچە جیاجیاکان و چەند ساڵێك وەردەگرێت، بەم شێوەیەش هیلی هەژاری خۆراك (خط الفقر الغذائی) دیاردەکرێت.

**چوارەم: مافی خۆراك**

یەکێ لە ئامانجە سەرکیەکانی رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (FAO)، رزگارکردنی مرۆڤایەتیە لە برسیەتی، لەکۆنگرەی لوتکەی جیهانی خۆراکی کە لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٩٦ گرێدرا، جەختی لەسەر مافی هەموو کەسێك لە دەست کەوتنی خۆراکێکی تەندروست کردەوە، لەپاڵ جەخت کردنەوەی لەسەر مافی خۆراك وەك یەکێك لە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ، هەر لەو کۆنگریەدا، داوا لە کۆمسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ کرا، کە پێناسەیەکی گرێدراو بە مافەکانی خۆراك دابنێ کە شێوازەکانی بەدیهێنانیشی تێدا روون کرابێتەوە[٧].

دانانی پرەنسیپێك کە ولاتان ناچار بکات، ئامانجە خۆراکییەکان دیاری بکەن و سیاسەتێك دابرێژن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانە، بەشێك لە ئەرکەکانی دەوڵەت بەرامبەر هاولاتیانی کەم دەکاتەوە. هەروەها ئەمە پێویستی بە دارشتنی یاساو بەشداری پێکردنی هەژار و برسیەکانیش هەیە لە بەرنامەیەکی دژە برسیەتی، بەمەش حالەتی برسیەتی و مەسەلەی برسیەتی و هەژاری دەبێتە مەسەلەیەکی ئەخلاقی و سیاسی وا کە زیاتر گرنگی پێبدەین لەبەر رۆشنایی تێگەیشتن لە چەمکی (ئاسایشی خۆراك)، کە رێوشوێنی بەردەست کردنی خۆراك دەگەیەنێ، چەمکی مافی خۆراك دەبێتە کێشەیەکی سەرەکی، چونکە مافی خۆراك بەبێ ئاسایشی خۆراك ئامادە نابێت. تێگەیشتن لەو مافەی مرۆڤ کە

---

[٧] شبكة منظومة الامم المتحدة المعنية بالتنمية الريفية والامن الغذائي. ملف الوثائق، الحقائق الغذاء.ص١٥.

لەسەر ئاسایشی خۆراك وەستا سنورەكانی خواست (طلب) و خستنە روو(عرض)ی ئابووری لەلایەك و پێویستی بۆ خۆراك لە لایەكی دیكەوە، دەبەزێنێ. بەواتا ئێمە كاتێ باوەرمان بە مافی خۆراك بۆ مرۆڤەكان هێناو رێوشوێنی ئاسایشی خۆراكمان گرتەبەر، ئەوا بە چەندین هەنگاو لە بەرقەراكردنی ئەو مافە و دابینكردنی خۆراك بۆ هاولاتیان نزیك كەوتووینەوە.

لەو دیوی یاسا ئابوورییەكان كار بۆ پەیداكردنی خۆراك دەكرێ، چەمكی مافی خۆراكیش چەمكێكی بێلایەنە و بەسەر هەموو چەمكەكانی دیكە تێدەپەرێ، ئەو مافە دەدرێت بە هەموو كەسێكی برسی و تووش بوو بە بەدخۆراكی، ئەم مافە وەك مافێكی مرۆڤانە، لەسەر رووی دەوڵەتەوەیە، كەچی ئاسایشی خۆراك لەناو كایە سیاسیەكانەوە، كاری بۆ دەكرێت.

## سەرچاوە و رەوشە هەنوكەییەكانی مافی خۆراك[8].

سەدەی روناكبیری ئەوروپی گەورەترین پێشەكەوتنی لە بواری مافەكانی مرۆڤ بەخۆیەوە بینیووە، سەرەتا ئەم مافانە خۆی لە مافە مەدەنی و سیاسیەكان دەبینیەوە، دواتر مافە ئابووریەكانیشی بەدوا داهات، یاساناسەكان لەسەر ئەوە كۆكن، كە مافەكانی مرۆڤ كیانێكی یەكپارچە دروست دەكەن، هەروەك ناكرێت هیچ گەلێك بەبێ مافە ئابوورییەكان بە مافە سیاسیەكان بگات ئاواش ئەو مافە ناكرێت پارچەپارچە بكرێت یا نۆرە بڕی لەسەر بكرێت.

مافی ئابووری، گەشەناكات و زامن ناكرێت بەبێ بەرقەراركردنی مافە سیاسی و مەدەنیەكان (ئازادی رادەربرین).گرنگی مافی ئابووری وەك مافە سیاسیەكان، بۆ ئەوەی دەوڵەت ئەو مافە دەستەبەر بكات، دەوڵەت ناچار دەبێت جۆرەها شێواز بۆ هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ یاساو رێساكاندا بگرێتەبەر.

[8] تعبئة الموارد لضمان الحق في الغذاء، منظمة الزراعة والغذاء، تقرير خاص حولة (الحق في الغذاء) ص٣.



مافی خۆراك پێشتر لە ماددەی ٢٥ی جارنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤ، كە لەساڵی ١٩٤٨ دەرچوو بوو، باسكرابوو، دواتر بەشێوەیەكی ووردتر لە بەڵێنامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابووری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەكان، كە لەساڵی ١٩٦٦ پەسەندكرابوو، دیاریكرا. ماددەی ١١ لەو بەڵێنامەیە بەم شێوەیە باس لە مافی خۆراك دەكات: (هەموو كەسێك مافی خۆراكی هەیە لە هەر ئاستێكی گوزەراندابێت).

ئەم مافە هەندێ جار بەشێوەی تایبەت و لەرێگەی یاساو رێككەوتنە نێودەوڵەتیەكانەوە دەپارێزرێت وەك ( رێككەوتنامەی مافەكانی منداڵ) و هەندێجاریش بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ وەك (ریككەوتنامەی پارێزگاریكردن لە كرێكاران). تائێستا نزیكەی ١٤٢ دەوڵەت بەڵێنامەی مافە ئابووری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەكانیان پەسەندكردووە، كەچی كەمێك لەو وڵاتانە پابەندی خۆیان بەم مافانە پیشانداوە.

## ناساندنی ماف لە خۆراكدا

لێدوانی گشتی ژمارە ١٢ی تایبەت بە بەڵێننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكان بەم شێوەیە پێناسەی مافی خۆراكی كردووە:-

(ئەو كاتە مافی خۆراك دەستەبەر دەكرێت، كە هەموو كەسێك چ بەتاك چ بەكۆمەڵ، لەهەموو كاتێ، بتوانێ خۆراكی تەواو یا هۆكارەكانی كڕینی لەبەردەست دابێ[9].

[9] التعليق العامة رقم ١٢ الخاص بالعهد الدولى للحقوق الاقتصادية والاجتماعية، الدورة العشرون، عام١٩٩٩.

نابێ ئەم مافە لە نزمترین ئاستیدا لەدابین کردنی کالۆری(سعرات الحراریە) حسابی بۆ بکرێت. دابین کردنی ئەم مافە خۆی لە دابینکردنی خواردن لەرووی چەندایەتی و جۆرایەتی دەبینێتەوە، کە هەموو تاکەکان تێر بکات، پێویستە ئەو خواردنە هیچ مادەیەکی زیان بەخشی تێدانەبێ، بە بەردەوامی لەبەردەست دابێ و بەدەستهێنانی ئەم مافە نابێت لەگەڵ مافەکانی دیکەی مرۆڤ ناکۆک بێت.

خەسلەتێکی دیکەی دابینکردنی ئەم مافە، ئەوەیە کە دەبێت لەهەموو ئان و ساتێك، لەسەر حیسابی هیچ یەکێك لە پیداویستیەکانی دیکەی مرۆڤ تەواو نەکرێت، بەمانایەکی دیکە ئێمە کە دێین قسە لەسەر ماف لە خۆراك دەکەین، ناکرێت لە تەواوی مافەکانی دیکەی مرۆڤ دابیڕێنین، هەروەك چۆن ناکرێت هاولاتی مافی کارکردن و بیمەی بێکاری و مافی تەندروستی نەبێ و مافی خۆراکی هەبێ، چونکە ئەم مافانە یەکێك ئەوانی دیکە تەواو دەکات و گرێدراوی یەکترن. پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ماف لە خۆراك و کەمکردنەوەی قورسایی هەژاری هەیە، ئەم پەیوەندیەش بۆتە یەکێك لەو بوارانەی هەندێ لە ئاژانسە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە یارمەتی دان کاری لەسەر دەکەن.

برسیەتی یەکێکە لە رووخسارە سەرکیەکانی هەژاری، نەوەك تاکە رووخسار، چارەسەرکردنی هەژاری بۆ زۆربەی کەس، واتە چارەسەرکردنی برسیەتی، ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریخستووە کە ئەوانەی لە هەژاریەکی قورس دا دەژین دوو هێندەی ئەوانەن، کە لە برسیەتی درێژ خایەندا دەژین.

ماف لە خۆراکدا واتە پابەندکردنی دەوڵەت بە دابینکردنی خۆراك بۆ هاولاتیە هەژار و برسیەکانی، هەندێ کەس و لایەن نیگەرانی خۆیان لەمەر پابەندی دەوڵەت (التزام الدولة) دەربڕی و مەترسی ئەوەیان پیشاندا، نەوەك ئەم مافە بودجەی دەوڵەت هەڵوشێ و ئیدی هاولاتی بۆ داواکردنی ئەم مافە روو لە



دادگاکان بکات. بەڵام (ئەسبپۆرن عەبد) بەرێوەبەری پێشووی پەیمانگای نەرویجی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئەندامی لیژنەی فەرعی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پالپشتیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، چوارچێوەیەکی بۆ مافی خۆراك دارشت و ئەو نیگەرانی و مەترسیانەی رەواندەوە، ئەسبپورن عەبد پابەندیەکانی دەوڵەتی بۆ دابین کردنی ماف لە خۆراك بۆ دوو رێوشوێن گرتنەبەر گەڕاندەوە ئەوانیش[١٠].

١- **ئاسانکاری:** ئەمە وا لە دەوڵەت دەکات کە هەموو رێوشوێنێکی یاسایی و ئیداری و دارایی دادوەری بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە بگرێتەبەر.

٢- **یارمەتی دان: بەهاناوەهاتن:** لەسەر دەوڵەت پێویست دەکات کە یارمەتی خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی راستەو خۆ بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە پێشکەش بکات.

[١٠] تعبئة الموارد لضمان الحق في الغذاء، هەمان سەرچاوە ص ٤.

# بەشی دووەم

# ئاسایشی خۆراك

### ١- چەمكەكانی ئاسایشی خۆراك

* خواردنی تەواو
* عەمبارەكانی خۆراك
* شێوازەكانی خۆراك
* تەرازوی بازرگانی خۆراك
* تیرۆری خۆراك
* ئاسایشی نەتەوەیی
* ئاسایشی ئابووری
* ئاسایش تەكنەلۆژی
* ئاسایشی دارایی
* ئاسایشی ئاو

### ٢- كشتوكاڵكردن

### ٣- چەمكی بەشی خۆ لە خۆراك و ئاسایشی خۆراك

### ٤- پێكهاتەكانی ئاسایشی خۆراك

### ٥- ئاستەكانی ئاسایشی خۆراك

# بەشی دووەم: ئاسایشی خۆراک

### ١- چەمکی ئـاسایشی خۆراک

لە مێژە مرۆڤایەتی برسیەتی ناسیووە، چۆنیەتی زاڵ بوون بەسەر برسیەتی و پەیداکرنی خۆراك و زیادکردنی سەرچاوە خۆراکییەکانی زانیووە، هەر لەم پێانەوەشەوە، گرنگی بە خۆراکداوە و لە مەوداکانی گرفتی خۆراك (کەمی خۆراك، بەد خۆراکی، کەلێنی خۆراك، خۆراکی خراپ...)ی کۆلیوەتەوە، تا بەدەرکەوتنی چەمکی ئاسایشی خۆراك رێکخراوە و دامەزراوە نێو دەوڵەتیەکان خستیانە روو، وەك باقی چەمکەکانی دیکەی (ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی سەربازی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نیشتمانی...هتد) لەلایەن پسپۆران و توێژەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگی زۆری پێدرا.

پێناسە گەلێکی جۆراو جۆر بۆ چەمکی ئاسایشی خۆراك (الامن الغذائي ـ food suecurity) کراوە، هەولدەدەین لێرەدا، ئاماژە بە هەندێکیان بکەین، بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەو چەمکە بکەین، سەرەتا هۆکارەکانی گەڵاڵەبوونی ئەم چەمکە باس دەکەین.

ئەوانەی گرنگی بە ئاسایشی خۆراك دەدەن، سەرەتای دەرکەوتنی ئەو چەمکە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە[١١]، بەتایبەتی دوای روودانی ئەو قەیرانە ئابوورییە ( الازمە الاقتصادیە) ی کەکاریگەری لەسەر زۆربەی وڵاتان

[١١] د. زياد الحافظ، أزمة الغذاء في الوطن العربي، معهد الانماء العربي، دار النشر والطباعة، بيروت ١٩٧٦، ص١١.

دانا، هەروەها کۆنگرەی جیهانی بۆ خـۆراك (المؤتمر الغـذاء العـالمي) کـە سـاڵی ١٩٧٤ لە رۆما بەسترا، سەرنجی وڵاتانی بۆ کێشەی خـۆراك و ئـەو مەترسـیانەی کە کەمی خۆراك لەسەر کۆمەڵگاکانی دروست دەکات، راکێشا.

هەر لەو کۆنگرەیەدا بوو ئەنجوومەنی جیهانی خۆراك (مجلس العالمي للتغذيـە) بـە ئامانجی پەرپێدانی بەرهەمی خۆراکی و بازارەکانی مـاددە خۆراکییـەکان، هاتـە دامەزرانـدن. کەواتـە چـەمکی ئاسایـشی خـۆراك، چـەمکێکی تازەیـە، بـۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی کەمی خۆراك (الـنقص في الغـذاء) و سـەلامەتی خـۆراك (أمان الغذاء) و کەمی بەرهەمـە خۆراکییـەکان و بەرزبوونـەوەی نرخـی مـاددە خۆراکییەکان و زۆری بەکارهێنانی خۆراك بەهۆی زۆر بوونی دانیشتوان، هاتۆتـە نێو باسە سیاسی و ئابووریەکانەوە.

زیاد بوونی رێژەی هەژاری و برسیەتی لە جیهـان وای لـە زۆرێـك لـە بیریـاران و ئەوانەی لە بواری سیاسی و نێودەوڵەتیەکان کاردەکـەن، کـە زیـاتر لەسـەر ئـەم چەمکە هەڵوێست بکەن، ئەو ئامار و سەر ژمێریانەی رێکخراوەکـان (خـۆراك و کشتوکاڵی جیهانی و تەندروسـتی جیهـانی) لـەبارەی برسـی و هـەژاران بـڵاوی دەکەنەوە، گەورەیی ئەو مەترسیانە روون دەکەنەوە:

١,٥ ملیۆن کەس لە جیهان داهاتی رۆژانەیان کەمترە لە دۆلارێکی ئەمریکی

٨٤٠ ملیۆن برسی لە جیهان هەیە

٥٠ ملیۆن ئەمریکی لە ژێر هێڵی هەژاری دەژین

٣٠ ملیۆن روسی لە ژێر هێڵی هەژاری دەژین.

یەك ملیۆن لە وڵاتانی عەرەبی لە ژێر هێڵی هەژاری دەژین

٤٥٪ی دانیشتوانی ئەمریکای باشوور کاریبی هەژارن

ملیۆنێك و سێسەد کەس لە جیهان گرفتی کەم خۆراکیان هەیە

٢ ملیۆن منداڵ گرفتی کەمی پرۆتینیان هەیە.



پێناسەکردنی ئاسایشی خۆراك، بە گـوێرەی تێروانینـەکانی ئەوانـەی پێناسـەکە دەکـەن، دەگۆرێـت. هەیانـە وەك گرفتێکـی جیهـانی سـەیری دەکـات بـە (دەستەبەرکردنی برێکی تەواو لـە خـۆراك و پێـشکەش کردنـی بـە دانیـشتوانی جیهان) پێناسەی کردووە. هەیانە وەك گرفتێکی ئیقلیمی سەیری دەکات، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (بێ توانایی کۆمەڵ دەوڵەتی ناوچەیەکی دیاریکراو کە بەدەست لاسەنگی خۆراك (العجز الغذائي) ەوە دەنـاڵێنن، لەبەرزکردنـەوەی ئاستەکانی بەکاربردنی خۆراك).

ئەوانە ئاسایشی خۆراك بە گرفتێکی نەتەوەیی سەیری دەکەن، چارەسەرکردنەکەی بە دابین کردنی خۆراکی تەندروست و چاك لە هەموو کاتـێ بـۆ هـەموو کەسـێ، دەزانن).

پێش ئەوەی بەدرێژی باسی چەمکی ئاسایشی خۆراك بکەین، پـێم باشـە باسـی چەند چەمکێکی دیکە نزیك لە چەمکی ئاسایشی خۆراك بکەین لەوانە:

### ⋆ خواردنی تەواو

ئەو رێگایەی کە بەهۆیەوە خواردنی تەواو(كفاية التغذية) دیاری دەکەین، بەهۆی دابەشکردنی بڕی بەرهەمی خـۆراکی خۆمـاڵی و بـڕی خـۆراکی هـاوردە بەسـەر ژمارەی دانیشتوان، بەمەش بەشی هەرتاکێك لە خۆراکمان دەست دەکەوێت چ لە رۆژیکدا یا لە ساڵێ.

هەروەها دەتوانین ئەو کالۆریە گەرمیانەش (کیلۆ گەرمۆکە) بەشە خۆراکەی هـەر تاکێك دیاری بکەین[١٢]:

[١٢] سردار عثمان خدر، دور الحبوب في تقرير الامن الغذائي في أقليم كردستان، العراق، رسالَة مقدمة الى مجلس كلية الادراة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٢ ص٢

خواردنی تەوا = بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی + خۆراکی هاوردە / ژمارەی دانیشتوان

بۆ نموونە ئەگەر خواردنی نان (گەنم) وەربگرین لە وڵاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ۲ ملیۆن کەس بێت و بەرهەمی گەنمی خۆمالیەکەی ساڵانە ۸۰۰ هەزار تەن و ۲۰۰ هەزار تەنیش هاوردە بکات

۲۰۰۰۰۰ + ۸۰۰۰۰۰ / ۲۰۰۰۰۰۰

واتە هەر تاکێك ساڵانە ۵۰۰ گغم نانی دەستکەوێت، بۆ ئەوەی ڕێژەکە ڕۆژانە دەربچێت ئەو ئەنجامە دابەش **۳٦۵** ڕۆژ دەکەین.

### ★ عەمبارەکانی خۆراك

لەبەرئەوەی خۆراك خاسیەتێکی تایبەتی هەیە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەش و هەواو ژینگەوە، لەلایەکی دیکەوە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە، بیرۆکەی گڵدانەوەی خۆراك وەك خۆئامادەکردنێك بۆ بارە لە ناکاوەکان وەك وشکە ساڵی و قەیرانە سیاسیەکان و شەڕ و جەنگەکان و گەمارۆی ئابووری واتە دابینکرنی خۆراك بۆ ماوەیەکی کورت.

### ★ شێوازەکانی خۆراك

شێوازی خۆراك ئاماژیەکی ئامار ئامێزە(الاحصائی) بۆ ئەو گەشەسەندنانەی کە بەسەر ئاستی گوزەرانی خەڵك دا هاتوون، هەروەها ڕەگەزێکی دیاری بواری نەخشەکێشانی خۆراکە بەکارهاتووەکانن، لەوێشەوە دەتوانین سیاسەتی نرخ و



هاوسەنگی نێوان خواست و خستنە روو، هاوسەنگ بکەین. شێوازە خۆراکییەکان بە داب و نەریتە باوەکانەوە گرێدراون و بە ئاسانی ناگۆڕێت. زۆر جار داب و نەریت، دەبێتە ڕێگر لە بەردەم هێنانی چەند پۆلێکی دیکەی خۆراکی باش و پڕ بایەخ، خەلك بەردەوام ئەو خۆراکانەیان پێ باشە کە لە مندالیەوە دەیخۆن و پێی ئاشنان و لەسەری راهاتوون، گرنگە لە دیاریکردنی بڕی پێداویستیە خۆراکییەکان لێکۆڵەر زانیاری لەسەر سێوازی خۆراکی ئەو هەرێمەی کە بەنیازە دیراسەی بکات بزانێت.

### ★ تەرازووی بازرگانی خۆراك

لەبەرئەوەی دەوڵەتان گرنگیەکی زۆر بە ماددە خۆراکییەکان دەدەن، بۆیە سەیر نیە ببینین کە بابەتە خۆراکییەکان لە لیستی پێشەوەی بازرگانی دەرەکیەوە دێن. تەرازووی بازرگانی خۆراك خۆی لە هاوردە خۆراکییەکان و ناردەنیە خۆراکییەکان دەبینێ، ئەم دووانەش یەکێکە لە بابەتەکانی تەرازووی بازرگانی کشتوکاڵییەکان. بەشێوەیەکی گشتی تەرازووی کاڵا خۆراکییەکان، ڕەنگدانەوەی زیادەی هاوردەکانی بەرهەمە کشتوکاڵیە خۆراکییەکانن، زیادەی هاوردەکانیش بە هۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان و زۆر بوونی داهاتی تاکە کەسەوە، دێت، یا بەهۆی زیادەی ناردەنیەکانەوە دەبێت، کە ئەمەش لەرێگەی سەرکەوتنی بەرنامەکانی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیەوە دابین دەکرێت.

### ★ تیرۆری خۆراك

تیرۆری خۆراك لە ئەدەبیاتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە پیسکردنی خۆراك( التلويث الغداء) ی بۆ خواردن ئامادەکراو بە مادی کیمیاوی و تیشك بەخش پێناسە کراوە، ئامانجیس لەم پیسکردنە زیان و ئازار گەیاندن و کوشتن و نانەوەی نائارامی و بەفیڕۆدانی دەرامەتی ئابووری و نانەوەی پەشێوی بێت[١٣].

[١٣] صباح زنكنه، سوء التغذية والارهاب الغذائي، جريدة الصباح العدد الصادر في ٢٠٠٦/٦/٣٠.

هەندێ کەس رەخنەیان لەکاری رێکخراوی تەندروستی جیهانی گرتووە، بەوەی تەنها چاوی لەسەر ئەو کردە تیرۆریستیانەیە کە کۆمەڵەکان لە دژی دەوڵەت ئەنجامی دەدەن، ئەو رێکخراوە لە کارنامەی پارساڵی باسی لەو جەنگانە نەکردووە کە چەکی کیمیاوی و بایلۆژی و تیشکدەری تێدا بەکاردێت، ، لەگەڵ ئەوەی ئامانجی تیرۆری خۆراك هەمان ئامانجی شەڕ و جەنگەکانە، ئەو رێکخراوە باسی ئەو هەڕەشانە ناکات کە بەروبوومی رووەکی و ئاژەڵانیش دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوەی پیسکردنی خۆراك ئاسانترە لە هێرشکردن، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە چاودێری حکومی بەسەر بەرهەمە خۆراکییەکانەوە بەهێزە، لەو وڵاتانەدا سەلامەتی خۆراکی باشتر دەپارێزرێت.ئەوانەی بەرپرسیارن لە دابینکردنی سەلامەتی خۆراك رێوشوێنی پێویست بۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئافاتی کشتوکاڵ و تێکچوون و پیسبوونی خۆراك دەگرنەبەر.فرەیی لە خۆراك تاڕادەیەك هەلی پیسبوونی خۆراك کەم دەکاتەوە، چەندی سەرچاوەکانی خۆراك زۆر بن و بازاڕەکانی هەمە رەنگ بن و چاودێری لەسەر خۆراك کەم بێت، ئەوەندە توناکانی ژەهراویکردن و پیسکردنی زیاتر دەبێت.

هەر مادەیەك یا هۆکارێك کە ببێتە هۆی پیسبوونی خۆراك یا لە ناوبردنی بە تیرۆری خۆراك وەسفدەکرێت، وەك پیسکردنی ئاو و سوتاندنی باغ و بیستان و بڵاوکردنەوەی ئافاتی کستوکاڵ، ......هتد.تیرۆری خۆراك هەر لەسەرەتای بەرهەمهێنان یا چاندنەوە تا گواستنەوە و رەنین و عەمبارکردن و خستنەبازاڕیەوە دەکرێت دەرهەق بە خۆراك ئەنجام بدرێت.



**★ ئاسایشی نەتەوەیی**

واتە پاراستن و پارێزگاری کردنی دەوڵەت لەو مەترسیانەی کە لە ناوەوە یا لە دەرەوە روو لە دەوڵەتەکە دەکەن، جا ئەو مەترسیە سەربازی بێت (داگیرکاری، هەرەشەکردن بۆردوومان) یا ئابووری (گەمارۆدانی ئابووری، ئاو گرتنەوە، پەکخستنی بازرگانی...) یا کۆمەڵایەتی (دوو بەرەکی و ناتەبایی)[١٤].

کەواتە دەتوانین بلێین ئاسایشی خۆراك یەکێکە لە بابەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە وەك دواتر بۆمان دەردەکەوێت نەبوونی ئاسایشی خۆراك چ مەترسیەك لە سەر ئارامی و سەقامگیری وڵات دروست دەکات، چ نەخۆشی و پەتایەك تووشی تاکەکانی دەکات.

**★ ئاسایشی ئابووری**

واتە توانای ئابووری دەوڵەت لەبەرامبەر کێشە ئابووریەکان و زاڵ بوون بەسەریدا، ئەمەش لەرێگەی دارشتنی یاسای تایبەت بە چالاکیە ئابووریەکان و هاریکاری نێوان دەزگا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتی وگشتی و بەهێزکردنی دراوی نیشتیمانی و بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی، بەرقەرار دەبێت. هەموو ئەو چالاکیانەش کاریگەری زۆریان بەسەر ئاسایشی خۆراکەوە هەیە، بۆ نموونە چەندی ئاستی داهاتی تاکەکەس بەرز بێت ئەوەندە ئاسایشی خۆراکیش بەرقەرار دەبێت، هەروەها چەند دەوڵەت توانای دەست خستنی دراوی بیانی زۆر بێت ئەوەندە دەتوانێ بەسەر گرفتی کەمی خۆراك زاڵ بێت.

ئاسایشی نەتەوەیی ← ئاسایشی ئابووری ← ئاسایشی خۆراك

[١٤] نجدت صبری عقراوی، الاطار القانوني للامن القومي، أطروحة مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين، ٢٠٠٢، ص١٩.

### ★ ئاسایشی تەکنەلۆژی

تەکنەلۆژیا وەك رەگەزێکی سەرەکی بە پێکهێنەرەکانی ئاسایشی ئابووری خۆی بە دەرخست، چونکە گەشەسەندنی تەکنەلۆژی و مۆنۆپۆلکردنی دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیا و بێ بەشکردنی ولاّتانی دواکەوتوو لەو دەستکەوتانە، کەلێنێکی گەورەی لە نێوان ولاّتە پێشکەوتووەکان و ولاّتە دواکەوتوەکان دروست کردووە.

لەبەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە، گرنگی رۆلی تەکنۆلۆژیا لە رادەی بەرهەم و زۆرکردنی و بەرهەمداری زەویە کشتوکاڵییەکان باس دەکەین. نابێت ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە بەرهەمی خۆراك هەر لە چاندنیەوە تاکو دەگاتە دەستی بەکارهێنەرانی، بەکۆمەلێ پرۆسەی ئالۆگۆڕیدا گوزەر دەکات، کە تەکنەلۆژیا رۆلی سەرەکی لە بەرهەمهێنان و گواستنەوە و هەلگرتن و خستنە بازاری دەبینێ.

گەشەدان بە تەکنۆلۆژیا، پێویستی بە شارەزا و زانا و ئەندازیارانی پسپۆر و دارایی و توێژینەوەی زانستی هەیە.

### ★ ئاسایشی دارایی

بەردەستکردنی سەرچاوە داراییەکان و ئەو دەرامەتانەی کە بەهۆیەوە دارایی دەوڵەت دێتە دەست، گرنگە وەك بۆمان دەردەکەوێت.

بەشێك لەو کەلێنەی لە خۆراك دروست دەبێ کاتێ بەرهەمی خۆماڵی لە خۆراك ناتوانێ تەواوی پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان تێربکات، دەوڵەت ناچار دەبێ لە رێگەی سەرچاوەی دەرامەتە داراییەکانی، ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە، بەشێك لە داراییەکانی بۆ هاوردەکردنی خۆراك بکاتە قوربانی. ئەگەر دەوڵەت



ئەو توانا داراییەی کەم بێت یا نەبێت، ناچار دەبێت، پەنا بۆ قەرزکردن لە دەرەوە ببات، ئەمەش سەرشانی دەوڵەت گران دەکات و توشی قەرز و سودەکانی قەرزی دەکات کە لەوانەیە، لەئایندەیەکی نزیك نەتوانێ بیداتەوە، ئەمەش دەوڵەت وابەستە بە دەرەوە دەکات و سەربەخۆیی لە کەدار دەکات و ئاسایشە نەتەوەییەکەی دەخاتە مەترسیەوە.

### ★ ئاسایشی ئاو

لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئاسایشی ئاو و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، ناکرێت باس لە ئاسایشی ئاو لە دەرەوەی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، ئاسایشی ئاو لە بۆتەی ئاسایشی ئابووری دەخوێندرێت. لوتکەی ئاسایشی ئابووریش ئاسایشی خۆراکە، بربرەی پشتی ئاسایشی خۆراکیش ئاسایشی ئاوییە. مەبەست لە ئاسایشی ئاو دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ هەموو دانیشتوان لەرووی خواردنەوە و کار پێکردنەوە، بەبرێکی تەواو و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ دابینکردنی یەدەگێکی ستراتیژی[١٥].
هەموومان دەزانین رادەی بەرهەمی کشتوکاڵی لەسەر پەیدابوونی ئاو بەندە، گرفتی ئاسایشی ئاویش ئەمانەن:

❊ زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان و کەم بوونەوەی بەشی تاك لەئاو.

❊ زۆری خواست لەسەر خۆراك، ئەمەش وادەکات بەهۆی زۆری بەرهەمی کشتوکاڵیە، پێویستی بە ئاو زیاتر بێت.

❊ پیسبوونی ئاوەکان بەهۆی پاشەڕۆیە کیمیاوییەکان.

❊ کەم بوونەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی تایبەت بە بواری کشتوکاڵی.

---

[١٥] د. جەلال ئازاد شەریف، ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٣، ساڵی ١٩٩٩، لاپەرە٢٢.

**٢- کشتوکاڵکردن**

بریتیە لە هەموو ئەو چالاکیانەی کە جۆتیار پێی هەڵدەستێ لە چاندن و دوورینەوە و بەخێوکردنی ئاژەل و بەرهەمهێنانی شیر و خوری و گۆشت و بەخێوکردنی پەلەوەر. ئامانج لە کشتوکاڵکردن وەبەرهێنانی دەرامەتاکانی زەوی و مرۆڤەکانە، شێوازێکە لە شێوازەکانی ژیان بۆ دەستکەوتنی گوزەرانێکی خۆش[١٦].

پرۆسەی کشتوکاڵکردنیش لانی زۆری ئەرکی دابین کردنی ئاسایش خۆراکی دەکەوێتە ئەستۆ. ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان، لە راپۆرتێکی بەناوی (بەرەو جیهانێکی پڕ لە خۆراکی باش) کە لەساڵی **١٩٩٢** بڵاوکرایەوە، بەم شێوەیە پێناسەی ئاسایشی خۆراک دەکات:ـ

(زامنکردنی خۆراکی تەواو باش و تەندروست بۆ هەموو تاکێک لە هەموو کاتێ، بۆ ئەوەی ئەو تاکانە ژیانێکی ئاسوودە و تەندروست بەسەر ببەن، ئەم مافەش بەبێ دابین کردنی خۆراک بە بەردەوامی دەستەبەر ناکرێت).

ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی (FAO)، لەم پێناسەیەدا سێ رەگەزی سەرەکی بۆ ئاسایشی خۆراک دادەنێت:

**یەکەم:** بەردەست کردنی خۆراک

**دووەم:** بەردەوامی

**سێیەم:** زامنکردنی گەیشتن ئەو خۆراکە بەدەستی تاکەکان، بۆیە هەر بەتەنیا زیادکردنی بەرهەمی خۆراک بەس نیە بۆ زامن کردنی ئاسایشی خۆراک، ئەگەر خەڵکی نەتوانن خۆراکیان بەدەست بگات یا نەتوانن بیکڕن، دووبارە توشی گرفتی خۆراک دەبینەوە.

[١٦] د. عبدالوهاب مطر الداهري، الاقتصاد الزراعي، مؤسسة دار الكتب، الطبعة الاولى، ١٩٨٠، ص٢٥.



ڕێکخراوی **عەرەبی بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ** بەم شێوەیە پێناسەی ئاسایشی خۆراکی کردووە:

(بەردەست کردنی خۆراك بە بڕ و جۆری پێویست بۆ چالاکی و تەندروستی، لەسەر بنەمای ڕێژەیی بەرهەمی خۆراك بۆ هەر یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکان و دابینکردنی خۆراك بە نرخێکی وا کە بگونجێ لەگەڵ توانا و داهاتی تاکەکان). لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئاسایشی خۆراك کاتێ زامن دەکرێت کە (بتوانرێت بەرهەمی خۆراك بهێنرێت و بخرێتە بازارەوە و بازرگانی پێوەبکرێت و دەوڵەت بتوانێ خۆراك بۆ هاوڵاتیانی لە هەموو کاتێ، هەتاکو لەکاتی قەیرانەکان و کەمی بەرهەمی خۆراکی خۆماڵیش، دابین بکات).

ئەمەش ئەرکی دەوڵەت لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك روون دەکاتەوە، دەوڵەت دەبێت سیاسەتێکی وا دابڕێژێ کە پێداویستی هاوڵاتیان لە خۆراك لە نیوەخۆی دابین بکات، ئەگەر نەیتوانی، پێویستە دەوڵەت ئەو داراییەی لەبەردەست دابێ، تاکو بتوانێ خۆراك لەدەرەوە بکڕێ.

لەسەر ئاستی **کۆمەڵگاش ئاسایشی خۆراك** بەم شێوەیە پێناسەکراوە:

(دەبێت بەگوێرەی ئەو پێوانانەی کە زانستی خواردن (رووەك، ئاژەل) دیاریان کردووە) خۆراك بۆ تاکەکانی کۆمەل دابین بکرێت، ئەم دابین کردنەش دەبێ لانی کەمی پێداویستیەکان (بە بڕ و جۆر) بۆ بەردەوامی ژیانی ئەو تاکانە لە سنوری داهاتەکانیان، لەبەرچاوبگیرێت)[١٧].

[١٧] د. رمضان محمد مقلد، د. عفاف عبدالعزيز عابد، د. السيد محمد أحمد السريتي، إقتصاديات الموارد والبيئة، دار الجامعية، ٢٠٠١، ص٣٠.

دەکرێت ئاسایشی **خۆراك لەسەر ئاستی تاکەکان** بەم شێوەیە پێناسەبکەین:

(تاك ئەو کاتە دەتوانێ خۆی بێ خەم کردبێ لە خۆراك، کاتێ بتوانێ خۆراکی تەواو بۆ ژیانی رۆژانەی لە تەواو ساڵ بەدەست بێنێ، ئەمەش لەسەر داهات و نرخەکانەوە بەندە).

**لەم پێناسانەوە دەکرێت ئەم تێبینیانە تۆمار بکەین:**

**یەکەم:** تێگەیشتن لە چەمکی ئاسایشی خۆراك وەك حاڵەتێك کاتێ دێتەدی کە بەشی خۆ لە خۆراك (الاكتفاء الذاتي من الغذاء) لەناو دەوڵەت هەبێ ئەمەش بە تواناکانی کۆمەڵگا بۆ دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستیەکانی دانیشتوان لە خۆراك ـ بەهۆی بەرهەمی خۆماڵی ـ بە بری پێویست و جۆر سەرچاوە و لەکاتی پێویستیدا، دابین دەکرێت. ئامانجی ئەم چەمکە دابین کردنی سەرجەم پێداویستیەکانی دانیشتوانە لە خۆراك، بەبری پێویست بۆتێرکردنی پێداویستیە خۆراکییەکان و لە سنوری داهاتی بەردەست و لە رێگای بەرهەمی خۆماڵی.

لێرەدا رۆلی دەوڵەت و تواناکانی دەوڵەت لە دابینکردنی پێداویستیە خۆراکییەکان بەدەردەخەین ئەم رۆلەی دەوڵەت هەندێجار پێویستی بە قوربانی دان بە هەندێ دەرامەت هەیە و ئەم رۆلەی دەوڵەت لەو کاتانەدا بەدەردەکەوێت کە لەناکاو بەرهەمی خۆراك بەهۆی وشکە ساڵی یا لافاو یا رێگری بەردەم هاوردە (الاستراد) روودەدەن.

**ئەم تێگەیشتنە لە ئاسایشی خۆراك رووبەرووی ئەم رەخنانە دەبێتەوە:**

١- لەوانەیە ئامانجی بەدەست هێنانی بەشی خۆ لەخۆراك لەگەڵ ئانجامی بەدەست هێنانی گەشەپێدانی ئابووری ناکۆك بێت، چونکە لە بوژاندنەوەی ئابووری دا پێویست دەکات دەرامەتەکان بەرەو باشترین بەکارهێنانی ئاڕاستە



بکرێت، ئەگەر ئامانجی بەشی خۆ لە خۆراك لەگەڵ ئامانجی باشترین بەکارهێنانی دەرامەتەکان ناکۆك بن، ئەوا تێکڕای گەشەپێدان دادەبەزێ، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پرۆسەی بوژاندنەوەی ئابووری لە مەودایەکی دووردا دەنێت.

٢- ئەگەر بەم شێوەیە سەیری ئاسایشی خۆراك بکەین، یەکسانی دەکەین بەچەمکی بەشی خۆ لە خۆراك (الاكتفاء الذاتي من الغذاء)، دەکرێت پلەی بەشی خۆ لە خۆراك بەرێژەی بەرهەمهێنانی خۆماڵی بۆ بەکاربردنی بپێوین:

**بەشی خۆ لە خۆراك = رێژەی بەرهەمهێنانی خۆماڵی – رێژەی بەکاربردنی نەتەوەیی**

چەمکی بەشی خۆ لە خۆراك چەمکێکی تەسکترە لە چەمکی ئاسایشی خۆراك، چونکە لەیەکەمدا هەوڵدەدرێت پەنا بۆ جیهانی دەرەوە نەبرێت و هەوڵی دەست بردن بۆ هاوردە نەبرێت. کەچی دووەم، گرنگی بەتواناکانی دەوڵەت لە دابینکردنی خۆراکی گونجاو بۆ هاوڵاتیانی دەدات، جا ئەو دابین کردنە لەرێگای بەرهەمهێنانی خۆماڵی یا لەرێگای هاوردەوە بێت، بۆ نمونە ژاپۆن یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لاسەنگی لە بەرهەمی نێو خۆیی دا هەیە، کەچی لە پلەیەکی باڵای ئاسایشی خۆراکدایە، هەروەها بەشی خۆ لە خۆراك لە ژاپۆن زامنی دابینکردنی ئاسایشی خۆراك ناکات.

٣- لەوانەیە هەندێ وڵاتی تازەپێگەیشتوو لەرێژەی دانیشتوانەکەیان زیاتر بەرهەم بهێنن، رێژەیەکی لی بنێرنە دەرەوە، لەبری شمەکی دیکە بهێنن، کەچی هێشتا دانیشتوانەکەی بەدەست کێشەی کەمی خۆراك و هەژای دەناڵێنن.

بۆ نموونە بەرازیل و مەکسیك هەروەك ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ دیاریخست کە بەشی تاکێك لە خۆراك بەقەد بەشی تاکێکی ژمارەیەك لە وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکانە کەچی هێشتا لە گرفتی کەمی خۆراك و هەژاری رزگاریان نەبووە.

**دووەم:** توانای دەوڵەت لەسەر بەردەست کردنی دراوی بیانی بۆ پرکردنەوەی پێداویستیە خۆراکییەکان: ئەمە پێچەوانەی تێگەیشتنی یەکەمە، کەجۆرێك لە رووکردنە دەرەوەی تێدایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئاسایشی خۆراك هەرتەنها بە پشت بەستن بە بەرهەمی خۆماڵی نایەتەدی، بەڵکو دەبێت لەدەرەوە را بەشێوەی هاوردەیی خۆراکی، خواردن بهێنین، بۆیە لێرەدا ئاسایشی خۆراك بە بەپلەی یەکەم پشت بەو دراوە بیانیانەی دەوڵەت دەبەستێ کە بۆ هێنانی پێداویستیە خۆراکییەکان لەدەرەوە خەرجی دەکات. بۆیە بەشێك لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك بەپشت بەستن بە پەیوەندەیە ئابووریە نێو دەوڵەتیەکان دەستەبەر دەکرێت.

**ئەم تێگەیشتنەش ئەم رەخنانەی خوارەوەی ئاراستە دەکرێت:**

١- تێکەڵاوییەك لە نێوان هێزی کڕین (القوة الشرائية)کە دەوڵەت هەیەتی لەگەڵ دەستکەوتنی پێداویستیە خۆراکییەکان هەیە، چونکە هەرتەنها بوونی سەرچاوەی دراوی بیانی، چونکە هەر تەنها بوونی سەرچاوەکانی دراوی بیانی، واتای بەدست هێنانی پێداویستە خۆراکییەکان ناگەیەنێ.

زۆربەی جار لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت پارەی پێویستی بۆ کڕینی خۆراك هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەیلی مۆنۆپۆڵکردنی بازاری گەنم و خۆراك و سیاسەتی دەوڵەتە هاوردەکان، ئەم پرۆسەی کڕین و دابینکردنەی خۆراك بە باشی بەرێوەناچێ.



٢- هەندێ جار بوونی هۆکاری سروشتی وەك خراپی ئاو و هەوا و هەڵکردنی لافاو و دەرچوونی بورکان و روودانی بومەلەرزە یا دڵە راوکێی سیاسی و شەڕ و شۆڕ دەبێتە هۆکاری دابەزینی خستنە روو ی خۆراك لە بازاڕەکانی جیهانی، ئەمەش بەردەستکردنی خۆراك زەحمەت دەکات.

٣- ئەم تێگەیشتنە تەنها جەخت لەسەر مەودای دابین کردنی پارەی بیانی بۆ دەستە بەرکردنی خۆراك دەکاتەوە، مەوداکانی دیکەی کە لەوانەیە دەوڵەت پەنای بۆ بەرێ باس ناکات.

**سێیەم:** توانای کۆمەڵگا لەسەر دابین کردنی پێداویستە سەرەکیەکانی خۆراکی تاکەکانی کۆمەڵگا، پیشاندەدات، زامن کردنی خۆراك لەم تێگەیشتنە بەهۆی بەرهەمهینانی خۆراك لە نێوخۆدا یا لەرێگەی ئەو پاشەکەوتانەی کە لە ناردەنیەکانەوە دەستمان دەکەوێت ئەو کەمیەی لە خۆراکی نێوخۆدا، هەیە پری دەکەینەوە.

ئەوەی ئەم تێگەیشتنە لە وانی دیکە جیادەکاتەوە، فەراهمکردنی پێداویستیەکانی خۆراکە لە تەواوی ساڵدا لە هەردوو رێگا( بەرهەمی خۆماڵی + هاوردە خۆراکییەکان) و پرکردنەوەی کەلێنی بەرهەمی نێو خۆیی بەخۆراکی هاوردەیە بەڵام کاتێ پشت بەم تێگەیشتنە دەبەسترێ، دەبێ بەردەوام لە پاشکەوتنی خۆراك دڵنیابین، بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەکەوێتە ژێر بارێکی وا کە خۆی بە ناچار بزانێ بۆ پرکردنەوەی کەلێنی خۆراك هەندێ رێککەوتنامەی بە زۆرە ملێ ببەستێ و کاریگەری دەوڵەتانی دیکەی بەسەروە بێت.

**چوارەم:** لێرەدا ئاسایشی خۆراك واتا زامنکردنی هەڵقولانی خۆراك لە ئاستی ئاساییدا. لە هەموو کات و شوێنێ ئەم تێگەیشتنە رێژەییە، چونکە ئاسایشی

خۆراك بە ئاستی هەڵقوڵانی خۆراك دەبەستێتەوە، ئەمەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، بەگوێرەی پێشکەوتن و دواکەوتنی ئابووری ئەو وڵاتە دەگۆڕی، چەمکی ڕێژەیی ئاسایشی خۆراك (الامن الغذائي النسيي) زیاتر جێگیرە، لەرووی پراکتیکیشەوە ئاسانترە لە چەمکی ڕەهای ئاسایشی خۆراك (الامن الغذائي المطلق) کە بە مانای زامن کردنی هەلقوڵانی بری پێویست لەو خۆراکانەی کە بۆ هەر تاکێك پێویستە بری لە کالۆری گەرمی (سعرات الحرارية) دابین دەکات.

جیاوازی چەمکی ڕێژەیی ئاسایشی خۆراك لەچەمکی ڕەهای ئاسایشی خۆراك لەوەدایە کە یەکەمیان، مەسەلەی ئاسایشی خۆراکدا بە حاڵ و باری هەر وڵاتێك دەبەستێتەوە، کە لەوانەیە لانی کەمی ئاسایشتی خۆراکی وڵاتێك کۆمەڵگایەك لەگەڵ یەکێکی دیکە جیاواز بێت، ئەوەی لە وڵاتی x بە نائارامی لە ئاسایشی خۆراك دادەنرێت لە وڵاتی y بەئارامی لە ئاستی خۆراك دەژمێردرێت، ئەمەش بە گوێرەی ئاستەکانی گوزەرانی هەر یەکە لە x و Y دەگۆڕێت، کە بەهۆیانەوە بڕیار لەسەر ئاستی بەکاربردن دەدرێت.

بەگوێرەی ئاسایشی خۆراکی ڕێژەیی، گرفتی لاسەنگی خۆراك (العجز الغذائي) لە هەموو کۆمەڵگایەك ڕوودەدات، ئەگەر بەکاربردنی خۆراکی باو لە ئاستی خۆی دابەزی، ئەم گرفتەش لەگەڵ زیاتر دابەزینی ئاستەکە توندتر دەبێتەوە. گرفتی لاسەنگی خۆراك گرفتێکی تەمەن کورتە و بەهۆی باری لەناکاو لە ماوەی ساڵێ یا دوو ساڵ ڕوو دەدات.

بەگوێرەی ڕەهایی ئاسایشی خۆراك زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو گرفتی ئاسایشی خۆراکیان هەیە. هەر وڵاتی نەتوانێ تێکرایی پێوانە نێودەوڵەتیەکان بۆ کالۆری گەرمی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگاکەی خۆی دابین بکات، بە وڵاتێ



دادەنرێت کە گرفتی ئاسایشی خۆراکی هەیە. ئەمەش بە گرفتێکی درێژخایەن دادەنرێت، چونکە هیچ وڵاتێکی تازەپێگەیشتوو لە ماوەی ساڵێ یا چەند ساڵێك ناتوانێ لاسەنگی خۆراك نەهێڵی. هەر بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو گرفتی کەلێنی لە خۆراکیان هەیە. ئەم تێکەیشتنە ئەم **ڕەخنانەی ئاراستە** دەکرێت:

١- ئەم تێکەیشتنە گرنگی بەوە نەداوە چۆن ئاستی ئاسایشی خۆراك بەدەست دێنێت؟

٢- ئەو سەرچاوانەی دیاری نەکردووە کە دەوڵەت بە هۆیەوە خۆراکی دەست دەکەوێ، ئایا لەرێگەی(بەرهەمی خۆماڵی یا هاوردە خۆراکییەکانە یا خۆراکی کۆگاکانە یا یارمەتیە خۆراکیەکان)ەوەیە.

**پێنجەم:** بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە، ئاسایشی خۆراك خۆی لە(دابین کردنی ئەوەی تاکەکانی کۆمەل چ پێویستیەکی خۆراکیان هەیە، لەرێگەی زانستی خۆراك (ڕووەك، ئاژەل) بۆیان زامن بکرێت، لەپال ڕەچاو کردنی لانی کەمی ئەو پێداویستیانە (برو جۆر) کە زەرورین بۆ ژیانی ئەو تاکانە لە سنوری داهاتی خۆیان).

ئەم تێگەیشتنە دەبڕی خواستە سەرەکیەکانی خۆراکە، بۆ ئەوەی تاك بتوانێ بژیت، جەختکردنەوە لەسەر ئەم چەمکە وا دەخوازێ ئەم بنەما سەرەکیە لەبەرچاو بگرین:

* گرنگی دان بە بەرهەمی خۆراك لە ڕێگەی گەشەدان بە کشتوکاڵ.
* ڕێکخستنی بەکاربردنی خۆراك لە هەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە.
* گرنگی دان بە پەیوەندیە ئابووریەکانی دەوڵەت، بۆ زامنکردنی خۆراك بۆ هاوڵاتیانی.

دەستگرتن بەم تێگەیشتنە، مەرج نیە کۆمەڵگا ناچار بکات خۆی بەرهەمی خۆراکی لەنێوخۆی دابین بکات، بەڵکو دەبێت ئەو دەرامەتانەش دابین بکات کە بەهۆیەوە دەتوانێ خۆراك لە دەرەوە بهێنێ.

لەم تێگەیشتنەدا، ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئەوانی پێشوترکران نامێنێ، تەنها ئەوە نەبێ کە لەم تێگەیشتنەدا پرەنسیبی دادوەری لە دابەشکردنی خۆراك پشت گوێ خراوە، هەروەك ئەوەی ئەگەر خۆراك بەر دەست بێ، ئەوا گەیشتنی ئەو خۆراکە بۆ دەستی هاوڵاتیان زامن کراوە، بەڵام لە راستیدا، ئەمە روونادات، چونکە گەورەترین مەترسی ئەوەیە کە کەمترین رێژەی دانیشتوان زۆرترین رێژەی خۆراك بەدەست بێنن، بۆ نموونە لە هیند، بەگوێرەی مەزەندەکانی (FAO) لەساڵی ١٩٨٧، ئاماژەی بەوە کردووە کە خۆراکی بەردەست لەهیند بەشی سەرجەم پێداویستیەکانی دانیشتوان دەکات، ئەگەر هاتوو دادوەرانە دابەش بکرێت، بەڵام رێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکەی بەدەست بەد خۆراکی دەناڵێنن.

**ئەم تێگەیشتنەش ئەم رەخنانەی ئاراستە دەکرێت:**

١- زەحمەتە بتوانرێت لانی کەمی پێداویستە سەرەکیەکانی خۆراك دیاری بکرێت کە لەسەر کۆمەڵگایە بۆ تاکەکانی دابین بکات، ئەمە سەرباری گرانی لە دیاریکردنی (برو جۆری) خۆراك کە بۆ ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا پێویستن.

٢- لە هیچ یەکێك لەم تێگەیشتنانەدا باسی ئەوە نەکراوە، چ جۆرە بەرهەمێکی خۆراك هەیە لەسەر دەوڵەت پێویستە لە نێوخۆ بەرهەمی بهێنێ و چ جۆرێکی دیکە پێویستە لە دەرەوە بیهێنێ.

٣- بیرۆکەی بەرقەرارکردنی دادوەری لە دابەشکردنی خۆراك لەهەندێ لەو کۆمەڵگایانەی کە داهاتی تاکەکانی لێك نزیکن، پشت گوێ خراوە بەڵام لە



کۆمەڵگا دواکەوتووەکان کە جیاوازیەکی زۆر لە داهات و سامان هەیە، پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە.

٤- لەوانەیە بیرۆکەی دادوەری لە دابەشکردنی خۆراك لەگەڵ سیاسەتی بوژاندنەوەی ئابووری پێك ناکۆك بن.

لەمەی رابوورد، دەکرێت **پێناسەیەکی** وا بۆ چەمکی ئاسایشی خۆراك بکەین، کە لە زۆرێك لەو رەخنانەی باسکران بەدووربێت:

(توانای کۆمەڵگا لەسەر بەردەستکردنی ئاستی چاوەروانکراو لە خۆراك لە چوارچێوەی داهاتەکانیان، سەرباری زامن کردنی خۆراك بۆ ئەوانەی بە داهاتەکانیان ناتوانن ئەو خۆراکە بەدەست بێنن، جا ئەم بەردەست کردنەش لە رێگەی بەرهەمی خۆماڵیی یا هاوردەوە بێت).

لەم پێناسەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئاسایشی خۆراك چەند ئاستێکی هەیە.

### ٣- چەمکی بەشی خۆ لە خۆراك و ئاسایشی خۆراك

دکتۆر محمد سەید عبدالسلام لە کتێبی (الامن الغذائی للوطن العربي) بەم شێوەیە جیاوازی نێوان هەردوو چەمکەکان دەکات:

(بەشی خۆ لە خۆراك بریتیە لە تواناکانی کۆمەڵگا پشت بەستن بە هەمان ئەو دەرامەت و تواناییانەی کە لەبەرهەم هێنان لەنێوخۆی ولاتدا دێتە دەست، ئەو بەرهەمانەش هەموو پێداویستە خۆراکییەکانی هاوڵاتیانی ئەو ولاتە دابین بکات). ئەمەش بەواتای ئاسایشی خۆراکی زاتی( الامن الغذائي الذاتي) دێت، بەبێ پشت بەستن بە ئەوانی دیکە، ئەم چەمکە پێکهێنانی بازاری هاوبەشیش لەنێوان چەند ولاتێکی ئیقلیمیش دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی لە مەترسی قەیرانی خۆراك خۆیان رزگار بکەن و پێداویستیە سەرەکیە خۆراکییەکانی هاوڵاتیان دابین بکەن.

هەندێ لە بیریارانی ئابووری باسیان لە چەمکی بەشی خۆ لە خۆراك، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرسیارانە کرد، سروشتی بەشی خۆ لە خۆراك بە چ ئامانج ئەنجام دەدرێت؟ ئایا بەرقەرارکردنی شیاوە؟ ئایا لەڕووی بەکارهێنانی دەرامەتەکان، عەقلانیەتی تێدایە؟ ئەگەر سەیری پرسیاری یەکەم بکەین، دەبینین بە ئاستی ئابووری و گوزەرانی دانیشتوانەوە گرێدراوە، ناکرێت بگوترێت ئەو وڵاتە بەشی خۆ لەخۆراکی بەرقەرار کردووە، بەڵکو پێویستە ئەو بەرقەرار بوونە لەگەڵ ئاستی خۆراکی بەردەستدا بەراورد بکەین، ئایا ئەو ئاستە لە ئاستی لانی کەمی پێداویستیە خۆراکییەکاندایە؟ یا لەسنورێکی باشدایە؟ یا لەئاستێکی باڵادایە؟

لەلایەکی دیکەوە بەشی خۆ لەخۆراك بۆ هاوسەنگی نێوان تونا ئابوورییەکانی دانیشتوان و هێزی کڕین و بەرهەمی خۆراك کە کشتوکاڵ دابین دەکات، دەگەڕێتەوە. چەندی داهاتی نەتەوەیی زیاد بێت، هێزی کڕینیش زیاد دەبێت، ئەگەر کشتوکاڵ نەتوانێ ئەو خواستەی زیاد بوون تێر بکات، ناچار دەبێت پەنا بۆ هاوردەی خۆراك ببات و لەبەشی خۆ لە خۆراك دووربکەوێتەوە.

ئەگەر سەیری پرسیاری دووەم بکەین، دەبینین ئامانج لە بەشی خۆ لە خۆراك لەرێگەی سەیرکردنی وەك ئامانجێکی نەتەوەیی دەبێت، واتە وەك دەستکەوتێکی نەتەوەیی ئێمە پرۆسەی بەشی خۆ لەخۆراك ببەینە پێش و بڕی خۆراکی بەکارهێنراو لەگەڵ بڕی خۆراکی بەرهەم هێنراو بەراورد بکەین و تای تارازووەکە بەلای بڕی خۆراکی بەرهەمێنراودا لاسەنگ بکەین.

سەبارەت بە عەقلانی بوون و دەستگرتن بە سیاسەتی بەشی خۆ لە خۆراك دەکرێت لەژێر کاریگەری ئەم فاکتەرانە سەیری بکەین:

**یەکەم**، لەبەر ئەوەی دەرامەتە سروشتیەکان (کشتوکاڵ) سنووردارە، هەردەبێ بەباشترین شێوە بەکاربرێت و حساب بۆ نەوەکانی داهاتووش بکرێت، ئەمە



سەرباری هۆکاری کەش(طقس) کە لەوانەیە لەگەڵ بەرهەم هێنانی دانەوێڵە نەگونجێ.

**دووەم**، لەبەرئەوەی ئێستا کرانەوەیەکی فراوان لە بازرگانی جیهانی لە رێگەی رێکخراوی بازرگانی جیهانی سازکراوە، ئەمەش رەوشێکی لەباری بۆ ئالوگۆری کاڵاو شتومەکی بازرگانی لەنێوان وڵاتاندا هێنایەتەکایەوە. دەکرێت هەروڵاتە لە بەرهەمێك باشترین وەبەرهێنان بکات و ئەوەی لەبەشی خۆی زیادەیە، رەوانەی دەرەوەی بکات و بە قازانجەکەی شتومەك و کەل و پەلی دیکە، بەنرخێکی هەرزانتر بکرێ، کەواتە لێرەدا پێشینە الاولویە بۆ ئەو شمەکانەیە کە کەمترین نرخیان هەیە، نەوەك ئەوانەی لەنێو خۆی وڵات بەرهەم دێت.

**سێیەم**، تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پاراستن و پیشەسازی و گواستنەوەی بەرهەمە خۆراکییەکان، تواناکانی ئالوگۆڕکردنی بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان ئاسانکردووە.

**چوارەم**، زۆری و فرەیی لە خواستەکانی دانیشتوان، بەهۆی بەرزی ئاستی گوزەران، وایکردووە وڵاتێك نەتوانێ هەموو ئەو زۆریی و فرەییە لە خواست دابین بکات.

بەم شێوەیە لە وانەیە سیاسەتی بەشی خۆ لە خۆراك لەگەڵ بەرژوەندیەکانی وڵات نەیەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی مەسەلەی خۆراك و مەترسیەکانی گرێدراوە بە ئاسایشی نەتەوەیی، بۆیە زۆرێك لەوڵاتان ئەگەر لانی کەمی پێداویستەکانیشیان پێ‌ی دابین نەرکێت، هەر پەنا بۆ سیاسەتی بەشی خۆ لە خۆراك دەبن.

**لێرەدا باسی دوو نموونە دەکەین:**

* وڵاتی ژاپۆن ڕێژەیەکی زۆر لە برنج لەنێوخۆ بەرهەم دێنێ هەرچەندە نرخی برنجی هاوردە هەرزانترە لەبەرهەمی خۆماڵی، بەڵام حکومەت دەیەوێت پاڵپشتی بەرهەمهێنەرانی نێوخۆیی بکات، ، لەمەشدا هاوڵاتیانی ژاپۆنیش پاڵپشتی لە حکومەت دەکەن پێیان باشترە برنجی ژاپۆنی بە گرانتر بکڕن، نەوەك برنجی بیانی بەهەرزانتر بکڕن.

* لە شانشینی سعوودی بەشی خۆی لە بەرهەمی گەنم بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆراك زۆرترە، نەوەك هەرئەوەندە، بەڵکو دەتوانێ بەشێکی لێبنرێتەوە دەرەوەش، هەندێ ڕەخنەیان لەم سیاسەتە گرت بە بیانوی ئەوەی تێچوونی بەرهەمی گەنم لەنێو خۆ زۆر لەگەنمی هاوردە زیاترە، بەڵام لەم پرۆسەیەدا نابێت تێچوونی بەرهەم لەیاد بکەین کە لەنێوخۆدا خەرج دەکرێت و خێرەکەی بۆ جوتیارە سعوودییەکانە، سەرباری ئەمەش لە هەمووی گرنگتر ئەمە وەك ئەزموونێك بۆ تواناکانی ئەو وڵاتە دێتە ژماردن، کە توانی ئەوی هەیە یەکێ لە پێداویستیە خۆراکییە گرنگەکان دابین بکات. لەگەڵ چەمکی ئاسایشی خۆراکیش کە بە مانای تواناکی کۆمەڵگا لەسەر بەردەست کردنی خۆراکە سەرکیەکانی هاوڵاتیان دێت، دێتەوە).

**بەردەستکردنی خۆراکە سەرکیەکانی خەڵکیش لەم دوو ڕێگەیەوە دەبێت:**

* بەرهەم هێنانی خۆراك لە نێوخۆی وڵاتدا.

* بەشێکی بەبەرهەمی خۆماڵی و بەشەکەی دیکە لە قازانجی ناردەنیەکان.

بە گوێرەی ئەم پێناسەیەش دابین کردنی ئاسایشی خۆراك مەرج نیە تەنها بە بەرهەمهێنانی خۆماڵی دابین بکرێت بەڵکو پێویستە دەرامەتی پێویست بۆ بەردەستکردنی ئەو پێداویستیە خۆراکیانە لە ڕێگەی ناردەنی بەرهەمی دیکەوە دابین بکرێت.



### ٤- پێکهاتەکانی ئاسایشی خۆراک

١- بەردەستبوون، واتا بەردەست بوونی خۆراك ئەمەش لە بنەڕەتدا لەڕێگەی بەرهەمی خۆماڵی و سیاسەتی بەشی خۆ لە خۆراك دێتە دی.

٢- سەقامگیری، واتە بەردەست بوونی خۆراك بە بەردەوامی، ئەمەش پێویستی بە سیستەمێك لە گڵدانەوە و خستنە بازار( تسويق)ەوە هەیە.

٣- توانای کڕینی، واتا پێویستە ئەو خۆراکانەی بەردەست کراون، هاوڵاتیان بتوانین بیکڕن و هەرزان بێت (حکومەت پاڵپشتی بکات) یان داهاتی هاوڵاتیان بەرز بێت بۆ ئەوەی هەموو تاکێك بتوانێت بەئاسانی خۆراك بکڕێت.

### ٥- ئاستەکانی ئاسایشی خۆراک

ئاسایشی خۆراك چەند ئاستێکی هەیە، کە ئێمە لێرە باسی سێ ئاست دەکەین، مەبەستمان لەو ڕێوشوێنانەیە کە دەوڵەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆراك بۆ سەرجەم تاکەکانی دەیگرێتە. یەکێکە لەو فاکترە سەرەکیانەی کە ئاستەکانی ئاسایشی خۆراك دیاری دەکەن، باری ئابووری و پلەی پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵگایە، ئامانجیش لە ستراتیژییەکی ئاسایشی خۆراك گواستنەوەی ئاستی لانی کەمی خۆراك بۆ ئاستی باڵایە:

**ئاستی یەکەم:** ئاستی مەمرەومەژیە (الكفاف): ئەو ئاستەیەکە تواناکانی دەوڵەت لەسەر بەردەستکردنی لانی کەمی پێداویستەکانی خۆراك دیار دەکات، بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن بژین واتا زامن کردنی لانی کەمی کالۆریە گەرمییەکان بۆ هەموو تاکێك، بەگوێرەی پێوانە نێودەوڵەتیەکان هەماهەنگیەك لە نێوان هەریەك لە ئاستی مەمرە و مەژیە وهێڵی هەژاری، هەیە. چونکە ئەگەر وای

دابنێین، که داهات لانی کەمی خۆراك بۆ تاك دابین دەکات، ئەمەش هەروەك لە هێڵی هەژاری باسمان کرد، سەرەتا بۆ پێداوستە سەرەکیە خۆراکییەکان خەرج دەکرێت.

**ئاستی دووەم:** ئاستی مام ناوەند: لەئاستی مەمرە و مەژیە دەست پێ دەکات و لە ئاستی چاوەروان کراو دەوەستێ.ئاستی مام ناوەندی ئاستێکی باوە لەم ئاستەدا دیاردەی بەد خۆراکی (واتە لەپێکهاتەکانی خۆراك کە لەشی مرۆڤ پێویستیەتی دەبینرێت.

**ئاستی سێیەم:** ئاستی چاوەروان کراو: خۆی لە تواناکانی دەوڵەت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی خۆراکی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ ئاستێکی دیکەی باشتر دەنوێنێ، بەشێوەیەك ئەو تاکانە بتوانن کالۆری گەرمی تەواو بەگوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بەدەست بێنن. ئاستی چاوەروانکراو لە نێوەندی کارلێکی هەریەکە لە تواناکانی بەرهەمهێنان و ئاستی داهاتی تاکدا هاتووچۆ دەکات. بەواتا ئاستی چاوەروانکراو لەسەر هەردوو لایەنی ئاسایشی خۆراك کە لە:

**بەرووخستنی خۆراك + خواست لەسەر خۆراك = ئاستی خۆراك**

أ- بەرووخستنی خۆراك چ لەبەرهەمهێنان وە یا لە بازرگانی و گڵدانەوە دابێت.

ب- خواست لەسەر خۆراك و چۆنیەتی دەستکەوتنی جا چ بەکڕینی یا بە بەرهەمهێنانی بێت، بەدەردەکەوێت.

بەردەست کردنی خۆراك و بەرووخستنی خۆراك مەرج نیە لایەکەی دیکەی هاوکێشەکە بهێنێتە دی، بەواتایەکی دی لایەکی هاوکێشەکە کە بەرووخستنی خۆراکە رەگەزێکی گرنگ و پێویستی ئاسایشی خۆراکە، بەڵام هەربەتەنها بۆ



بەرقەرارکردنی ئاسایشی خۆراك بەس نیە، بۆیە چەندی ئاستی داهاتی تاکەکان بەرزببێتەوە، ئەوەندە ئاستی چاوەروانکراو لە خۆراك بەرزدەبێتەوە.

لەوەی باسکرا دەکرێت ئاستی راستەقینەی **ئاسایشی خۆراکی** وڵاتێك بۆ **دوو هۆکار** دابەش بکەین:

**١- هۆکارە نێوخۆییەکان،** ئەوانەن بەرەوشی نێوخۆیی وڵات گرێدراون، وەك:

* ژمارەی دانیشتوان و خواستەکانی ئەو دانیشتوانە لە خۆراك.

* تواناکانی بەرهەمهێنانی خۆراك لە نێوخۆدا ئەو سیاسەتانەی ئەو بەرهەمهێنانە رێکدەخات.

* داهاتی راستەقینەی کۆمەڵگا و شێوازی دابەشکردنی بەسەر ا دانیشتوان، بۆ ئەوەی بەردەست کردنی پێداویستە سەرەکیەکانی دانیشتوان دابین بکرێت.

**٢- هۆکارە دەرەکیەکان:** ئەوانەن بەو رەوشانەوە بەندن کە دەورەی ئابووریان داوە کاریگەریان لەسەر ئابووری وڵات هەیە، وەك:

* دراوی گرانبەهای بیانی، کە دەکرێت لەرێگەی بەرهەمی زیادەوە دەست بکەوێت.

* بازاری جیهانی خۆراك و مەودای دەستکەوتنی ماددە خۆراکییەکان لەم بازارە و ئاستی سەقامگیری نرخەکانی ئەو بازارە.

* زیادە لە بەروخستنی خۆراکی جیهانی وەك یارمەتییە خۆراکییەکان و ئەو ئاسانکاریانەتی لەلایەن دامەزراوە نێو دەوڵەتیەکانەوە دەکرێت مەودای جێگیریان.

لەراستیدا نەهێشتنی برسیەتی و بەد خۆراکی هە تەنها بەبەرهەمهێنانی بڕی پێویست لە خۆراک نایەتە دی، چونکە بەرهەمی خۆراک لەسەر ئاستی جیهانی بەشی خواردنی هەموو مرۆڤەکان دەکات، بەڵام هەموو تاکێك بەشی خۆی لەو بەرهەمە خۆراکە بەدەست ناگات، ئەم نیگەرانیەش نارەوێتەوە تاکو وەك تاك و نەتەوەکان و دەوڵەتەکان، خۆپابەندی کەم کردنەوەی جیاوازیەکانی نێون ولاتانی دەولەمەندو هەژار و تاکی هەژار و دەولەمەند نەکەین و ئەو ڕێگریانەی بەردەم گەیشتنی خۆراك بەدەستی تاکەکان لەناو نەبەین. هەروەها ئەمە پابەند بوونێکی بەردەوام و دوور مەودای بە پەیداکردنی دەرامەتەکان و شارەزایی لە گشت بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی دەخوازێت.

**لێرە پێوستە ئاماژە بە دوو خالی سەرکی بدەین:**

**یەکەم،** ئەو بوارە حەیاتیەیە کە زۆرێك لە بیرورای جیاوازی لەسەر لەبارەی مەودای دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك. هەندێ پێیان وایە ئاسایشی خۆراك دەبێت لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمایەتیەکەی حسابی بۆ بکرێت، واتە هەر دەوڵەتە خۆی بەشی خۆی لە خۆراك بەرهەم بهێنێ. لەسەر ئەم بنەمایە هەر دەوڵەتە هەولدەدات بەشی خۆ لەخۆراك بەدەست بهێنێ بەشێوەیەك پیداویستیە سەرەکەکانی هاولاتیانی خۆیان پڕ بکەنەوە.

**دووەم،** چەمکی بەشی خۆ لە خۆراك لە چەمکی ئاسایشی خۆراك جیاوازە، چەمکی ئاسایشی خۆراك بە واتای ئەوە نایەت کە دەوڵەت هەرتەنها لە دەوری خۆی بخولێتەوە و لە جیهانی دەرەوە دابڕێ و هیچ پەیوەندیەکی بازرگانی وئالوگۆڕی بازرگانی نەکات. هەروەها مانای ئەوەش ناگەیەنێ کە دەوڵەت هەر هەموو ئەو شمەکانەی پێویستیەتی بەرهەم بهێنێ و هیچ گوێ بەسوودە ئابووریەکانی نەدات. ئەمڕۆ هیچ دەوڵەتێك نیە پێویستی بە هێنان و ناردنی



شمەك و خۆراك نەبێت، هەتاکو ئەو ولاتانەی زیادەشیان لە خۆراك هەیە. لەلایەکی دیکەوە چەمکی ئاسایشی خۆراك مانای دەستکەوتنی دراوی گرانبەهاش ناگەیەنێ کە دەوڵەت بەهۆیەوە بتوانێ سەرجەم پێداویستیە خۆراکییەکان لەدەرەوە بکرێت، ئاسایشی خۆراك لەم رەوشەی ئەمڕۆدا واتا دەوڵەت گەورەترین بڕ لە پێداویستە خۆراکییەکان بەرهەم بهێنێ، بەشێوەیەکی ئابووریانە کە بتوانێ کێبڕکێی شمەکە بیانیەکان بکات، هەروەها بتوانێ شمەکی ناردەنی پیشەسازی کشتوکاڵی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ دراوی گرانبەها بۆ کرینی پێداویستەکانی دیکە بەدەست بهێنێ.

# بەشی سێیەم

## گرفتەکانی نەبوونی ئاسایشی خۆراک

**قۆناغەکانی قەیرانی خۆراک**

**دانیشتوان**

**دەرامەتی سروشتی**

**خۆراک**

**کەلێنی خۆراک**

# بەشی سێیەم: گرفتی نەبوونی ئاسایشی خۆراک

بۆمان روون بووەوە، کە پێویستی مرۆڤ بۆ خۆراك یەکێکە لەهەر پێداویستە گرنگەکانی مرۆڤ، لەبەرئەوەی خۆراك پێویستیەکی غەریزی رۆژانە سێ تا چوار جار نۆژەن دەبێتەوە، بۆیە گرفتی پەیداکردنی خۆراك مێشکی بەشێکی زۆری لە کۆمەڵگاکانی داگیرکردووە. کەواتە گرفتەکە ئەمڕۆ پەیدانەبووە، هیچ رێگایەکیش لەبەردەم نەتەوەکاندا نیە، جگە لە گرنگی دان بە بوژاندنەوەی دەرامەتە خۆراکییەکانی نەبێت، چونکە ئەگەر وا نەکەن توشی برسیەتی و بەد خۆراکی و هەرەشەی ناچاربوون بۆ پەنابردنە بەر دەوڵەتانی دیکە و رازی بوونە بە مەرجەکانیان دەبن. لێرەوە دەتوانین گرفتی نەبوونی ئاسایشی خۆراك وا پێناسە بکەین کە (ترسە لەوەی کە بری خۆراکی بەردەست کەمترین خواستەکانی تاك لە خۆراك تێرنەکات).

**دوو جۆر لە گرفتی نەبوونی ئاسایشی خۆراك هەیە[18]:**

**نەبوونی ئاسایشی خۆراکی درێژخایەن:** ئەو حاڵەتەیە، کە تاك بەبەردەوامی ناتوانێ خۆراك بەدەست بێنێ، ئەم حاڵەتەش زیاتر کاریگەری لەسەر چینە هەژارەکان، ئەوانەی ناتوانن خۆراکی تەواو بکڕن یا بەرهەم بێنن هەیە.

**نەبوونی ئاسایشی خۆراکی تێپەر:** ئەو حاڵەتەیە، کە تاك لەماوەیەکی دیاریکراو بەهۆی گۆڕانکاریەکانی نرخ یا وشکە ساڵی یا کارەساتی سروشتی دیکە وەك لافاو ماوەیەك خۆراکی بەدەست ناگات.

[18] د. زياد الحافظ، أزمة الغذاء في الوطن العربي، نفس المصدر، ص١٣.

**لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان خۆراك و خواردن بکەین**

لە ٢٠/٤/١٩٩٦ وەزیری تەندروستی بەریتانی، جیهانی بەهەواڵی تووش بوونی ١٠ لاوی بە نەخۆشی مێشك و دواکەوتنی عەقلی سەرسام کرد، ئەو لاوانە گۆشتی چێلی نەخۆشیان خواردبوو. ئەم راگەیاندنەی وەزیری تەندروستی ئەگەری گواستنەوەی نەخۆشیەکەی لە چێلەوە بۆ مرۆڤ دەگەیاند، دوای ئەمە ئیدی رێوشوێنی پێویست بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیە کرا. سەرەتا هێنانی گۆشتی بەریتانیا قەدەغەکرا، دواتر دەوڵەتانی ئەوروپی داوایان کرد ١١ملیۆن چێلی بەریتانی لەناو ببرێت، ئەم رێوشوێنە توندانەش هەستیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر سەلامەتی خۆراك پیشاندەدات[19].

نەخۆشی شێتی مانگا نەخۆشیەکی لەسەرخۆیە و توشی مانگا دەبێت و خەسلەتی شێتی لێ بەدەردەخات بۆ مرۆڤیش دەگوازرێتەوە

## قۆناغەکانی قەیرانی خۆراك

**قۆناغی یەکەم**، لەم قۆناغەدا ئامانج گەورەکردنی بەرهەم بوو لەرووی چەندایەتیەوە، بۆ ئەوەی ئەو چەندایەتیە لەبەرهەم پێداویستە خۆراکییەکانی دانیشتوان دابین بکات. پێشینەی ئەو خۆراکانەش لەگەنم و شەکرو گۆشت و شیرنەمەنی و...هتد دەستی پێدەکرد و گەلێ جاریش بە مێوەجات کۆتایی دەهات. بۆیە سەیر نیە پلاندانەرانی سیاسەتی کشتوکاڵی پێشینەیان دەدات بەم خۆراکە سەرەکیانە، لەم قۆناغەدا کۆمەڵگا هەوڵدەدات تا دوا ئاستی بەکارهێنانی دەرامەتە بەردەستەکان چڕبکاتەوە.

[19] د. زیاد الحافظ، أزمة الغذاء في الوطن العربي، نفس المصدر، ص١٥.



**قۆناغی دووەم**، کە زۆر جار لەگەڵ قۆناغی یەکەمدا تێکەڵاو دەبێ و ئەم قۆناغە دوای ئەوەی کۆمەڵگا رادەیەکی بەرچاوی لە ئاسایشی خۆراکی بەدەست هێنا، دەست بە گرنگیدان بە خەسڵەتە جۆرییەکانی بەرهەمە خۆراکییەکان دەکات واتە لە قۆناغی چەندایەتی یەکەم بۆ قۆناغی چۆنایەتی خۆراك دەچێت و گرنگی بە چۆنایەکەی دەدرێت.

بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کەبەرهەمی خۆراك چەندی گرنگی چۆنایەتی پێبدرێت ئەوەندە، بەهای خستنە بازاڕی زیاتر دەبێت.

باشترین نموونە بۆ هەردوو قۆناغەکە رەوشی خۆراکی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دوای دووەم شەری جیهانە، ئەو وڵاتانە زۆر بە توندی بەرە و بەدیهێنانی گەورەکردنی بەرهەم و باشترکردنی بەرهەم لە رووی چەندایەتی یەوە چۆن، لەمەشدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژی پالپشتیان بوو. بەتایبەتی دوای بەکارهێنانی مادده کیمیاوییەکان لە کشتوکاڵکردن لەسەروی هەموویانەوە مادده قەڵاچۆکەرەکان و پەینی کیمیاوی و گیراوە جۆراو جۆرەکان و ئەنتی بایۆتیك.

**قۆناغی سێیەم**، کاتێ کۆمەڵگا توانای بەرهەمهێنانی تەواو و ئاستی گوزەرانی بەرزی دەبێت. دوای ئەوەی لە بری خۆراك (چەندایەتی) و جۆری خۆراك (چۆنایەتی) دڵنیادەبی، ئینجا قۆناغی سەلامەتی خۆراك دێت، لەم قۆناغەدا چاو بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بەرهەمی خۆراك دا دەگێردرێتەوە، بۆ ئەوەی لە زیانەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و مادده کیمیاویەکان بە دوور بین. لەمەشەوە ناکۆکیەك لە نێوان داواکارییەکانی قۆناغی یەکەم و قۆناغی سێیەم دەبینرێت.

ناکرێت چەندایەتی بەرهەم و سەلامەتی بەرهەم بەیەکەوە کۆبکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئامرازێك لەبەردەست دان کە هەماهەنگی لە نێوان (**چەندایەتی خۆراك و سەلامەتی خۆراك**)دا بکات، ئەمەش ئەو ئامرازانەن:

أ- یەکێ لەو فاکتەرانەی مەترسی لەسەر سەلامەتی خۆراك دروست دەکات کە لەهەموویان بەرچاوترە، بەکارهێنانی مادده کیمیاویەکانە لە پیشەسازی کشتوکاڵکردن. لەم ساڵانەی دوایی بەتایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی، گرنگیەکی زۆر بەمەسەلەی ئەو زیانانەی کە ئەو ماددانە لەسەر تەندرووستی مرۆڤ دروستی دەکات، درا. ئەم گرنگی دانەش لە ئەنجامی پیسبوونی مادده خۆراکییەکان بە تایبەتی سەوزەمەنی و میوەوە هات. زۆر بەکارهێنانی مادده کیمیاویەکان لەکشتوکاڵکردنی نوێ، هەستکردن بە سەلامەتی خۆراك کەم دەکاتەوە، هەندێجاریش گومانی لە بەکارهێنانی پەیدادەکرد. ئەم ترسە وایکرد دەنگی سنوردارکردنی بەکارهێنانی یا هەربەکار نەهێنانی لە هەموو لایەك بەرز ببێتەوە. بۆ نموونە رێژەی چەوری لە شیردا کە رێژەی ئاسایی ١میلگرامە کەچی بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی قەلاچۆکەری (T.D.D) بۆ ١,٢ میلگرام زیاد کردووە.

ب- بەکارهێنانی پەینی ئازوتی بە رێژەیەکی زۆر نیگەرانی لەسەر سەلامەتی خۆراك دروست دەکات، چونکە دەبێتە هۆی زیادکردنی رێژەی نیترات لەسەوزە و میوەجات، هەروەك زانراویشەوە نیترات لەرێگەی رووەکەکانەوە دەمژرێت، جا ئەگەر ئەو نیتراتە لە پێکهاتەی پرۆتینەکان بەشداری نەکات، ئەوا لەشانە رووەکیەکان وەك خۆی گلدەدرێتەوە، کاتێ لێدەنرێت (دەکریتە چێشت)، ئەو نیتراتانە بۆ نیتریت دەگۆڕێن و لەوانەیە بە پرۆتینەکانەوە بنووسێ و ببێتە هۆی شێرپەنجە.

ج- سەبارەت بە سامانی ئاژەلیش (گۆشت و شیرمەنی و هێلکە) مەترسیەکە لە پێدانی هۆرمۆناتی دەستکرد یا سروشتی بەدەردەکەوێت، چونکە ئەو هۆرمۆنانە ئەگەر بەشێوەیەکی باشیش بەکاربهێنرێت، هەر مەترسیدارە. بۆیە دەبینین زۆرێك



لەوڵاتانی ئەوروپی ئەو جۆرە بەرهەمە ناهێننە ناو وڵاتەکەیان، یەکەمجار ئەو هۆرمۆنی (DES) لەساڵی ١٩٧٥ بۆ قەڵەو کردنی گوڵك بەکاردەهێنرا. هۆرمۆنی (BST)تیش بۆ زیادکردنی شیر بەکاردەهێنرا. وڵاتانی ئەسکەندەنافی بەکارهێنانی هەموو جۆرە هۆرمۆنێك رەتدەکەنەوە، چونکە هاوسەنگی هۆرمۆنی ئاژەل دەشێوێنێ و بەتوندو تیژیش بۆ سەر ئاژەڵەکە دێتە ژماردن و سەرباری ئەوەی لەگەڵ شێوازی کشتوکاڵکردنی سەلامەت، ناگونجێ.

هەروەها مەترسیەکی دیکەی خۆراکی ئاژەڵی لە زۆر بەکارهێنانی ئەنتی بایۆتیك و داو و دەرمانی بەیتەرە بەدەردەکەوێت، کە وادەکات میکرۆبی بە بەرگری لەدژی ئەو ئەنتی بایۆتیکانە دروست بن.

## سەلامەتی خۆراك

خۆراك، واتە دابینکردنی خواردن بۆ هەموو دانیشتوان، هەرچی خواردنیشە واتا دەسکەوتنی ئەو خورادنانەی کە لەرووی تەندروستیەو، هاوسەنگە، کەواتە هەر دابین کردنی خۆراك بەتەنیا بەس نیە بۆ دابین کردنی ئاسایشی خۆراك، لێرەدا چەمکی سەلامەتی خۆراك خۆی دەسەپێنێ.

لەراستیدا مەسەلەی سەلامەتی خۆراك لە دوای زیاد بەکارهێنانی مادده کیمیاویەکان لە کشتوکاڵکردنی نوێ هاتە گۆرەپان، چونکە زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بەرێگای زیاد بەکارهێنانی مادده کیمیاویەکان مەترسی زۆر بۆ بەکاربەرەکانیش هێنایە پێش، دوای ئەمە قسە لەسەر پەیرەوکردنی رێگای دیکە بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە رێگەی کوشتوکالکردنی جێگرەوە یان کشتوکاڵی ئەندامی، کرا. ئەی کەواتە سەلامەتی خۆراك چیە؟

پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ چەمکی سەلامەتی خۆراك ئەوەیە کە (ڕەچاوی هەموو بارو دۆخێکی زەروری لە میانەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و پیشەسازیکردن و گلدانەوە و ئامادەکردنی خۆراك بکرێت، بۆ ئەوەی لەوە دلنیابین کە خۆراکەکە ساغ و سەلامەت و باوەر پێکراو تەندروست و گونجاوە بۆ بەکارهێنانی مرۆڤەکان)[20].

سەلامەتی خۆراك بەهەموو قۆناغەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی تاکو بەکارهێنانی لەلایەن هاوڵاتیانەوە گرێدراوە.

## ئاسایشی خۆراک لەم توێژینەوانەی خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە

### یەکەم: دانیشتوان (بەردەوام لە زۆربووندایە)

دانیشتوان یەکەمجار بەکاربەری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانن کە ئەرکی تێرکردنی ئاو دانیشتوانانە دەکەوێتە سەر کشتوکاڵ کردن بۆ ئەوەی پێداویستە سەرەکیەکانی دانیشتوان لە خۆراك دابین بکات، دووەم/ دانیشتوان بەرهەمهێنەری ئەو خۆراکانەشن کە لە پرۆسەی کشتوکاڵکردنەوە دێتە دەست، زۆر بوونی دانیشتوانیش پەیوەندیەکی ئۆرگانی بەتواناکانی دانیشتوان لەسەر وەبەرهێنانی دەرامەتە سرشتیە کشتوکاڵییەکان لە بەرهەمهێنانی خۆراکەوە هەیە، چەندی ئەو توانایە زۆر بیت، ئەوەندە دانیشتوانیش زۆر دەبێتەوە.

[20] محمد ولد عبدالدائم، مفاهيم تتعلق بالامن الغذائي، عن الموقع الجزيرة نيت.



هەر زۆربونێك لە ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەك لە شێوەکان مانای:

١- پێویستی زیاتر بە خۆراك، ئەم بارگرانیەش هەر دەکەوێتە ئەستۆی کشتوکاڵ. هەروەها کۆچی دانیشتوانی لادێ بەروە شارەکان دووبارە ئەو بارە گران دەکات، چونکە جۆر و بڕی خۆراکی شارنشینەکان لە لادێ نیشینەکان جیایە.

٢- دابڕاندنی دەرامەتی سروشتی (زەوی + ئاو) بۆ بەرژوەندی دابین کردنی پێداویستیەکانی دیکەی دانیشتوان بەکار دەهێنرێت.

٣- خێرو بێری کەرتی کشتوکاڵ لە هەندێ وڵاتی تازە پێگەیشتوو لەبری ئەوەی بۆ گەشەی کەرتی کشتوکاڵی بەکاربهێنرێت بۆ پێداویستی دیکەی دانیشتوان بەکاردهێنرێت.

٤- لە هەندێ ڕەوشدا زۆربوونی دانیشتوان کاریگەری نێگەتیڤانەی لەسەر ژینگە (بيئة)دا دانێت، وەك لە ناوبردنی دارستانەکان و پیسکردنی ژینگە.

ئەوەی جێی نیگەرانیە لەسەر ئاستە جیهانیەکەی، هەرتەنها زۆربوونی دانیشتوان نیە، بەڵکو ئەو ئاراستە خێرایەی زۆربوونە، بەتایبەتی ئەو زۆربوونەی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم جیهان بەخۆییەوە بینی، دانیشتوان هەر لە ساڵی ٨٠٠٠ پ.ز تاکو ساڵی (١٩٩٣) لە پێنج ملیۆن کەسەوە گەیشتە پێنج ملیارو پەنجاو حەوت کەس[21].

ئامارەکانی دانیشتوان لەم ماوەیەی دواییدا، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٩٣ ژمارەی گشتی دانیشتوانی جیهان بە ڕێژەی (٥١,٦٪) زیادی کردووە.

[21] د. محمد السيد عبدالسلام، الامن الغذائي للوطن العربي، سلسلة عالم المعرفة، ١٩٨٨ \، ص١٣.

ساڵی ۲۰۰۱ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکی (CIA) توێژینەوەیەکی لەمەر جیهان لە ساڵی ۲۰۱۵ بڵاوکردۆتەوە[۲۲]، ئاماژەی بەوە کردووە کە ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ۲۰۱۵ چاوەڕواندەکرێت لە ۱٦ملیار کەسەوە لە ساڵی ۲۰۰۰ بۆ نزیکەی ۲۷ملیار کەس لە ساڵی ۲۰۱۵ زیاد دەبێت. ساڵی ۱۷۹۸ زانای ئابووری بەریتانی تۆماس مالتس تیۆری ڕێژەیی زیادبوونی (دانیشتوان = خۆراك)ی دانا، خەڵکی لە مەترسیەکانی زیادبوونی دانیشتوان ئاگادارکردەوە بیرۆکەکەش لەم بارەیەوە ئەوەبوو:

**خۆراك ۱ ۲ ۳ ٤ ٥ ٦...... زۆربوونی ژمارەیی**

**دانیشتوان ۱ ۲ ٤ ۸ ١٦ ۳۲.... زۆربوونی ئەندازەیی.**

بەمەش بەردەوام ڕێژەی بەرهەمی خۆراکی کەمترە لە ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوان، لێرەوەبوو، مالتس مەترسیەکانی زۆربوونی دانیشتوانی ڕوونکردەوە.

**دووەم: دەرامەتە سروشتیەکان**

هەریەکە لە زەوی (خاك) و ئاو دوو پێکهاتەی سەرەکی دەرامەتە سروشتیە کشتوکاڵییەکانن، کشتوکاڵکردنیش پشتیان پێدەبەستێ، ئەو خۆراکانەی بەرهەمی دێنن و بەشی تاکێك لەو بەرهەمانە بەم شێوەیە[۲۱].

لەنێوان ساڵانی ۱۹۷۰- ۱۹۹۲ زەوییە کشتوکاڵییەکان بەرێژەی ۲٪ زیادی کردوە، لەهەمان ماوە پرۆژەکانی ئاودێری بەرێژەی ٤۷٪ زیادی کردووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی نزیکە لە ڕێژەی دانیشتوان.

[۲۲] مستقبل العالم في عام ۲۰۱۵، جريدة الشرق الاوسط، العدد الصادرة في ۲۰۰۱/۲/۲، هەروەها سەیری ڕۆژنامەی الصباح ژمارەی ڕۆژی ۲۰۰۵/۸/۱۱ بکە.



لەسەر ئاستی جیهانی گەشەکردنی دانیشتوان و چالاکیەکانی چاکسازی زەوی نوێ بۆ کشتوکاڵکردن هاوهەنگاو بەیەکەوە ناچنە پێش، ئەمەش بە ڕوونی ئاشکرا (سنورداربوونی زەوی کشتوکاڵی و دەرامەتی سرشتی و سەختی بە فراوانکردنی زەوی کشتوکاڵی دەگەیەنێ، زۆر هۆکار لە پشتەوەی ئەم سنوردابوونەی زەوی و دەرامەتی سروشتیەوە وەستاوە لەوانە:

۱- نەبوونی زەوی تازە بۆ چاکسازی.

۲- ئەگەر زەویش هەبێ، ئاوی پێویست بۆ ئاودێری نیە.

۳- نەبوونی پرۆسەی وەبەرهێنان.

لەبەرئەوەی زەوی خاکی کشتوکاڵی سنوردارە، ژمارەی دانیشتوانیش بەردەوام ڕوو لە زیاد بووندایە، چاوەڕوان دەکرێت، بۆ پڕکردنەوەی خواستە خۆراکییەکانی دانیشتوان پەنا بۆ زیاتر بەرهەمدارکردنی ئەو خاکانە بدرێت.

دەرامەتی ئاوی، هەروەك دەرامەتی زەوی سنووردارە، زیادبوونی دانیشتوان بەشی تاك لەبەرهەمی ئاو لە کەمبوونەوە دایە، **سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ئاویش** ئەمانەن.

۱- **باران:** کەدەکرێت سەرچاوەی ئاوی باران بە نەگۆر دابنرێت.

۲- **ڕووبار:** بەشێکی زۆری ئاوی ڕووبارەکان لە پرۆژەکانی ئاودێرە پیشەسازی بەکارهێنراوە، هەندێ ڕووباریش هەن، ئاوەکەیان بۆ ئاودێری بەکارنایەت لەبەرئەوەی زەوییەکانی دەوروبەریان پێویستی پێیان نیە وەك ڕووباری ئەمازۆن لە بەرازیل و ڕووباری کۆنگۆ لە زائیر.

۳- **ئاوی ژێر زەوی:** ڕێژەکەی سنووردارە، لەزۆربەی وڵاتان کاری پێدەکرێت.

زۆرێك لە زانا ئابوورییەکان هەر لەسەدەی نۆزدەوە پێشبینی کەمبوونەوەی سەرچاوەی دەرامەتە سروشتیەکانیان کرد ئەوانە سەرەتا جەختیان لەسەر دەرامەتی زەوی خاك کردەوە، پێشبینی ئەوەیان کرد، کە بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان ئەو دەرامەتە ناتوانێ پێداویستە سەرەکیەکانی ئەو دانیشتوانە دابین بکات. ئەو زانایانە گەیشتنە ئەو بروایەی کە (زۆر بەکارهێنانی دەرامەتی سروشتی کاریگەری لەسەر ڕێژەی ئەو دەرامەتە و جۆرەکەشی دەکات[23].

ئابووری ناسە بەراییەکان (مالتۆس و ریکاردۆ و سمیس و میل) گەیشتنە ئەو رایەی کە کەمبوونەوەی بەردەوامی دەرامەتە سروشتیەکان کە بەیاسای (کەمبوونەوەی بەرهەم) ناسرا، بەشێویەکی راستە وخۆ کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی تێچوونەکانی بەرهەمەوە هەیە.
مالتۆس ئەم یاسایەی لە کەرتی کشتوکاڵدا، جێبەجێکرد، هۆکاری ئەمەش بۆ کەم بوونەوەی زەوی کشتوکاڵ و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان گەراندەوە، لەراستیدا زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بۆ ئەو هەرێمانەی زەویان کەمە گرفتە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش دەبێت بەرهەمداری زەوی زیاد بکرێت زیادکردنی بەرهەمدارێتی زەویش تێچوونی بەرهەم زیاد دەکات.

### سێیەم: خۆراك

هەروەك لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد، پێکهاتە سەرکیەکانی خۆراك لە ١- کاربۆهیدارات ٢- پرۆتینەکان ٣- ڤیتامینەکان ٤- ماددە کانزاییەکان، کە لەشی مرۆڤ زۆر پێویستی پێیەتی بۆ چالاکی نواندن.

[23] د. محمد السيد عبدالسلام، هەمان سەرچاوە، ص٧٥



هەندێ بەرهەمی خۆراك وەك گەنم و برنج و شاندەری و پەتاتە، بەخۆراکی سەرەنکی دادەنرێت لەپاڵ خۆراکە پرۆتینیەکانی دیکە کە لە رێگەی بەرهەمی ئاژەلانەوە دێتە دەست، ئاستی پشت بەستن بەم خۆراکانە لە کۆمەلگەیەك بۆ کۆمەلگەیەکی دی دەگۆرێت.

بەهەرحال هەریەکە لە گەنم و برنج بە خۆراکی راستەوخۆ دادەنرێت، کە زۆربەی جار پێیان دەگوترێت (دانەوێڵەی خۆراکی). هەریەکە لە گەنم و برنج نزیکەی ٥٧٪ی بەرهەمی هەمووەکی دانەوێڵەی جیهان پێکدێنن، لەبەرئەوەی گەنم بە بربرەی پشتی بەرهەمی کشتوکاڵی دادەنرێت، لەزۆربەی دەوڵەتان بەتایبەتی لە ولاتە تازە پێگەیشتووەکان، بۆیە هەرگۆرانکارییەك لە زیادە بەرهەم، ئاماژەیەکی باش بەرەوشی خۆراك لە ولاتانە دەدات، ئەو گەشەکردنە گەورەیەی کە لە بورای بەرهەمی خۆراك لەم چەند ساڵەی دوایی روویداوە ساڵی رابردوو[24]، لەئەنجامی بەهێزکردنی بەهەمداری (الانتاجیە) زەوییەوە بووە، نەوەك بەهۆی زۆرکردنی رووبەری زەوییەکان، واتە لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە بووە.

ئەو ئاستە لە گەشەکردنی بەرهەمی خۆراکیش، زیادبوونێکی بەرچاووی لە ژمارەی دانیشتوان و کەمی بەرهەمی خۆراکی ورژاندنی، دوای شۆرشی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەو ترسو نیکەرانیانە تارادەیەك رەوینەوە، بەلام ساڵی ١٩٦٥ و ١٩١٦ کاتێ وشکە ساڵی باشوری ئاسیا (هیندو پاکستان)ی گرتەوە، دووبارە نیگەرانی و ترس رووی لە کۆمەلگەی مرۆڤایەتی کرد، بەرهەمی دانەوێڵەی گەنم نزیکەی ١٦٪ دابەزی[25]. لە توێژینەوە لە گرفتی خۆراك دەتوانین بلێین لەگەڵ ئەو بەرەو پێش چوونە بەرچاوەی لە بەرهەمی

[24] الاستاذ صالح عبدالغفور، الموارد الطبيعية و أقتصاديات نفاذها، مؤخوذه عن الموقع (الجسر التنمية) ص٥.

[25] د. محمد السيد عبدالسلام، هەمان سەرچاوە، ص١٨٧.

خۆراک، هێشتا رادەی تاک لە وەرگرتنی خۆراک کەمە هەوەرها ئەو ناسەقامگیرەی تاک لە وەرگرتنی خۆراک کەمەو هەوروەها ئەو ناسەقامگیرەی بەرهەمی خۆراک کەمە، هەروەها ئەو ناسەقامگیرەی بەرهەمی خۆراک لەساڵێک بۆ ساڵێکی دیکە بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ناسەقامگیرە لە نرخەکانیش بەداو خۆیدا دێنێ، چاوەروان دەکرێت رەوشی خۆراکی جیهانی لە چەند ساڵی دادێ خراپتر بێت، ئەگەر کێشەی برسیەتی و هەژاری چارەسەر نەکرێت.

## چوارەم: روخسارەکانی قەیرانی خۆراک

قەیرانی خۆراک، ئەو کاتە زۆر بەزەقی بە دیار دەکەوێت، کە دەوڵەت نەتوانێ بەشی پێداویستیە خۆراکییەکانی هاوڵاتیانی لە نێو خۆی دابین بکات و بەردەوام، پەنا بۆ دەرەوەی سنورەکانی ببات، هەروەها کاتێ بەشی تاک لە خۆراک ساڵ لە دوای ساڵ بەرو خراپی بچێت، لەلایەکی دیکەوە لاوازی کەرتی کشتوکاڵی لە دابینکردنی پێداویستیە خۆراکییەکان وا دەکات هاوردنی خۆراکی زیاد بێت ئەمەش دەخوازێت دراوی بیانی بەدەست بێنێ دواتریش دەبێت هەندێ لە سامانی دەوڵەت لەم پێناوەدا بکرێتە قوربانی.

**ئەو فاکتەرانەی کار لە قەیرانی خۆراک دەکەن[٢٦].**

١- فاکتەرە دیموگرافیەکان لەباسی دانیشتوان، لەسەرمان نووسی.

٢- فاکتەرە سروشتیەکان: ئەو فاکتەرانەی وا دەکات بەرهەمی کشتوکاڵی نەتوانێ خواستە خۆارکییەکانی دانیشتوان دابین نەکات ئەمانەن:

٢٦ مصطفى ولد سيد محمد، تشخيص أزمة الامن الغذائي، المصدر الجزيرة نيت.



★ کەمبوونەوەی ئەو زەویانەی کە بۆ کشتوکاڵکردن، بەکەڵک دێن یاسوود وەنەکرتنی تەواو لەو زەویانەی بۆ کشتوکاڵکردن بەکاردێت.

★ پشت بەستنی کەرتی کشتوکاڵی بەسروشتی باران کە خەسلەتێکی گۆراوی هەیە، لەساڵێک بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە.

★ کەمی ئاو و خراپ بەکارهێنانی و بە فیرۆدانی.

★ لافاو و ئاگرکەوتنەوە و ئافاتی کشتوکاڵی.

ئەم کەلێنەش لە ئەنجامی کارلێکی هێزی خواست و خستنەرووی خۆراک دێتە دەست، کەلێنی خۆراک پێمان دەڵێت، بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی بەشی چەندی پێداویستەکان دەکات، چەندی ئەو کەلێنیە زیاتر بێت ئەوە ئاماژە بۆ ئەوەی کە ئابووری وڵات ناتوانێ پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان لە خۆراک دابین بکات، بۆ پرکردنەوەی ئەم کەلێنەش دەوڵەت ناچارە پەنا بۆ سیاسەتی هاوردەیی خۆراک ببات.

لەو هاوکێشەیەی سەرەوە، ئەو برە خۆراکەی کە رۆژانە مرۆڤ پێویستیەتی دیاری نەکراوە، هەروەها چۆنیەتی دابەشکردنی خۆراکی خێزانەکانیش دیاری نەکراوە، ئەم تێگەیشتنە لە کەلێنی خۆراک زۆر لە چەمکی ئاسایشی خۆراک نزیک دەبێتەوە.

لەراستیدا کەلێنی راستەقینەی خۆراک توانای روونکردنوەی قەیرانی خۆارکی بە تەنیا نیە بەڵکو پێویستە کەلێنی پێوانەیی خۆراک لەبەرچاو بگرین، کەلێنی پێوانەیی خۆراکیش بە جیاوازی نێوان بەشی رۆژانەی تاک لە پێداویستە سەرەکیەکانی کالۆری گەرمی و تێکرایی ئەو کالۆری گەرمیانەی ئەو تاکە لە رۆژێک بەدەستی دێنێ، دەپێورێت.

| |
|---|
| **کەلێنی پێوانەیی خۆراك = پێداویستە سەرەکیەکان لە کالۆری گەرمی ــ تێکرای ئەو کالۆریانەی وەریگرتوون** |

ئەگەر تێکرای ئەو کالۆریانەی تاکێك ڕۆژانە وەریگرتوون کەمتر بوون لە پێداویستیە سەرەکیەکان لە کالۆری گەرمی، کەواتە بۆ کەلێنمان لە خۆراکدا هەیە.

## پێنجەم: کەلێنی خۆراك

کەلێنی خۆراك بەبڕی جیاوازی نێوان بەرهەمی خۆماڵی خۆراك و کۆی خۆراکی هاوردە ناسراوە. چەندی خواست لەسەر خۆراك زیاد بێت ئەوەندە کەلێنی خۆراك زیاتر دەبێت، چەند بەرهەمی خۆراك نەتوانێ هاوشانی بەرکارهێنانی خۆراك بڕوات، ئەوەندە کەلێنی خۆراك زیاد دەبێت. چەندی کەلێنی خۆراکیش زیاد بێت، ئەوەندە دەوڵەت پێویستی بەپارە دەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە.

نزمی گەشەی بەرهەمی خۆراك کە بەرێژەی ١,٥٪ تا ٢,٥٪ ساڵانە گەشەدەکات لە بەرامبەر خواستی بەکارهێنانی خۆراك کە بەرێژەی ٤٪ تا ٥٪ ساڵانە زیاد دەبێت، کەلێنی خۆراك زیاتر دەبێت[٢٧].

**بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر لە کەلێنی خۆراك هەیە[٢٨].**

یەکەم، کەلێنی ڕاستەقینەی خۆراك و کەلێنی پێوانەیی خۆراك، کەلێنی ڕاستەقینەی خۆراك لەسەر ئاستی نێوخۆیی بە جیاوازی نێون کۆی پێداویستیە

[٢٧] زياد عربية ابن على، الفجوة الغذائية في الدول العربية، جريدة العربية، العدد الصادرة في ٢٢ مايو ٢٠٠٥.

[٢٨] د. رمضان محمد مقلد، إقتصاديات، الموارد والبيئة، هەمان سەرچاوە، ص٢٢.



خۆراکییەکان (بەکاربردنی ڕاستەقینەی خۆراك) و قەبارەی بەرهەمی خۆماڵی لە خۆراك لەبەرامبەر پڕکردنەوەی پێداویستیەکان پیشاندەدات:

| |
|---|
| کەلێن لە خۆراك = بەکاربردنی ڕاستەقینە – بەرهەمی خۆماڵی |

بۆ نمونە ئەگەر هەرێمێك ساڵانە ١٠ ٠٠٠ تەن لە گەنمی بۆ دانیشتوانەکەی پێویست بێ توانای بەرهەمی خۆماڵی ٧٠٠٠ تەن بێت ئەوا بری کەلێنی خۆراکی گەنم ٣٠٠٠ تەنە

**کەلێنی لەخۆراك = ١٠٠٠٠ – ٧٠٠٠= ٣٠٠٠ تەن**

بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیەش، ئێمە بەئاسانی دەتوانین ڕادەی بەد خۆراکی تاکەکان و خێزانەکان دیاری بکەین.

لەبەرئەوەی ئاسایشی خۆراك پێنج خەسلەتی سەرەکی هەیە ئەگەر یەکێك لەوانە کەم بێت واتا تووشی قەیرانی ئاسایشی خۆراك بووینە:

١- **دابینکردن:** واتا توانای بەرهەم هێنان و گلدانەوە و هێنانی خۆراك بۆ دابین کردنی پێداویستیە خۆراکییەکانی هاوڵاتیان.

٢- **سەقامگیری:** بڕ و جۆری خۆراك سەقامگیربێت و کەم نەکات

٣- **بەردەوامیێتی:** واتە بەردەوامی لە دابینکردی خۆراك.

٤- **دادپەروەری:** واتە کاتێ خۆراك بەردەستکرا، پێویستە هەموو تاکێك بەشێوەیەکی دادپەروەرانە خۆراکیان بەدەست بگات.

٥- **سەلامەتی:** واتە ئەو خۆراکەی کە دانیشتوان بەکاری دێنن دەبێ لە رووی تەندروسیەوە گونجاو بێت.

جا نەبوونی هەریەکە لەمانە ئاسایشی خۆراک دەخاتە مەترسیەوە حالەتی قەیرانی ئاسایشی خۆراک دێنێتە کایەوە.

## ئاماژەکانی کەلێنی خۆراک[٢٩]

### ئاماژەی یەکەم: ڕێژەی بەشی خۆ لەخۆراک

ڕێژەی بەشی خۆ لە خۆراک لە ڕێگەی دابەشکردنی قەبارەی بەرهەمهێنانی نێوە خۆ بەسەر قەبارەی بەکارهێنانی ڕاستەقینە کەلێنی ڕاستەقینەی خۆراکمان بۆ دەردەچێت، هەر کاتێ قەبارەی بەرهەمی نێوخۆیی لە قەبارەی بەکاربردن کەمتر بوو، ئەوا واتای ئەوەیە کە ڕێژەی بەشی خۆ لەخۆراک لە ١٠٠٪ کەمترە بۆ نموونە ئەگەر ولاتێك قەبارەی بەرهەمە خۆراکییەکانی بگاتە بڕی (٨٠٠ ٠٠٠) دۆلار و قەبارەی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی خۆراکیش (٢٠٠٠ ٠٠٠) دۆلار بێت، ئەوا کەلێنی خۆراک بەم شێوەیە دەردێنین.

$$\text{کەلێنی خۆراک} = \frac{\text{قەبارەی بەرهەمی خۆماڵی}}{\text{قەبارەی ڕاستەقینەی خۆراکی بەکاربراو}} \times ١٠٠$$

$$\frac{٨٠٠٠٠٠}{٢٠٠٠٠٠٠} \times ١٠٠ = ٤٠\%$$

$$١٠٠\% - ٤٠\% = ٦٠\%$$

[٢٩] د. رمضان محمد مقلد، هەمان سەرچاوە، ص٢٣.



کەواتە ڕێژەی کەلێنی لە خۆراک ٦٠٪ی بەرهەمی نێوخۆیە، ئەو کەلێنیەش لە خۆراک بەپشت بەستن بە دونیای دەرەوە، یا لەڕێگەی هاوردەی ماددە خۆراکییەکان. یا لەڕێگەی یارمەتییەکان یا هەردوو بەیەکەوە، پڕ دەکرێتەوە، بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە، ئەو کاتەی کە قەبارەی بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی بگاتە ئاستی داواکارییە نێوخۆییەکانی خۆراک ئەو کات ئەو کەلێنیە لە خۆراک پڕ دبێتەوە و ئاسایشی خۆراک بەرقەرار دەبێت. واتە ڕێژەی بەشی خۆ لە خۆراک بگاتە ١٠٠٪، کاتێ بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی لە قەبارەی بەرهەمی بەکاربراو زیارتر دەبێت، ئەو کات زیادەمان دەبێت لە خۆراک، بەمەش ڕێژەکە لە ١٠٠٪ زیاتر دەبێت، لەم حالەتەش ولات بەرهەمەکە بۆ دەرەوە ڕەوانەی دەکات.

زۆری خواستەکان لەسەر بەرهەمی خۆراکی خێراترە لە تێکرایی گەشەی بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی، ئەمەش قەبارەی کەلێنی خۆراک زیاتر دەکات، هەروەها ڕێژەیی بەشی خۆ لەخۆراک دادەبەزێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی:

★ کەمبوونەوەی بەشی تاك لە بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی.

★ زۆربوونی ژمارەی ئەوانەی تووشی بەد خۆراکی دەبن.

★ دەولەت زیاتر پشت بە دونیای دەرەوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی خۆراک دەبەستێ، ئەمەش لە ڕێگەی زیاترکردنی هاوردە خۆراکییەکان یا پشت بەستن بە یارمەتییە دەرەکیەکان.

★ لەوانە دەولەت ناچار بێت بەرهەمی خۆراکی باش ڕەوانەی دەرەوە بکات و لەبری خواردنی خراپتر بهێنێ.

ئەم ئاماژەیە، ئەم رەخانەی ئاراستە دەکرێت:

١- زۆربەی جار ئامانجی بەشی خۆ لەخۆراک لەگەڵ ئامانجی بەکارهێنانی باشتری دەرامەتەکان ناکۆکە، ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر پرۆسەی بوژاندنەوە دادەنێت.

٢- لەم ئاماژەدا، پرەنسیبی دادوەری لە دابەشکردنی خۆراک، پشت گوێ خراوە، چونکە لەوانەیە رێژەی بەشی خۆ لەخۆراک ١٠٠٪ بێت بەڵام هەموو تاکێک خۆراکی دەست نەکەوێت، بەردەوام چینێکی کەم لە دەولەمەندەکان زۆرینەی خۆراکیان دەست دەکەوێت، ئەمەش تەرازووی شێوازی دابەشکردنی خۆراک لەسەر ئاستی نەتەوەیی لاسەنگ دەکات.

**ئاماژەی دووەم: قەبارەی هاوردە و یارمەتییە خۆراکییەکان**

ئەم ئاماژەیە پشت بە قەبارەی راستەقینەی کەلێنی خۆراک دەبەستێت و رووی دووەمی گرفتی ئاسایشی خۆراک، کەخۆی لە کەلێنی راستەقیەنی خۆراک دەنوێنێ، بەدەردەخات.

بە گوێرەی ئەم ئاماژەیە، قەبارەی راستەقینەی کەلێنی خۆراک یەکسانە بە کۆی خۆراکە هاوردەکان و یارمەتییە خۆراکییەکان.

| |
|---|
| کەلێنی خۆراک= خۆراکی هاوردە + یارمەتییە خۆراکییەکان |

بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێک قەبارەی هاوردە خۆراکییەکانی لە گەنم (٧٠ ٠٠٠) هەزار تەن، بێت و (٣٠ ٠٠٠) هەزار تەنیشی یارمەتی لە وڵاتانی دیکە وەرگرتبێ.



کەواتە، ئەو وڵاتاتە بری (١٠٠ ٠٠٠) تەن لە گەنم کەلێنی هەیە، ئەمەش گرفتی ئاسایشی خۆراکمان پێ نیشان دەدات. لە حالەتێکدا ئەگەر بەشی خۆراک، تاکە ئامرازی بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک بێت، ئەوا چەندی قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان و یارمەتییە خۆراکییەکان زیاد بێت، ئەوەندەی ئەو کەلێنەی لە خۆراکدا هەیە زیاتر دەبێت.

**ئەم ئاماژەیەش ئەم رەخنانەی ئاراستە دەکرێت:**

١- قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان، ئاماژەیەکی وردی ئاسایشی خۆراک پیشان نادات، لەوانەیە قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان بچووک بێت بەهۆی نەبوونی پارەی تەواو، بەڵام مانای ئەونیە کە کەلێنی لە خۆراکمان بچوکە.

٢- قەبارەی یارمەتییە خۆراکییەکان، بەهۆکارە سیاسیەکانەوە گرێدراوە، ئەم هۆکارانەش ناکرێت لە نێو خۆوە، فشاریان بخەینە سەر، بۆیە زۆرێک لە ئابووری ناسەکانی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان، پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە پشت بەو یارمەتییە خۆراکیانە نەبەسترێ.

٣- قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان و یارمەتییە خۆراکییەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی بە بارودۆخە لەناکاوەکانەوە بەندە، وەکو سەردەمی شەرەکان و فشارە سیاسیەکان (گەمارۆی ئابووری) یا رەوشی وشکە ساڵی یا قەیرانی جیهانی خۆراک، وەکو دیارە لەو رەوشانەشدا قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان و یارمەتییەکان کەم دەبێتەوە، ئەم کەم بوونەوەیەش نیشانەی باشتر بوونی ئاستی ئاسایشی خۆراک ناگەیەنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە توندی قەیرانی ئاسایشی خۆراک بەدەردەخات.

٤- ئەم ئاماژەیەش وەکو ئاماژەی یەکەم پرەنسیبی دادوەری دابەشکردنی خۆراک پشتگوێ دەخات.

## ئەو فاکتەرانەی کار لە قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان دەکەن

قەبارەی بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی، توانای پرکردنەوەی پێداویستیە خۆراکییە خۆماڵییکان ناکات، بۆیە چەندی ئەو قەبارەیە گەورە بێت ئەوەندە، قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان بچووك بێت، قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان گەورە دەبێت، کەواتە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان قەبارەی بەرهەمی خۆماڵی و قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان هەیە، ئەو وڵاتانەی قەبارەی بەرهەمە خۆرکیەکان بەشی تێرکردنی پێداویستیەکان دەکات، کەمتر ناچار دەبن بەشێك لەسەرچاوە داراییەکانیان، بۆ پرکردنەوەی پێداویستیە خۆراکییەکان خەرج دەکەن.

١- قەبارەی لاسەنگی خۆراك: کە خۆی لەقەبارەی کەلێنی خۆراك دەنوێنێ، کە ئەمەش بەهۆی کەمی بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی لە تێرکردنی پێداویستە خۆراکییەکان، سەرچاوە دەگرێت. دواتریش پەنا بردن بۆ دەرەوە، لەرێگای هاوردە خۆراکییەکان بۆ پرکردنەوەی ئەو کەلێنیەی دروست بووە، پەیوەندیەکی راستەوانە لە نێوان قەبارەی لاسەنگی خۆراك و قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان هەیە، چەندی قەبارەی لاسەنگی خۆراك گەورەبێت، قەبارەی هاوردە خۆراکییەکانیش گەورە دەبێت، بەمەش لاسەنگی خۆراك گرنگترین فاکتەرەکانی دیاریکردنی قەبارەی هاوردە خۆراکییەکانە

٢- توانای دارایی دەوڵەت، کە خۆی لەو دەرامەتە داراییە بیانیانە دەنوێنێ کە لای دەوڵەت کۆبۆتەوە، کە بەهۆیانەوە دەوڵەت دەتوانێ بەهای ئەو لیستە خۆراکییە هاوردانە بدات، چەندی توانا داراییەکانی دەوڵەت زۆر بێت ئەوندە یارمەتی دەوڵەت دەدات کە پێداویستیە خۆراکییەکان لە دەرەوەی سنور بهێنێتە ناو وڵات و ئەو کەلێنیە خۆراکییەی دروستبووە، پڕ بکاتەوە. وڵاتی ژاپۆن و وڵاتەکانی کەنداو، ئەم خەسلەتەیان لە ئابووری دەوڵەتدا هەیە.



ئەگەر دەوڵەت توانای پەیداکردنی دراوی بیانی (النقد الاجنبی) کەم بوو، تواناکانی بەدەست هێنانی پێداویستیە خۆراکییەکانیش کەم دەبێت، بەمەش ناچار دەبێ پەنا بۆ وڵاتی دەرەکی ببات، ئەو هاوردە خۆراکییەکان بە قەرز پر بکاتەوە.

٣- نرخی خۆراکی جیهانی و گۆرانکاریەکانی، پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان هاوردە خۆراکییەکان و نرخی جیهانی خۆراك هەیە، چەندی نرخەکانی خۆراك بەدوای یەکدا بەرزببنەوە (هەروەك ئەوەی لە قەیرانی خۆراکی جیهانی لە ساڵی ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ روویدا)، ئەوەندە باری دەوڵەت قورس دەبێت، بەپێچەوانەشەوە، چەندی نرخەکانی خۆراك لە بازارەکانی جیهان جێگیر بێت و هەڵبەز و دابەزی لەناکاوی تێنەکەوێت ئەئوەندە، دەوڵەت دەتوانێ ئەو خۆراکانە لەرێگای هاوردە خۆراکییەکانەوە دابین بکات.

٤- سروشتی بازاری خۆراکی جیهانی، وڵاتە سەرمایە دارە پێشکەوتووەکان سێبەریان بەسەر بازاری خۆراکی جیهانی داگرتووە، بەتایبەتی گەنم، زۆربەی بازارەکانی گەنم لە لایەن هەریەکە لە ئەمریکاو فەرەنساو کەنەداو ئوسترالیاوە کۆنترۆڵکراوە.

خەست بوونەوەی بازارەکان لە چوار دەوڵەت وادەکات هەر گۆڕانکارییەکی ئابووری لەم وڵاتانە رووبدات، کاریگەری خراپی لەسەر بازارەکە دەبێت، بەمەش پشت بەستن بەهاوردە خۆراکییەکان دڵنیاکەر و زامن نابێت.

## کاریگەرییە خراپەکانی هاوردە خۆراکییەکان

١- هاوردە خۆراکییەکان کۆسپن لەبەردەم پرۆسەی بوژاندنەوەی ئابووری، هەروەك باسمان کرد بەهای هاوردە خۆراکییەکان پشت بەبری ئەو پارانەی لای

دەوڵەت کۆبۆتەوە، دەبەستێ، کەواتە چەندی قەبارەی هاوردە خۆراکییەکان زیاتر بێت، ئەوەندە دەوڵەت ناچار دەبێت دراوی بیانی بۆ بەهای ئەو هاوردە خۆراکیانە خەرج بکات، بەمەش دەوڵەت لەبری ئەوەی بێت پارە لە کرینی ئامێرو شمەکی بەرهەمهێن خەرج بکات، کە بۆ بوژاندنەوەی ئابوری گرنگن، پارە کە بۆ دابینکردنی خۆراك خەرج دەکات.

٢- تێکدانی پێوانەکانی نرخ، لەبەرئەوەی بەرووخستنی خۆراك لەبازارەکانی ئەو ولاتانەی هارودەی خۆراکیان هەیە لە دوو سەرچاوە دێن، یەکێکیان نرخی ئەو خۆراکانەی لە نێو خۆدا بەرهەم دەهێنرێت، کە نرخی نیشتیمانی لەسەرە، دووەم نرخی ئەو خۆراکانەی لەدەرەوە دەهێنرێت، کە نرخی بازارەکانی جیهانی لەسەرە، بەمەش زۆربەی جار دەبینین سێئاست لەنرخ هەیە: یەکەم نرخی بەرهەمە نێوخۆییەکان، کە ئاستەکەی لە نرخی جیهانی کەمترە، دووەم نرخی جیهانی کە ئاستەکەی لەنرخی بەرهەمە نێوخۆییەکان زیاترە، سێیەم نرخی بەکاربەر (ئەگەر لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی بکرێت لەهەردوو نرخەکەی دیکە کەمترە).

٣- بارگرانکردنی تەرازووی پێدراوەکان، ئەو زیادە بەردەوامەی هاوردە خۆراکییەکان، تەرازووی بازرگانی خۆراکی لاسەنگ کردووە و تەرازووی پێدراوەکانی بارگران کردووە، بەمەش دەوڵەت ناچار دەبێ نەك هەر بۆ پرۆژەکانی بوژاندنەوەی، بەڵکو بۆ لاسەنگی دەرامەتە خۆراکییەکان پەنا بۆ پرۆسەی قەرزکردن لەدەرەوە ببات.



## یارمەتییە خۆراکییەکان

یارمەتییە خۆراکییەکان (المعونات الغذائية): ئامرازێکە بەهۆیەوە بەشێك لەو خۆراکە زیادانەی ولاتە پێشکەوتووەکان، بۆ ولاتە دواکەوتووەکان ئەوانەی کەلێن لە خۆراکیان هەیە، لە رێگەی بازار یا لە دەرەوەی بازار دەنێردرێت. یارمەتییە خۆراکییەکان بەشێوەیەك لە شێوەکانی بەخشین دادەنرێت، بەخشینیش یا لەشێوەی بەخشینێکی پاك یا لە شێوەی بەخشینێکی ئاسانکاری دەبێت. لەراستیدا یارمەتییە خۆراکییەکان بۆ کەمکردنەوەی لاسەنگی خۆراکی لەو ولاتە هەژارانەی کە ناتوانن هاوردەی خۆراك بەهۆی کەمی دراوی بیانی بکەن، بەکاردەهێنرێت. یارمەتییە خۆراکییەکان لەو بەرهەمە خۆراکییە کشتوکاڵییە زیادانە پێکهاتووە، کە ولاتە پێشکەوتوەکان دەیبەخشنە ولاتە هەژارەکان، هەریەکە لە ئەمریکاو کەنەدا و پرۆگرامی خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گرنگترین ئەو لایەنانە دادەنرێت، کە یارمەتییە خۆراکییەکان دەبەخشن، یارمەتییە خۆراکییەکان یا ئەوەتا دەبەخشرێ یا لە شێوەی قەرزی ئاسانکراو دەدرێت.

### یاسای ٤٨٠

پرۆگرامی خۆراکی ئەمریکی، کە بەناوی (خۆراك لەپێناوی ئاشتی) یان (یاسای ٤٨٠) ناسراوە، سێ دەروازەی هەیە:

**دەروازەی یەکەم**، لایەنی فرۆشتنیەکان: لەم دەروازەیەدا ئەمریکا کاڵای کشتوکاڵی بەمەرجی ئاسان پێشکەش دەکات، بەمەرجێ لەماوەی ٣٠ساڵ پارەکەی بدرێت، دوای تێپەربوونی ١٠ ساڵ ئەمریکا ٢٪ نرخی سوود وەردەگرێت، بۆ ماوەیەکی دیکە رێژەی ٣٪ وەردەگرێت.

ئەم دەروازەیە بە ڕێژەی ٦٠٪ی پرۆگرامەکە پێکدێنێ. ساڵی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٠هەریەکە لە (میسر، هیندستان، ئەندەنوسیا، بەنگلادێش، پاکستان، پرتوگال، کۆریای باشور، هایتی و سریلانکا) ڕێژەی ٤٥٪ی بەخشینەکانی ئەم دەروازەیان وەرگرتووە.

**دەروازەی دووەم،** یارمەتییە خێرخوازیەکان: ئەمریکا خۆراك لە ڕێگەی ئەم دوو دامەزراوەی خێرخوازی، پێشکەش دەکات:

★ یەکێتی هاریکارییەکانی بەهاناوە چوونی ئەمریکی (care).
★ دەستەی بەهاناوە چوونی کاسۆلیکی (ccrs).

ئامانجی ئەم دوو ڕێکخراوە پێشکەشکردنی یارمەتی خۆراکییە بۆ ئەو مندال و دایکانەی، کە توشی بەد خۆراکی و برسیەتی هاتوون، ڕێژەی ٤٠٪ی یارمەتییەکان بەبەهای ٥٤٥ملیۆن دۆلار لەساڵی ١٩٧٩ لەم دەروازەیە پێشکەش کراوە.

دەروازەی سێیەم، خۆراك لە پێناوی بوژاندنەوە: بەگوێرەی ئەم دەروازەیە ئەمریکا ڕێککەوتنامەیەك لەگەڵ ئەو وڵاتە بیانیە مۆر دەکات، کە یارمەتییە خۆراکییەی پێ دەدات، ئەم ڕێککەوتنامەیەش بۆ ماوەی ساڵێك تا پێنج ساڵ دەبێت. بەگوێرەی ڕێککەوتنامەکە ڕێگە بە بەکارهێنانی قازانجی کاڵا فرۆشراوەکان لە پرۆژەکان دەدرێت لەبری ئەوەی دەوڵەتە وەرگرکە، ئەو پارەیە بداتەوە ئەمریکا، هەڵدەستێ لە پرۆژەکان بەکاری دێنێت، ئەم ڕێککەوتنامەیەش لەگەڵ هەریەکە لە هایتی و میسرو بەنگلادێش و بۆلیڤیا و هیندۆراس تائێستاش کاری پێدەکرێت.



بەگوێرەی یاسا ٤٨٠ کەلە یالی ١٩٥٤ەوە دەستی بەکارکردن کردووە، ئەمریکا زیاتر لە ٣٠ بلیۆن دۆلاری لە زیادەی کاڵا کشتوکاڵییەکانی دابەشکردووە.

**هۆکارەکانی دیاریکردنی قەبارەی یارمەیتە خۆراکییەکان:**

١- قەبارەی خۆراکی زیادەی جیهانی و ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی پێویستیان بەم خۆراکە هەیە: قەبارەی خۆراکی زیادەی جیهانی بەهۆی جیاوازی نێوان قەبارەی بەرهەمی خۆراکی جیهانی و خواستی جیهانی لەسەر خۆراك، دەردەکەوێت.

| خۆراکی زیادە = خۆراکی بەرهەم هێنراوە ـ خواست لەسەر خۆراك |
|---|

دەکرێ ئەنجامی ئەم هاوکێشەیە بەهایەکی پۆزەتیف (موجب) یا نێگەتیف (سالب) یا هیچ (صفر) بدات بە دەستەوە.

پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان بەهای پۆزەتیف و قەبارەی یارمەتییە خۆراکییەکان هەیە، واتە چەندی بەها پۆزەتیڤەکەی قەبارەی زیادە خۆراك گەورە بێت، ئەوەندە قەبارەی یارمەتییە خۆراکییەکانیش زیاد دەبێت، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

بەڵام ئەگەر بەهاکەی نێگەتیف یا هیچ بوو، ئەوا یارمەتییە خۆراکییەکان هەرنامێنن.

بەهاو قەبارەی یارمەتییە خۆراکییەکان، بەژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە لاسەنگی خۆراکیان هەیە، بەندە چەندی ئەو وڵاتانە زۆربن توندی کێبرکێیەکە بۆ وەدەست هێنانی ئەو یارمەتیانە، زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەش ڕاستە.

٢- پەیوەندییە دەرەکیەکانی نێوان وڵاتی خۆراك زۆر و وڵاتی خۆراك کەم. ئەمە پەیوەندی نێوان ئەو وڵاتەی کە زیادەی لە خۆراك هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کەلێنیان لە خۆراك هەیە، بەدەردەخات. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زیادەی لە خۆراك هەیە، وڵاتە تازەپێگەیشتوەکانیش ئەو دەوڵەتانەن کە بەردەوام لاسەنگی خۆراکیان هەیە، لێرە قەبارەی ئەو یارمەتییە خۆرکیانەی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان بەدەستی دێنن لەسەر بڕیارە سیاسیەکان کە دەوڵەتە پێشکەوتووە دەریدەکات، وەستاوە. لەلایەکی دیکەوە ئایا ئەو بڕیارە سیاسیە چەند لەگەڵ سیاسەتە نێوخۆییەکانی وڵاتە تازەپێگەیشتوەکە دێتەوە، جا چەندی نێوانی وڵاتە پێشکەوتووەکە(یارمەتی بەخشەکە) و وڵاتە دواکەتووەکە (یارمەتی وەرگرەکە) لێکنزیك بێت و پەیوەندی ئاسایی و دۆستانە و بەرژەوەندی هاوبەشیان زۆر بێت، ئەوەندە قەبارەی ئەو یارمەتیانە زیاد دەکات، بەپێچەوانەش هەر راستە.

٣- خستنەرووی خۆراك بەشی بەکاربردنی ناوەخۆ ناکات: **ئەمەش دوو هۆکاری هەیە:**

**یەکەم**، بەرهەمی خۆراکی ناوەخۆ بەشی داپۆشینی پێداویستەکان ناکات.

**دووەم**، هاوردە خۆراکییەکان توانای پڕکردنەوەی کەلێنی خۆراکیان نیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دراوی بیانی کەمە.

بەشێوەیەکی گشتی چەندی قەبارەی بەرهەمی خۆراکی ناوەخۆ زیاد ئەوەندە ڕێژەی بەشی خۆ لە خۆراك زیاد دەبێت و قەبارەی یارمەتییە خۆراکییەکان کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانەش هەر راستە هەروەها چەندی دەرامەتە خۆراکییەکان زیاد بێت دەوڵەت دراوی بیانی زۆر بێت ئەوەندە تاوانی داپۆشینی کەلێنی خۆراکی دەبێت و قەبارەی یارمەتییە خۆراکییەکان کەم دەبێتەوە.



## کاریگەرییەکانی یارمەتییە خۆراکییەکان

هەندێ لە ئابووریناسەکان وای دەبینن، کە هەرچەندە یارمەتییە خۆراکییەکان کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر کەمکردنەوەی بارگرانی ئابووری هەیە، بەڵام هێشتا کاریگەری نێگەتیڤی بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ هەیە وەك ئەم یارمەتییە خۆراکییەکان وا دەکات خەڵکی زیاتر پشت بە کاڵای خۆماڵی ببەستن، هەروەها کاریگەری سەلبی لەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەبێ.

**ئەمە گرنگترین ئەو کاریگەریانەیە:**

١- کاریگەرەکانی لەسەر نرخ: یارمەتییە خۆراکییەکان وا دەکات خستنە ڕووی خۆراك زیاد کات لەو وڵاتەی کە یارمەتییەکەی وەرگرتووە ئەمەش نرخی خۆراك دادەبەزێنێ، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر بەرهەمهێنە خۆراکییە خۆماڵییەکان دەبێت، وادەکات بەرهەم خۆراکییە خۆماڵییەکان بە نرخێکی هەرزانتر بخرێتە ڕوو، بەمەش قازانجی بەرهەمهێنەکان کەم دەبێتەوە ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر بڕیارەکانی بەرهەمهێنەکان بە ئاراستەی بەرهەم هێنان دەبێت.

٢- کاریگەرەکانی لەسەر داهات: کاریگەرییەکی باشی لەسەر داهاتی خەلکی هەیە، چونکە یارمەتییە خۆراکییەکان تواناکانی دەوڵەت زیاد دەکات، ئەمەش خواست لەسەر هەموو کالاّو خزمەتگوزارییەکان و خۆراکیش زیاد دەکات، بەڵام مەرج نیە بەردوام ئەو یارمەتییە خۆراکییە بۆ داهات بگۆڕێن، چونکە وەك شێوە بەرجەستەکەی بەکار دەبرێت.

٣- خراپ بەکارهێنانی دانەوێڵە خۆراکییەکان: هەندێجار ئەو یارمەتییە خۆراکیانەی بەدەست دەوڵەت دەگات وادەکات ئاستی نرخەکانی دانەوێڵە ئەوەندە دابەزێ، کە لەنرخی ئالیکی ئاژەڵیش هەرزانتر بێت، یا هەندێجار

دەوڵەت زۆر پاڵپشتی لە نرخی دانەوێڵە دەکات کە لە زۆرێك لە بەرهەمەکانی دیکە هەرزانتر بێت، ئەمەش وا دەکات ئەو بەرهەمە بۆ مەبەستی دیکە (وەك ئالیکی ئاژەڵ) بەکاربهێنرێت، لەجیاتی ئەوەی بکرێت بەئارد و سەرچاوەیەکی خۆراکی مرۆڤەکان، ئەمەش وای لە زۆرێك لە جوتیارەکان کردووە، دانەوێڵە وەك ئالیك بەکاربێنن.

٤- کاریگەرەکانی لەسەر قەبارەی دەرامەتە بیانیە پێویستەکانی هاوردە خۆراکییەکان.

گرنگترین کاریگەری پۆزەتیڤی یارمەتییە خۆراکییەکان، ئەوەیە بەشداری کردووە لەپەیداکرنی دراوی بیانی بۆ خۆراك، ئەمەش لەرێگەی پێشکەش کردنی ئەو یارمەتییە خۆراکیانەی کە وەك قەرزی مەرجداری ئاسانکراو دێتە دەست، ئەم جۆرە یارمەتیانەش وا دەکات رێژەی خەرجیە خۆراکییە هاوردەکات کەم ببێتەوە و بەرووخستنی خۆراك زیاد بێت و ئەمە سەرباری دەستکەوتنی برێك پارەی نێوخۆیی کە لەرێگەی فرۆشتنی ئەو یارمەتییەنەوە دەوڵەت ئەنجامی دەدات.

**ئاماژەی سێیەم: رێژەی بەهای هاوردە خۆراکییەکان بۆ بەهای ناردەنییەکان**

لە بنچینەدا، ئەم ئاماژەیە تواناکانی دەوڵەت دەپێوێت، ئاخۆ تا چ ئاستێك دەوڵەت دەتوانێ خەرجی لیستی هاوردەکانی بدات، ئەمەش رووی سێیەمی قەیرانی ئاسایشی خۆراك کە خۆی لە (چۆنیەتی دابین کردنی پارەی هاوردەکان دەنوێنێ، بەدەردەخات)

بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێك رێژەی بەهای هاوردە خۆراکییەکانی (٣٠) ملیۆن دۆلار بێت کۆی بەهای ناردەنییەکانیشی (١٥) ملیۆن دۆلار بێت



٣٠-١٥ = ١٥ ملیۆن دۆلار بری ئەو لاسەنگیەیە کە لەسەر دەوڵەتە لەرێگەی قەرز بیدات.

زیادبوونی رێژەی بەهای هاوردە خۆراکییەکان لەچاو بەهای ناردەنییەکان، بەواتای توندبوونەوەی کەلێنی خۆراك دێت، بەپێچەوانەشەوە هەرراستە.

رێژەی ئاسایی (النسبة العادية) بەهای هاوردە خۆراکییەکان، پشت بە بەرهەمی حۆماڵی دەبەستێت، بۆیە ئەو رێژەیە لەو وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لەژاپۆن ئەم رێژەیە لە رێژەی ئاسایی زیاترە کەچی بەرهەم جێگیرە، ئەمەش مانای داتەپینی ئاستی ئاسایشی خۆراك ناگەیەنێ بە پێچەوانەوە مانای باشی دەگەیەنێ، لەمیسر زیادبوونی رێژەکە بەمانای داتەپینی ئاستی ئاسایشی خۆراك دێت.

بەرزبوونەوەی رێژەکە لە رێژەی ئاسایی بەمانای زۆربوونی قەیرانی ئاسایشی خۆراك دێت، کاتێ بەهای نادەنیەکان، نەتوانێ بەهای هاوردە خۆراکییەکان داپۆشێ، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەرامەتی نێوخۆیی تەواومان نیە هاوردە خۆراکییەکان دابین بکات، بەمەش دەبێت پشت بە دەرەوە ببەستین بۆ پرکردنەوەی بەهای هاوردە خۆراکییەکان، ئەمەش مانای زیادبوونی قەرزەکانی دەوڵەت دەگەیەنێ.

**ئەم ئاماژەیە، ئەم رەخنانەی ئاراستە دەکرێت:**

١- مەرج نیە کاتێ بەهای هاوردەکان زیاد بێت بەهەمان ئاست و رادەی بەهای ناردەنیەکانیش زیاد بێت، لەوانەیە مەسەلەکە بەپێچەوانە بکەوێتەوە، بەهای ناردەنیەکان کەم بێت دەوڵەت ناچار بە قەرزکردن دەکات.

٢- زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو زۆر پشت بەتاك ناردەنی (تەنها یەك كالا دەنێرنە دەرەوە) دەبەستن، ئەمەش زۆر تووشی هەڵبەزو دابەز دەبێ و ڕێژەی بەهای هاوردە خۆراكییەكانیش بەگوێرەی بەهای ناردەنیەكان بەبەردەوامی دەگۆڕێت.

**ئاماژەی چوارەم: پێوانەكردنی تێكرای كالۆریە گەرمییەكان:**

تێكرای كالۆریە گەرمییەكانی تاكێك لە ڕۆژێكدا بەبەراورد لەگەڵ خواستە سەرەكییەكانی كالۆریە گەرمییەكان كە پێوانە نێودەوڵەتیەكان دیاریان كردووە.

زانیاریەكانی ئەم ئاماژەیە بۆ پێوانەكردنی قەبارەی ڕەها و قەبارەی ڕێژەیی كەلێنی خۆراك بەكاردێت. لە رووی ڕەهاییەوە قەبارەی كەلێنی خۆراك لە جیاوازی نێوان تێكڕایی كالۆریە گەرمییە بەردەستان و تێكڕایی خواست لەسەر ئەو كالۆریە گەرمیانە دەست دەكەوێت.

قەبارەی رەهای كەلێن لە خۆراك = تێكڕای كالۆریە گەرمییە بەردەستەكان ـ تێكڕای ئەو كالۆریە گەرمیانەی پێویستن

ئەگەر تێكرای كالۆریە گەرمییە بەردەستەكانی تاكێك لە ڕۆژیكدا لە تیكرای كالۆرییە هواست لەسەركان گەورەتر و یەكسان بیت مانای ئەوەیە، ئەو كۆمەڵگایە گرفتی كەلێنی خۆراكی نیە، ئەوكاتە كەلێنی لەخۆراك پەیدادەبی، كە تیكرای كالۆریە گەرمییەكان بەردەستەكان كەمتر بیت لە تیكرای كالۆریە گەرمییە خواست لەسەركان.



ئەگەر بمانەویت **قەبارەكە بكەین بە هاوكیشەیەكی ڕیژەیی** بەم شێویە دەردەچیت:

قەبارەی ڕێژەیی كەلێنی خۆراكی پێوانەیی= تێكڕای كالۆریە گەرمییە بەردەستەكان / تێكڕای خواستەكانی سەر كالۆرییەكان

لەم بارەشدا ئەگەر ئەنجامەكەی بە هیچ (صفر) یا نێگەتیف (سالب) دەرچوو، ئەمە مانای وایە كەلێنی لە خۆراكمان نیە.

**ئەم ئاماژەیەش ئەم ڕەخنانەی ئاراستە دەكریت:**

١- ئەم ئاماژەیە جەخت لەسەر دیاریكردنی چەندایەتی (كمیة) كالۆریە گەرمییەكان دەكاتەوە وگرنگی بە جۆر و سەرچاوەكەیان نادات، چونكە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو كەلێنی خۆراكی پێوانەییان تێدانیە، هەرچەندە بەدەست كەلێنی ڕاستەقینەی خۆراك دەناڵێنن. لێرەدا گرنگە جیاوازی لە نێوان كەمی خۆراك و بەد خۆراكی بكەین كە یەكەمیان بەمانانی كەمی چەندایەتی خۆراك لەرووی ئەو كالۆریە گەرمیانەی كە لەشی ئادەمیزاد پێویستیەتی دێتو دووەم بەمانای كەمی پێكهاتەكانی خۆراك لە پرۆتین و كاربۆهیدرات و چەوری...هتد). لەوانە تاكێك تووشی بەدخۆراكی ببێت بەبێ ئەوەی تووشی كەم خۆراكی بێت. مرۆڤ گەر كالۆریە گەرمییەكانی كەم بێت لەوانەیە تووشی نەخۆشی بێت كە بەهۆی كەمی خۆركەوە پەیدا دەبێ، بەڵام گەر ڕگەزە سەرەكییەكانی خۆراك كەم بێت تووشی نەخۆشی دەبێت كە بەهۆی بەدخۆراكییەوە پەیدادەبێ.

٢- مەرج نییە پڕکردنەوەی کەلێنی خۆراکی پێوانەیی مانای پڕکردنەوەی کەلێنی خۆراك بێت، کەباس لەلایەنی جۆرایەتی (نوعی) قەیرانی ئاسایشی خۆراك دەکات، لەوانە تاکێك برێکی زۆر لە خۆراك بەکاربەرێت بەلاّم لەم بڕە زۆرە رەگەزە سەرەکیەکانی خۆراکی تەندروستی تێدانەبێ، هەروەها لەوانەیە لەسەر ئاستی نەتەوەیی خۆراك زۆر بێت، بەلاّم هەندێ کەس بەهۆی نادادپەوەری لە دابەشکردنی خۆراك لە بەد خۆراکیدا بژین.

٣- یەکسان بوونی تیکڕای بەشی تاك لە کالۆریە گەرمییەکان لە هەریەکە لە ولاّتێکی پێشکەوتوو لەگەلّ ولاّتێکی دواکەوتوو مانای یەکسان بوون لەجۆری ئەو خۆراکەی کە کالۆریە گەرمییەکانی تێدایە نایەت.

٤- ئەم ئاماژەیەش وەك ئەوانی دیکە، پرەنسیپی دادوەری لە دابەشکردنی خۆراکی پشتگوێ خستووە.

**هۆکارەکانی پەیدابوونی کەلێنی خۆراکی[30]:**

**أ- هۆکارەکانی زیادبوونی قەبارەی خواست لەسەر خۆراك زۆر فاکتەر لەپشت ئەم هۆکارانەوە هەن، ئەوانیش:**

★ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان

★ دابەزینی تێکڕایی داهاتی تاك و جیاوازی لە دابەشکردنی داهات لە نیوان چینە کۆمەلاّیەتییە جۆراو جۆرەکان[31].

[30] زیاد عربیة ابن علی هەمان سەرچاوە.

[31] د.عبدالرزاق فارس، الفقر و توزیع الدخل في الوطن العربي، مرکز دراسات الوحدة، طبعة اولی، بیروت ٢٠٠١،ص ٨٨.



★ شێوازی بەکاربردنی، خۆراك بەماددەیەکی بەکاربراوی سەرەکی وا دادەنرێت کە زۆربەی داهاتی خەلّکی هەلّدەلوشی، بەردەوام تیکڕاکانی بەکاربردنی خۆراك لەچاو ژمارەی دانیشتوان زیاترە.

**ب ـ هۆکارەکانی هیواش گەشەکردنی بەرهەم، کەخۆی لەم بابەتانە دەبینێتەوە:**

★ دەگمەنی دەرامەتە کشتوکالّییەکان، کەمبوونەوی ریژەی رووبەری زەوییە چێنراوەکان لەراستیدا دەرامەتی (کشتوکالّ زەوی+ ئاو) بڕبڕەی پشتی بەرهەمی خۆراکن، بەلاّم چەندی ریژەی خۆراك ئەو رووبەرانە (زەویانە)ی کە ئاودێریان نییە یاخود هەر ئاویان ناگات زۆر بێت، ئەوەندە کار لەبەرهەمی کشتوکالّ و کەمبوونەی ریژەی خۆراك دەکات.

★ کەمی ئاو بۆ کشتوکالّکردن: پشت بەستن بە کشتوکالّی بەنۆرە کە بەهۆی کەمی ئاو و ئاودێریەوە پەیدابووە، کاریگەریەکی خراپی لەسەر قەبارەی بەرهەمی خۆراك هەیە.

★ کەمی خاکی کشتوکالّی، زۆر لە ولات هەن خاکەکەیان بۆ کشتوکالّکردن ناشی، ئەمەش پرۆسەی کشتوکالّکردن پەکدەخات و بەرهەمی خۆراك کەم دەکات.

★ دابەزینی بەرهەمداری کشتوکالّی، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە، وەك أ- دابەزینی ئاستی تەکنەلۆژیا ب — پشت بەستن بە شێوازی کلاسیکی لە بەرهەمهێنان، ج- داتەپینی ئاستی شارەزایی و لێهاتوویی کارمەندانی مەیدانی کشتوکالّ، د- هۆکارە سروشتیەکانی دیکەش.

★ شێوازی خاوەنداریّتی زەوی، مەسەلەی خاوەنداریّتی زەوی، مەسەلەیەکە پەیوەندییەکی بەهێزی بەرادەی بەرهەم و بەرهەمداری زەوییەوە هەیە، چەندی

جوتیارەکان ببنە خاوەن زەوی خۆیان و پاڵپشتی دەوڵەتیان هەبێ و بە تەکنەلۆژیای سەردەم دەوڵەمەند بکرێن ئەوەندە بەرهەمداری زەوییەکانیان زیاد دەبێت.

**ج ـ هۆکارەکانی دامەزراوەیی و ڕێکخستن، کە خۆی لەم بابەتانە دەبینێتەوە:**

★ زاڵبوونی شێوازی بەرهەمهێنانی بچووك و خێزانی و کشتوکاڵکردن تەنها بۆ پێویستیەکان.

★ سیاسەتی نرخ، پێویستە نرخەکان لەگەڵ ئاستی داهات نزمەکان بگونجێ.

★ ڕێوشوێنەکانی خستنە بازار، چەندی ئەو ڕێوشوێنانە ئاڵۆز و پڕ ڕۆتین بێت، ئەوەندە کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر نرخەکانی خۆراك دادەنێت، ئەمەش باری بەکار بەر گران دەکات و بەرهەمهێنیش هیچ سودێکی لێوەرناگرێت.

★ کەمی پاڵپشتە داراییەکانی دەوڵەت بۆ جوتیارەکان.



## بەشی چوارەم

## ڕێگا چارەکانی قەیرانی ئاسایشی خۆراك

*** بەکارهێنانی ئامرازی زانستی بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم.**

*** چڕکردنەوەی کشتوکاڵ**

*** نوێکردنەوەی شێوازەکانی کشتوکاڵکردن،**

*** دروستکردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی نوێ.**

*** خاوەندارێتی زەوی**

*** بەردەوامێتی لە بوژاندنەوەی کشتوکاڵ.**

# بەشی چوارەم: ڕێگا چارەکانی قەیرانی ئاسایشی خۆراک

قەیرانی ئاسایشی خۆراك، هەر لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە، بیرمەندان و زانایانی ئابووری و سیاسەتمەدارانی لە هەموو لایەکی جیهان بە خۆیەوە خەریك کردووە، ئەم قەیرانە خراوەتە بەر لێکۆلینەوە و توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەوەی مەوداکانی کەلێنی خۆراك لەووی چەندایەتی و جۆرایەتی ئاشکرا بکات. ئەم زاناو سیاسەتمەدارانە داوایان لە دەوڵەتان کردووە کە کار بۆ دارشتن و وەرگرتنی ڕێوشوێنی گونجاو بکەن، بۆ ئەوەی لەتوندی کەلێنی خۆراك کەم بکەینەوە و ئاسایشی خۆراك بەرقەرار بکەن. هەروەها کارکردن لەسەر بنەمای ئەوەی کە هاوڵاتیان پێویستیان بە چ جۆرە بەروبوومێك بێت، ئەوە بەرهەم بهێنرێت، ئەو بەرهەمانەش لەڕووی چەندایەتی و جۆرایەتی گونجاو بێت، بۆیە پێویست دەکات هەموو وڵاتێك ستراتیژێکی بۆ خۆراك هەبێ، ئەو ستراتیژیەش نابێ لە چوار چێوەی تواناکان و دەرامەتە سروشتیەکان بەدەربێت، بۆ ئەوەی ئەو توانا و دەرامەتانە بەباشترین شێوە بەکاربهێنرێت و بەشی خۆ لەخۆراك بەرقەراربکرێت وهەماهەنگیەك لە نێوان خواست و خستنە ڕووی خۆراك سازبکات.

## گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە بەهۆیەوە ئاسایشی خۆراک بەرقەرار دەبێ:

### یەکەم: بەکارهێنانی ئامرازی زانستی بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم

شۆرشی پیشەسازی و زانستی و تەکنەلۆژی لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێنان رۆڵێکی گەورەی لە زیادکردن و فراوانکردنی بەرهەم برد، بەتایبەت بەرهەمی کشتوکاڵی، دوای ئەم شۆرشانە پەرەسەندنێکی گەورە لەبواری بەرهەمی

کشتوکاڵی بەتایبەتی دەستکەوتەکانی ئەندازەی بۆماوەیی (الهندسه الوراسیه) روویدا، بەڵام پێویستە ئاماژە بە دەرئەنجامەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی بکەین، کە بەشێوەیەکی ناعادیلانە لە نێوان دەوڵەتان دابەش بووە، دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکان تەنها رێژەی ٥٪ی ئەو تەکنەلۆژیایەیان تێدایە، ئەمەش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دەوێت تا پەرە بەم بوارە بدەن و لە پشت بەستن بە وڵاتە پێشکەوتووەکان دووربکەونەوە، پەیداکردنی تەکنەلۆژیای نوێ پێویستی بەسێ قۆناغ هەیە[٣٢].

أ- پەرەسەندێکی پەیژەیی، واتە ئەو تەکنەلۆژیایەی کە بەردەست دەکرێ پێویستە لەگەڵ ئاستی مەعریفی و توانا داراییەکان بگونجێ.

ب- گواستنەوە و هێنانی نوێترین ئامێرو شارەزایی لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەك تراکتۆر و ئامێرەکانی کشتوکاڵکردن و ئەو شێوازە تەکنیکیەی پێوەی بەندن، بەڵام دەبی ئەوە لەبەرچاو بگرین کەئەو پرۆسەیە لایەنی نێگەتیڤی هەیە، چونکە زۆر لەو تەکنەلۆژیایانە لەگەڵ بارودۆخ و سروشتی دیاریکراو دەگونجێ، لەوانەیە ئەو خاسیەتانەی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی تەکنەلۆژیایەکەی بۆ دەگوازرێتەوە نەگونجێ. ئەگەر ئەو تەکنەلۆژیایانەی دەهێنرێت بخرێنە ژێر چاودێری و بەگوێرەی چەند سیفەتێکی دیاریکراو بە چاودێری شارەزایانی تەکنیکی بهێنرێت، ئەوا لەم گرفتە رزگاریان دەبێت.

ج- قۆناغی توێژینەوەی زانستی بە قۆناغێکی پێشکەوتوو دادەنرێت لێرە پێویستە توێژینەوەی زانستی هەموو لایەنێك بگرێتەوە، کە مەبەستی گەشەی پێدات، ئەو لایەنانەش خۆی لە ئاودێری و ئاوەرۆ و رێژەی باران بارین و چاککردنی زەوی و چالاکیە کشتوکاڵییەکان و پێش گرتن لە بوونەوەی پەتاو

[٣٢] د. زياد الجاحظ أزمة الغذاء في الوطن العربي، نفس المصدر، ص١٥



نەخۆشی و گومان لەوە دانیە کە توێژینەوەی زانستی رۆڵێکی گەورە لە گەشەپێدانی چالاکیە کشتوکاڵییەکان و دیاریکردنی گرفتەکان دەگێڕی.

پێوستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەوڵاتە پێشکەوتوەکان، هەردوو کەرتی تایبەت وگشتی رۆڵی خۆیان لە توێژینەوەی زانستی و گەشەپێدانی تەکنیکی هەیە، هەروەك دەبینین کەرتی گشتی لەو وڵاتانە زیاتر گرنگی بە توێژینەوە زانسیتەکان دەدەن، هەرچی کەرتی تایبەتە جەخت لەسەر توێژینەوەی جێبەجێکاری (التطبيقي)، بۆ زامنکردنی لێهاتوویی ئابووری دەکاتەوە. لەراستیدا بنەکەکانی توێژینەوەی زانستی کار بۆ گەورەکردنی دەستهێنانی ئابووری لەو رەگەزانەی کە دەگەنن، بۆ نموونە توێژینەوەی زانستی لە ژاپۆن جەخت لەسەر زیادکردنی سوودی دەکات، ئەمەش لەبەرئەوەی زەوی لە ژاپۆن کەمە کەچی.

توێژینەوەی زانستی لە ئەمریکا بە ئاراستەی گەشەپێدانی تەکنەلۆژیا دەچێت، هەرچی کەرتی تایبەتی ئەمریکیە جەخت لەسەر ئەو بوارانە دەکات گەورەترین قازانج دەست دەخات.

تەکنەلۆژیای نوێیش پشت بەبوونی سیستەمی تازەی فێرکردنی، دەبەستێ، خواستەکانی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی، بەئامانجی بەرقەرارکردنی ئاسایشی خۆراك سەرەتا بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تازەوە دەست پێدەکات، بەکارهێنانی ئەم ئامێرە نوێیانە لەوڵاتە پێشکەوتوەکان تواناکانی جوتیاری لەبەرهەمهێنان بەهەول و تەقەلایەکی کەمترە چەند بەرامبەر کرد و ژمارەی کرێکارەکانی کەرتی کشتوکاڵی کەمکردەوە، بەڵام ئەم کەمبوونەوەی دەستی ئیشکەر لە کشتوکاڵ کاریگەری لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەم نەبوو.

هەرچی بەکارهێنانی مادده کیمیاوییەکانە، ئەوانیش رۆلێکی زۆر گەورەیان لە زیاکردنی بەرهەمدا بینی، **مادده کیمیاوییەکانیش** (٣) کۆمەلە گیراوەن:

★ پەینی کیمیاوی
★ قەلاچۆکردنی زیندەوەران
★ رێکخەرەکانی گەشە

بەرهەممهێنانی پەینی کیمیاوی رۆلێکی سەرەکی لە دروست کردنی شۆرشی کشتوکالی لە ولاتە پێشکەوتوەکان گێراوە، بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی ئاستی بەرهەممهێنانی گەنمی بۆ پێنج بەرامبەر زیاد کرد.

هەرچی بەکارهێنانی مادده قەلاچۆکەرەکانە (ئەوانەی بۆ لەنابردنی مێرولە و گژوگیا بەکاردێن) بەرهەمداری زەوی زۆر زیاد کرد، ئەگەر ئەو ماددانە نەبووایە، لەوانەبوو، کارەساتی گەورە بەسەر پرۆسەی کشتوکالکردن دا بهاتابووایە.

داهێنانی پیشەسازی مادده قرکەرەکان، بەداهێنانێکی تەکنەلۆژی پێشکەوتوو دادەنرێت، کەهەزارەها توێژینەوەی زاستی لە بواری کیمیا و زانستەکانی دیکە و سەدان تاقیگە و بواری ئەزموونگەری بەشداری تێدا دەکەن.

تەکنەلۆژیای نوێی ئەندازەی بۆماوەیی، کە لەرێگەی چاندنی شانەو خانەوە کار دەکات، توانیویەتی جۆری تازە و باش لەبەرهەم بەردەست بکات، تاقیکردنەوەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە دەستکەوتی سەرسورهێنەری بەدەستەوە داوە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چاککردنی زەوی و فراوانکردنی رووبەرەکەی و زیادکردنی بەرهەمداری زەوی کشتوکالی هەیە، توێژینەوەکان ئەوەیان بەدەرخستووە کە لەیەك هەکتار (دۆنم) زەوی لە ولاتە



پێشکەوتووەکان وزە خۆراکی (٢٤) کەس ئامادە دەکرێت، کەچی لە زۆربەی ولاتاندا ئەو رووبەرە تەنها خۆراکی (٣)کەس ئامادە دەکات.

سیستەمی رێنمایی کردن و ئامۆژگاری، کاریگەری راستە خۆی لەسەر زیادکردنی بەرهەم، بەتایبەتی لە هەرێمە دوورەکان و گوندەکان، هەیە. پرۆسەی رێنمایی پرۆسەیەکی ئەم خەرجیە، یارمەتی جۆتیارو کارمەندانی بواری کشتوکالی دەدات کە ئامادە بکرێن و خوێندەوار بن و مەشق بە جوتیاران دەکات لەسەر شێوازی زانستی ئەمە سەرباری بلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی.

### دووەم: چڕکردنەوەی کشتوکاڵ

مرۆڤ لە پێناو زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ، بۆئەوەی لە دابین کردنی پێداویستیە خۆراکییەکانی دانیشتوان دڵنیابێت، بەرەو چاککردنی زەوی کشتوکالی چوو، سەرەتای ئەو هەولانەی مرۆڤ بۆ دەستپێکی سەدەی (١٩) بەتایبەتی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، دەگەرێتەوە. ئەوکات ناوی فراوانکردنی ئاسۆیی (التوسع الافقی) لێنرا، پرۆسەی فراوانکردنی ئاسۆیی پێویستی بەزیادکردنی زەوی کشتوکالی لەرێگەی چاککردنی زەوی و پرۆژەکانی ئاودێری هەیە، کاتێ مرۆڤایەتی پێویستی زیاتر بەبەرهەم هەبوو، بەئاراستەی بەرهەمدارکردنی دەرامەتە سروشتییەکان رۆیشت، بەلام کاتێ رووبەروی سنورداربوونی دەرامەتە سروشتیەکان بووەوە، بیری لە چڕکردنەوەی بەرهەمە کشتوکالییەکان کردەوە، کە بە دەروازەیەك بۆ زیاد کردنی بەرهەم (چڕکردنەوەی کشتوکاڵ) دادەنرێت. لە بنچینەدا چڕکردنەوەی کشتوکاڵ خۆی لە گەورەکردنی بەرهەمی یەکەیەکی رووبەر (مەتر چوار گۆشە) (ئاو + زەوی) دەبینێتەوە

ئەگەرچی لەهەندێ باردا بەرهەمدارکردنی رەگەزی کار (عمل) یا رەگەزی سەرمایە (رأس المال) بەفاکتەرەکانی چڕکردنەوەی کشتوکاڵ دادەنرێت. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە دەتوانین لەم (٥) دەروازەیەوە، پرۆسەی چڕکردنەوەی کشتوکاڵ بە ئەنجام بگەیەنین[٣٣]:

١- **زیادکردنی بەرهەمداری بەرهەمە رووەکی و ئاژەڵییەکانی** یەکەی رووبەر یەك مەتر چوار گۆشە لە (زەوی+ ئاو) لەیەکەیەکی زەمەنیدا (ساڵ).

ئەم دەروازەیە، بەشێوازێکی کلاسیکی و گرنگ و باو لە جیهان دادەنرێت، کە بەهۆیەوە بەرهەمداری دەرامەتەکان زیاد دەکات، ئەو هەولانەی بەئاراستەی زیادکردنی بەهەمدارکردنی دانەوێڵەیەك دەدرێت، هیچ پەیوەندیەکی بە باشتر کردنی دانەوێڵەکانی پێش یا دوای خۆی کە لەهەمان زەوی دەچێنرێت نیە، وا باشترە پەیوەندییەك لەم نێوانەدا هەبێ، چاککردن لەم بارەدا جەخت لەسەر دوو خال دەکات:ـ

★ پێکهاتە بۆ ماوەییە نوێیەکان، واتە پەروەردەکردنی پۆلە رووەکێکی نوێ یا نەوەیەکی نوێ لە ئاژەڵ.

★ ئەو جۆرە نوێیانەی لە خالی (أ) دەستمان کەوت لە باشترین رەوشی بەرهەمهێنان وا بەکاری دێنین، بۆ ئەوەی هەرچی وزەی بۆ ماوەیی هەیە بمانداتێ.

چاککردنی بۆ ماوەیی (التحسين الوراثي) پۆلە (الاصناف ) رووەکییەکان و زیادکردنی تواناکانی بەرهەمهێنانی یا زیادکردنی توانای بەرگریکردنی پینە کیمیاویەکان یا زیادکردنی خۆراگرتنی لە بەرامبەر رەوشی ژینگەی خراپ (وەك

٣٣ د. محمد السيد السلام/ الامن الغذائي للوطن العربي، نفس المصدر، ص٩٧.



وشکە ساڵی) یا بەرگریکردنی نەخۆشیاکان یا زیادکردنی با شێتی (جودة) بەرهەمەکە و دواتر نرخەکەی، ئەمانە هەمووی لەبنەماکانی چڕکردنەوەی کشتوکاڵ دادەنرێت. هەروەها گەشەدان بەشێوازەکانی بەرهەم وەك خزمەت و ئامادەکردنی زەوی و کشتوکاڵکردن لەکاتی گونجاوی خۆیدا، پەینکردن و ئاودێری و قەلاچۆکردنی نەخۆشیە کشتوکاڵییەکان و بەردەست کردنی ئاو و ئاودێری و باشترکردنی بە پیتی خاك و جەخت کردنە سەر ئامۆژگاریە کشتوکاڵییەکان بۆ بەرهەمهێنانی زانیاریە تەکنۆلۆژییە نوێیەکان، ئەمانە هەمووی بەشداری لە زیاد کردنی بەرهەمی یەکەی رووبەر (یەك مەتر زەوی+ ئاو) دەکەن.

٢- **زۆر کردنی ژمارەی بەرهەمە چێنراوەکانی** هەمان رووبەری زەوی لەساڵێکدا:

ئەم ئامانجەش بەم هۆیانەوە، دێتە دەست:

★ زۆرکردنی ژمارەی ئەو بەرهەمانەی کە لەهەمان رووبەر و لەهەمان ساڵ بەنۆرە دەچێنرێت، کەپێی دەگوترێت (چڕکردنەوەی بەروبووم)

★ چاندنی زیاتر لە بەرهەمێك لەهەمان رووبەرو لەهەمان ساڵ بە یەکسانی واتە چەند بەرهەمێك بەیەکەوە دەچێنرێت.

★ هەر دوو خاڵی (أ، ب) بەیەکەوە جێبەجێ بکەین.

مەبەست لە چڕکردنەوەی دانەوێڵەش ئەوەیە، کەژمارەی ئەو دانەوێلانەی کە دەکرێت لەساڵێك (٣٦٥ رۆژ) بچێنرێت حیساب بکەین، ئەگەر بەك دانەوێڵە چانرا، ئەوا هۆکاری چربوونی =١ و پلەی چرییەکەش =١٠٠٪ واتە ئەو رووبەرەی دانەوێڵەکەی لێچێنراوە یەکسان دەبێت بە رووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکە، بەلآم ئەگەر دوو جۆر دانەوێڵە یەك لەدوای یەك لەهەمان رووبەر بچێنرێن، ئەوا

هۆکاری چڕبوونەوەی =٢ و پلەی چڕبوونەوەکەشی بۆ ٢٠٠٪ بەرزدەبێتەوە، بەمانایەکی قەبارەی دانەوێڵەکە دوو هێندەی قەبارەی رووبەرەکە دەبێتەوە.

چڕکردنەوەی دانەوێڵەش (واتە چاندنی زیاتر لە دانەوێڵەیەك لەهەمان رووبەری زەوی لەساڵێك)، لەکاتی کۆبوونەوەی ئەم فاکتەرانە، جێبەجێ دەکرێت.

١- لەباری رەوشی کەش و هەوا (مناخ) کە بشێ جوتیار بتوانێ چەند دانەوێڵەیەك بچێنێ، چونکە دانەوێڵەکان لەرووی وەرزو پلەی گەرما خولی ژیان لە یەکدی جودان.

٢- پێویستە ئاوی ئاودێری بەبری تەواو لەبەردەستدا بێ.

٣- رەگەزی کار، جا ئەو رەگەزە مرۆڤ پێی هەڵبستێ یا ئامێر.

٤- بەپێزوو بەپیتی خاك کە بوار بدات، زیاتر لە دانەوێڵەیەکی تێدا بچینرێت، بەبێ ئەوەی زەوییەکە لە کەلك بخات.

٥- سروشتی خودی دانەوێڵە چێنراوەکان، کە تایبەتن بە کاتێکی دیاریکراو خولی ژیانیان تەواو دەبێت، کە پێویست دەکات هیچ یەکێکیان خولی ژیانی لەگەڵ ئەوەی پێش و دوایی خۆی تێکنەکاتەوە.

**دروست کردنی خانوی پلاستیکی خانەی پارێزراو:**

ئەم خانوانە حالەتێکی نمونەین بۆ پرۆسەی چڕکردنەوەی دانەوێڵەکان، چونکە بە ئاسانی دەتوانین چەند دانەوێڵەیەك بە دوای یەکدا بچێنین، بەلام بەکارهێنانی تەنها بۆ چاندنی رووەکی سەوز (سەوزەوات) و رەوەکی جوانکاری کورت کراوەتەوە.



**٣- پەرینەوە لە چاندنێکی کەم بەها بۆ چاندنێکی بەبەهای** بەرهەمە چێنراوەکان لەرووی بەهای نەختینەیان لەیەکدی جودان، هەروەها لە رووی دەرەنجامی نەختینەی یەکەی رووبەری زەوی (یەك مەتر چوار گۆشەی زەوی+ ئاو) جودان، کاتی سەیری چڕبوونەوەی کشتوکاڵ لە روانگەی بەها نەختینەیەکەی دەکەین، هەلێکی باش تێدا دەبینین، گۆڕینی لەوەرگاکان بۆ کێڵگەیەکی دانەوێڵە یا بیستان، هەروەها گۆڕینی دانەوێڵەیەکی کەم بەها لەرووی نەختیەوە بۆ یەکێکی دیکەی بەبەها، ئەم ئامانجە دەپێکێ، هەرچەندە ئەم ئالوگۆڕییە بە چەند فاکتەرێکی وەك پێداویستیەکانی بازار و بەردەست بوونی پێداویستیەکانی بەرهەم و خستنە بازار بەندن.

پرۆسەی پەرینەوە لەچاندنێکی کەم بەها بۆ چاندێکی بەبەها نمونەی لەبەرهەم هێنانی شەکر وەردەگرێت، ئەگەر لەچاندنی خورما لەیەك مەتر چوار گۆشەدا، ئێمە ٢کیلۆ شەکرمان دەستکەوێت، بەلان لەچاندنی چەوەندەر لەهەمان رووبەر بەهامان تێچوون، ٤کیلۆ شەکرمان دەستکەوێت، واز هێنانمان لە خۆرما بۆ چەوەندەر، بەچڕکردنەوەی بەرهەم دەژمێردرێت، هەروەها هێنانی بەرهەمی گشتوکالی تازە کە لە نێوخۆی وڵات نەچێنرێت، بەچڕبوونەوەی بەرهەم حساب دەکرێت.

**٤- دەست گرتن بە رژێمێکی بەرهەمهێنانی تەواو:**

**لەسەر دوو ئاست دەتوانین** باسی بکەین:

ئاستی تاك: بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات لەسەر پاشماوەی شینایی و زەوییە چێنراوەکان، دوای دروێنە وادەکات بە پیزی خاکەکە زیاد بکات چونکە ماددە خۆراکی وەك ئەمۆنیا و یۆریا بەخاك دەبەخشێ، کەواتە بەهۆی بەرهەمهێنانی ئاژەلەکان، چڕبوونەوەی کشتوکاڵ دەستەبەر دەکەین.

لەسەر ئاستی نەتەوەیی، چاککردن و گەشەپێدانی سیستەم و ئامرازەکانی خستنە بازار وا دەکات زیانەکانی دوای دروێنە (بەرهەم هاتنەبەر) کەم ببێتەوە و رادەی بەرهەمیش زیاد بکات ئەمە سەرباری زیادکردنی بەهای نەختینەی بەرهەمەکە. هەروەها کردنەوەی بازارە دەرەکیەکان بەرووی پیشەسازی کشتوکاڵی دووبارە یارمەتی لە چڕکردنەوەی بەرهەم دەدات.

### ٥- پیشەسازی کشتوکاڵ:

گواستنەوەی کشتوکاڵکردنی ئاسایی بۆ قۆناغی پیشەسازی کشتوکاڵی بە پلەی پێشکەوتوو بە چڕکردنەوەی کشتوکاڵی دادەنرێت، لە خانووە پلاستیکیەکاندا ژمارەیەك لەبەرهەمی کشتوکاڵی لە ژێر بارودۆخێکی تایبەت دەچێنرێت ئەو بەرهەمانەش پێداویستەکانی بازار پردەکەنەوەو بەرهەمەکەشی چەند جار لە بەرهەمی کێڵگە ئاساییەکان زیاترە، ئەمە سەرباری باشترکردنی جۆرەکەی کە نرخەکەشی زیاد دەکات.

ئەمە مانای چربوونەوەیەکی توندی بەرهەم لەبەکارهێنانی درامەتی (ئاو+زەوی) نموونەی ئەوەش بە روونی لە بەرهەمەکانی گۆشت و هێلکەدا بەدەردەکەوێت.

## سێیەم: نوێکردنەوەی شێوازەکانی کشتوکاڵکردن

شێوازە باوەکانی کشتوکاڵکردن لە جیهان بە گوێرەی ئاستی گەشەسەندنی سارشتانی هەرێمەکان بەندە، دەکرێت (٣) شێواز دیاری بکەین:

**١- کشتوکاڵە کلاسیکی،** هەندێ جار ناوی کشتوکاڵی خۆبژێوی لێ دەنرێت ئەمەش لەبەر کەمی دەستکەوتەکان، ئەو وڵاتەی پشت بە کشتوکاڵی کلاسیکی



ببەستێ وڵاتێکی هەژارە، شێوازەکانی بەرهەم هێنان لە کشتوکاڵی کلاسیکی ئەمانەن.

★ ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی لەگەڵ هۆکارەکان گونجاوە، سەرچاوەکانی وزەی دیاریکراو، ئەو تۆوانەی بەکاردێنێ لەگەڵ ژینگەی زەوییەکە گونجاوە، کە بەرهەمی کەمە هەروەها ئەو ماددە قەلاچۆکەرانەی بەکاری دێنێ بێ کاریگەرن.
★ بەردەوام هەولی کەمکردنەوەی رەگەزی مەترسی دەدات.
★ بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە سامانی ئاژەڵ دەبەستێ، بەڵام بەشێوەی گۆشت و شیرەمەنی نایباتە بازار تەنها کەمێکی نەبێ، تواناکانی بەرهەمهێنانی کەمن، چونکە ئاژەڵەکانی لە راستیدا هی کارکردنن نەوەك بۆ بەرهەمی گۆشت.
★ بەرهەمەکانی بەخۆی بەکاردێنێ یا دەیفرۆشێ یا دەگۆڕێتەوە بە بەرهەمی دیکە.
★ کەمتر سود لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت بە تایبەت ئامۆژگاری رێنمایی وەردەگرێت.
★ سەرمایەی زۆر کەم تێدا بەکاردێت.
★ هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کلاسیکین.

ئەم جۆرە بەرهەمهێنانە، وا لە کشتوکاڵکردن دەکات، هەرتەنها بۆ خۆ بژێوی بێت، بۆیە ناکرێت لەگەشەی ئابووری کۆمەڵگادا پشتی پێ ببەستین، پشت بەستن بە کشتواکلی کلاسیکی واتە درێژە دان بە داشکانی کەرتی کشتوکاڵ و سەختی پەیداکردنی سەرچاوەکانی خۆراك، چارەسەریش ئەوەیە ئەم شێوازە لە بەرهەم هێنانیا بگۆردرێت و شێوازی نوێ بەکاربهێنرێت.

**٢- کشتوکاڵی نوێ**، هەندێجار کشتوکاڵی شۆرشگێری پێ دەگوترێت، سەرەتاکانی بۆ کۆتایی سەدەی ١٨و سەرەتای سەدەی ١٩ دەگەڕێتەوە. پشت بە دەست کەوتەکانی زانست و تەکنەلۆژیا دەبەستێ، دەرەنجامەکانی پشت بەستن بەم شێوازە، زیادەیەکی گەورەی لەبەرهەمی خۆراکی دا بەدەستەوەو ئاستەکانی گوزەرانی بەرەو پێش برد.

ئەگەر شێوازی کشتوکاڵکردنی نوێ نەبوایە، تیۆرەکەی مالتۆس نیوەی مرۆڤەکانی هەڵدەلوشی، بەڵام بەهۆی ئەو نوێگەرییە لە بەرهەم هێنان و چاککردنی زەوی و بەرێکخستنی پرۆژەکانی ئاوێری و داهێنانی ئامێرو بزوێنەر (ماکینە)ی سەردەمیانەو هۆکارەکانی گواستنەوە و عەمبارکردن و پیشەسازی، هەروەها دارشتنی یاسای تایبەت بە کشتوکاڵ و سیستەمی موڵکدارێتی زەوی وایکرد مەترسی کەمی خۆراک بۆ زیاتر لە دوو سەدە بڕەوێتەوە.

**٣- بوژاندنەوەی کشتوکاڵ**، کە خۆی لە گەورەترین توانا بەکارهێنراوەکانی زانست و تەکنەلۆژیای نوێ دەنوێنێ، بەمەبەستی بەرهەمهێنان بۆ خستنە بازاڕەوە بە پێچەوانەی کشتوکاڵی کلاسیکی، کشتوکاڵی هاوچەرخ جگە لە جوتیارەکە پشت بە (٣) کۆڵەگەی سەرەکی دیکە دەبەستێ:

★ دەزگای توێژینەوەو رێنمایی کردن و کادیرێکی زۆر لە زانایانی تەکنەلۆژی و رێنمایی کەرتی کشتوکاڵی، ئەوانە لەسەریانە بەبەردەوامی تەکنەلۆژیای نوێ و سیستەمی تازەی پێشکەوتوو بەرهەمهێنان ئامادە بکەن و بۆ ناو کێڵگەلکان بیگوازننەوە.

★ پیشەسازی، لەسەر پیشەسازی پێویستە ئامراز و پێداویستیەکانی بەرهەم و هۆکارەکانی پیشەسازی و گواستنەوە و حەمبارکردنی بەرهەمەکان لە چەندایەتی و چۆنایەتی بەنرخێکی گونجاو بەردەست بکات.



★ دەوڵەت لە سەریەتی سەرپەرشتی هەموو پرۆسەکە بکات و کەرتی توێژینەوەو رێنمایی و مەشق کردن رێك بخات و پارەی پێویستی بۆ دابین بکات.

ئەگەر یەکێ لەو سێ لایەنەی باسکران، ئەرکەکەی بە باشی بەجێ نەهێنێ ئەوا ئەو ئامانجانەی دیاریکراون بە دینایەن.

## چوارەم: دروستکردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی

پرۆسەی دروستکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە هۆکارە گرنگەکانی چالاکی گەشەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵیە، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان هێنانی پێداویستەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەرەوە، گران دەوەستێ و ئەو مەترسیانەی رووبەرووی پرۆسەی هێنان دەبنەوە، لەپەیداکردنی دراوی گرانبەها و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە، دەتوانرێت ماشێنی کشتوکاڵی و ئامررازەکانی بەرهەم هێنان لە ئامێرو کەل و پەل بە نرخێکی هەرزان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەردەست بکەین.

لەلایەکی دیکەوە، بێ کەلك بوونی بەشێك لەبەرهەمی کشتوکاڵی، وادەخوازێت پیشەسازی کشتوکاڵی گرنگی پێبدەین، لەرێگەی دامەزراندنی کارگە و فابریکە، بەگوێرەی پێداویست و بە پشت بەستن بە شارەزایی زانستی.

## پێنجەم: موڵکدارێتی زەوی کشتوکاڵی[٣٤]

زەوی ئەو بنەما سەرەکییەیەکە، جوتیار چالاکییە ئابوورییەکانی لەسەر پیادە دەکات، بۆیە دیاریکردنی پەیوەندی جوتیار بە زەوی نەوەك هەر پایە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی لە کۆمەڵگا دیاری دەکات، بەڵکو کاریگەری لەسەر چاککردن و بوژاندنەوە و وەبەرهێنانی زەوییەکەش هەیە.

مەبەستمان لە رژێمی موڵکداری زەوی، دیاریکردنی پەیوەندی نێوان جوتیار و زەوییە، ئەو پەیوەندیەش دوو بوار دەگرێتەوە:

یەکەم، پەیوەندیەکی جۆرییە، کە مەبەستمان لێی سروشتی پەیوەندییەکەیە، واتا ئایا ئەو زەوییەی لای جوتیارەکەیە موڵکە یا کرێیە یاشتێکی دیکە؟ دووەم، پەیوەندییەکی چەندایەتیە، مەبەستمانە برو رووبەری ئەو زەوییەیە کە لای جوتیارەکەیە.

سروشتی خاوەنداریێتی زەوی، مەسەلەی بەرهەمداریێتی و زیادەی بەرهەم لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێو سیستەمی بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو دیاری دەکات، هەروەها ئەو سروشتە بواری بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیانەو ئەو سیستەمە نوێیانە پیشاندەدات، لەپاڵ پیشاندانی بری ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی کە بۆ زیادکردنی بەرهەم دەدرێت دەخاتە روو، دوا ئامانجیش دیاریکردنی بری ئەو دەستکەوتانەیە کە جوتیار لە زەوییەکە بەدەستی دێنێ.

خاوەنداریێتی زەوی بە (جۆر و چەند) کاریگەری لەسەر دەستی کارگەریش هەیە.

---

[٣٤] د. محمد السید عبدالسلام، هەمان سەرچاوە، ص١٠٢.



لەم ماوەیەی دواییدا مەسەلەی خاوەنداریێتی زەوی کشتوکاڵی لە دوو دەروازەوە گرنگی پێدراوە: یەکەم لەرووی دادوەری کۆمەلایەتی لەنێوان ئەو دانیشتوانانەی بە کشتوکاڵیەوە خەریکن، بۆ ئەوەی ئارامی کۆمەلایەتی دابین بکات، دووەم، بۆ زیادکردنی بەرهەمداری تاکو بەهۆیەوە پێداویستیە سەرەکیەکانی وڵات و ئارامی پێشکەوتنی ئابووری، بەدەست بێنین.

لەراستیدا مافەکانی خاوەنداریێتی زەوی رەگ و ریشەکی مێژوویی تێك ئالاوی هەیە، زۆرێك لە جوتیارەکان زەوییەکانیان لە باب و باپیرانی بۆ ماوەتەوە، هەندێ لەو موڵکانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەندێ وڵاتدا گەورە بووە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان هەندێ لەو زەویانە لە نێوان میراتگران دابەش بوونە، بە رادەیەك ناتوانرێت ناوی زەوی کشتوکاڵی لێبنرێت، ئەمەش گرفتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، هەندێ پێیان وایە زەوی دەبێت بە دەوڵەت بدرێت، هەندێکی دیکە دەلێن نە بە دەوڵەت و نە بەتاك بدرێت، بەڵکو پێویستە زەوی لە نێوان ئەوانەی دەیچێنن دابەش بکرێت.

لەراستیدا هیچ یەکێك لە خاوەنداریتی گەورەی زەوی و خاوەنداریێتی بچووکی زەوی خزمەتی ئارامی سیاسی و دادوەری کۆمەلایەتی و زۆری بەرهەم ناکەن.

هەمووومان ئەو گرفت و چەوساندنەوانەی خاوەن زەوییە فراوانەکان دەزانین کە چۆن وەرزێر بە زەوییەوە گرێ دەدات و مافی گۆرینی لێ دەسەنێ و قازانجێکی کەم لەو داهاتەی بەرهەمی هێناوە وەردەگرێت و زۆرترین قازانج دەچێتە گیرفانی خاوەن زەوییەکە، ئەگەرچی زۆر بوونی دانیشتوان و دەستی کارگەر لەو کێلگانەو هێنانی تەکنەلۆژیا، بەرهەمداری ئەو زەویانەی زیاد کرد، بەڵام ئەمە کاریگەری نێگەتیڤی بەسەر وەرزێرەکانەوە هەبوو، چونکە خاوەن زەوییەکان بەشێکی زۆر

ئەوانەیان لە زەوییەکەیان دەرکرد، بەمەش زۆرترین قازانجی زەوییەکان دەچووە گیرفانی ژمارەیەکی کەم، لەوانەی کە راستەوخۆ لە بەرهەمهێناندا بەشدار نەدەبوون. بەردەوامی ئەو رەوشەش کەلێنێکی گەورەی لە نێوان خودان زەوی و ئەوانی دیکەدا دروستکرد، ئەمەش خوازراو نییە، نەوەك هەر لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی ئارامی سیاسی دانییە، بەڵکو خزمەتی زیادەی بەرهەمیش ناکات، موڵکە گەورەکان مەرج نییە بەرهەمداریان لە موڵکە بچووکەکان زیاتر بێت، لەزۆربەی باردا پێچەوانەیە، هەندێ لەو خاوەن موڵکە گەورانە لەوانەیە بەمەبەستی نرخی موڵکەکە یا پایەی کۆمەڵایەتی، نەوەك سودە ئابوورییەکەی دەستیان بەو موڵکانەوە گرتبێ، لەلایەکی دیکەوە، خاوەن ئەو مۆلکە گەورانە کەسانی لێهاتوو و پسپۆر نین و زۆربەیان سەرقالن بەشتی دیکەوە، بۆیە هیچ پالنەرێکی بەهێزیان بۆ زیادکردنی بەرهەمداری زەوییەکە نیە، هەرچی موڵکە بچووکەکانە، حالی لەوان باشتر نیە، زۆر گرفتی کۆمەلایەتی و ئابووری لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی کاتێ ئەو رووبەرە کەمە ناتوانێ خێزانی جوتیارەکە تێربکات و داهاتێکی گونجاو بداتە دەست، لەلایەکی دیکەوە جۆرێك لە بێکاری دەمامکدار دروست دەکات،

**خەسلەتەکانی ئەم موڵکداریەش ئەمانەن:**

★ زۆربەی بەرهەمی خۆی بەکاردێنێ بەمەش لە خستنە بازار دوور دەکەوێتەوە.

★ ناکرێت پسپۆری تێدا ئەنجام بدرێت.

★ ئارەزووی بەرهەمهێنانی ئەو بەرو بوومانەیان نیە کە دراوی گرانبەها دێنێتە دەست وەك لۆکە، زیاتر بەلای بەرو بوومە بەکاربەرەکان دەچن.

لەبەرئەوەی سیستەمی خاوەنداریێتی زەوی رۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر لە بوژاندوەی کشتوکاڵ و بەردەوامی کشتوکاڵ دەبینێ، بۆیە لەوانەیە جۆری



خاوەنداریەکە رێگر یا هاندەر بێت لەبەردەم رادەی بەرهەمی کشتوکاڵی، بەهەرحاڵ ئێمە کەسەیری زەوی دەکەین پێویستە ئەم خالە لەبەرچاوبگرین:-

١- مافی موڵکیەت، مافێکی ئەزەلی مرۆڤە، لەهەموو ئاینە ئاسمانی و یاساکانی سەر زەوی و مافەکانی مرۆڤیش دانی پیانراوە، جوتیاریش (چێنەری زەوی) تاکە کەسە کە هەڵدەستێ بە چاککردنی زەوییەکە و هەموو خەمی ئەوەیە بەرهەمی زەوییەکەی زیاد بکات، چونکە لەرێگەی زیادەی بەرهەمەوە داهاتی زیاد دەکات و گوزەرانی باشتر دەبێ و پایە کۆمەڵایەتیەکەی بەرز دەبێ.

٢- وەکو دەرکەوتووە چێنەری زەوی شارازایی و لێهاتووی لا کۆدەبێتەوە ئەگەر پالپشتی بکرێت، بەرهەمی زەوییەکەی زیاد دەکات

٣- لەو وڵاتانەی داهات نزمەو دانیشتوان زۆرە، هەروەها لەو شوێنانەی چێنەری زەوی زۆرە و زەوی کەمە، نابێ هەرتەنها وا سەیری زەوی بکەین، وەك فاکتەرێك بۆ گەورەکردنی بەرهەم بەڵکو دەبێ وەك ئامرازێکیش بۆ بەگەڕخستنی دەستی کارگەرو گەشەپێدانی شارەزایی و باشتر کردی ئاستی گوزەرانیش چاوی لێبکەین.

**شەشەم: بەردەوامێتی لە بوژاندنەوەی کشتوکاڵی**

لەرووی زمانەوانی بەردەوامێتی واتە، رۆیشتن لەسەر هەمان ئاست و پارێزگاریکردن لە دابەزین، لەبواری کشتوکاڵیش بە واتای پارێزگاریکردن لەئاستی بەرهەمهێنان و دانەبەزاندنی بۆ ئاستێکی نزمتر.

هەرچی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ ژینگەو بوژاندنەوەی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانە بەم شێوەیە پێناسەی بوژاندنەوەی بەردەوامی کردووە[35]:

(بوژاندنەوەی بەردەوام، واتا دابین کردنی پێداویستیەکانی نەوەی ئێستا بەبێ ئەوەی پێداویستەکانی نەوەی داهاتوو پێشێل بکەین.)

بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، بەردەوامیێتی لەئاسایشی خۆراك پشت بە بنەماکانی دەرامەتە سروشتیە بەرهەمهاتووەکان و ئەوانی بەرهەم دێن، دەبەستێ، بەڵام ئایا دەکرێت بوژاندنەوەی کشتوکاڵی بەدەست بێنین و بەرهەمداری بەرزبکەینەوە، تا ئەو ئاستەی سەرجەم پێداویستیەکانی دانیشتوان دابین بکات و ئاستی گوزەرانیان باش بکات؟ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرنگە لە کاتیکدا کۆمەلی کۆسپ و تەگەرە هەن لەبەردەم پرۆسەی بوژاندنەوەی بەردەوام، ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بەردەم بوژاندنەوەی بەردەوام، دوو کۆمەلەن یەکێکیان چارەسەری قورسە یان هەر نیە، کەخۆی لەداخورانی (تأكل) سەرچاوەی دەرامەتە سروشتیەکان دبینێتەوە، ئەوانیش:

١- داخورانی زەوی، مەبەستمان لە داخورانی زەوی کەم بوونەوەی و لەکەلك کەوتنی زەوی کشتوکاڵیە، کەبەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان پەیدادەبێ، چەندی ژمارەی دانیشتوان زۆر بێت ئەوەندە رووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکان کەم دەبێتەوە، چونکە دەوڵەت و تاکەکان ناچار دەکات زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ ئامانجی نا کشتوکاڵی بەکاربێنن. لەلایەکی دیکەوە داخورانی زەوی، بەهۆی بێ پیزی و لەکەلك کەوتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان

[35] اللجنه الدوليه عن البيئه والتنميه، تقرير تحت عنوان (مستقبلنا المشترك) عام ١٩٨٧، ص١٥.



پەیدادەبێ، گرنگترین هۆکارەکانی ئەم لەکەلك کەوتنەش بریتییە لە رووتبوونەوەی زەوی بەهۆی باو و باران و کاریگەری ماددە کیمیاویەکان و بەرزبوونەوەی ئاوی دەریا و داپۆشینی بەشێك لە لێوارەکان، ئەمانە هەمووی کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر توانا بەرهەمیەکانی زەوی هەیە.

٢- کەمبوونەوەی دەرامەتی ئاو، سەرچاوەکانی ئاوی کشتوکاڵی بریتین لە (باران و رووبار و ئاوی ژێر زەوی)، ئەم دەرامەتەش وەك دەرامەتی زەوی رووبەرووی هەردوو جۆر داخوران دێت، هەم تووشی داخورانی چەندایەتی، واتە بەزۆر بوونی دانیشتوان ئاو بەشی هەموو تاکەکان ناکات هەمیشە توشی داخورانی جۆری دەبێت، واتە ئەو ئاوەی هەیە بەکەلك بەکارهێنان نایەت.

٣- پیسبوونی ژینگە و گۆرانی کەش: کە خۆی لەم **گرفتانەی** دەنوێنێ.

★ **داخورانی چینی گازی ئۆزۆن:** چەندی ئەو چینە گازەی کە دەوری گۆی زەوی داوە تەنك بێت ئەوەندە یارمەتی پەراندنەوەی تیشکی سەروی بەنەوشەیی دەدات، ئەم تیشکەش توانایەکی گەورەی لە وێرانکردنی تەنۆلکە بایۆلۆژیەکان (الجزئيات البيولوجية) هەیە لەناویشیان (dna)، هەروەها مرۆڤیش تووشی شێرپەنجە دەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو تیشکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کرمۆکە مسییەکان و بلانکتۆن کە ماددە خۆراکی پێویستن لە دەریا.

★ **گەرمبوونی زەوی:** هەر لەسەرەتاوە، گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، رۆڵی رێکخستنی پلەی گەرمی زەوی لە ئەستۆ گرتووە، هەرچەندە ئەم گازەی رێژەی لە هەوادا کەمە بەڵام ئەو رۆڵە گەورەیە دەبینێ.

تیشکەکانی ڕۆژ (خۆر) کە دەگەنە بەرگە گازییەکەی زەوی کە خانووی شوشەیی پێدەگوترێت، زۆربەی ئەو تیشکانە لە بەرگە گازینەکە پەرتوو بڵاو دەبن و لەناو دەچن، چەندی ئەو تیشکانەش زیادبن ئەوەندە تیشکدانەوەکانیش زیاد دەبن، بەمەش هاوسەنگەیەك لەنێوان وزەی هاتوو لەگەڵ وزەی وونبوو ڕوودەدات. تەنۆلکەکانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ڕێگە بە ڕووناکیە وزە هاتووەکان کە بۆ سەر زەوی دزە دەکەن دەدات، لەهەمان کاتیشدا بەشێك لەو وزانەی کە لە شەپۆلە درێژەکان بەر زەوی کەوتوون هەڵدەمژێت، جا چەندی ئەو شەپۆلانە زیاد بن پلەکانی گەرمای سەر ڕووی زەوی بەرز دەبێتەوە و هاوسەنگی گەرماو کەش تێکدەچێ.

لە توێژینەوەیەکدا کە ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکی پێی هەڵساوە، ئەوەی دەرخستوە کە گەرم بوون پلەکانی زەوی چەندین گۆڕانکاری لەماوەی سەد ساڵی داهاتوو بەسەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دێنێ، لەوانە کەمبوونەوەی ڕووبەری دارستانەکان و ژمارەی ڕووەك و ئاژەڵەکان، مەترسیدار ترین کارکردەکانی بۆسەر ژیانی ئادەمیزادیش بەهۆی لافاوە کە هێرش دەکاتە سەر هەرێمە نزمەکان، بەمەش ڕووبەرێکی گەورەی زەوی کشتوکاڵی ژێر خۆی دەخات و لەکاری دەخات، لافاویش بەهۆی توانەوەی چیا بەفرینەکانی ناوچە جەمسەرییەکان پەیدا دەبێت، لەبارەی کشتوکاڵیشەوە، وادەکات وەرزە گەرمەکان لەساڵدا درێژترین وەرز بێت.

پێوستە وەك مەسەلەیەکی کاتی سەیری سیاسەتی هاوردەیی خۆراك بکەین، گرنگی زیاتر لەسیاسەتی بەشی خۆ لەخۆراك بدەین، چونکە زۆرێك لەسیاسەتە هاوردەکان دەکەونە ژێر فشاری سیاسی و بەرژەوەندیە جیاجیاکانی دەوڵەتە خاوەن خۆراکە کە.



**گرنگی بازرگانی بۆ دەوڵەت دوو خێری هەیە:**

★ خۆشگوزەرانی ئابووری زیاد دەبێت.

★ دەستکەوتەکانی بەرهەم

هەردوو لایەنەکەش کاریگەری زۆریان لەسەر ئاسایشی خۆراك و دابین کردن و پەیداکردنی خۆراکەوە هەیە[٣٦].

[٣٦] اسيفان ب. ماكي، التجارة الدولية، مطبعة التعليم العالي، ١٩٨٩، ص٣٩.

# بەشی پێنجەم

## رێکخراوە پەیوەندارەکانی بە ئاسایشی خۆراک

**یەکەم: رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان.**

**دووەم: رێکخراوی بازرگانی جیهانی.**

**سێیەم: رێکخراوی عەرەبی بۆ بوژاندنەوە و کشتوکاڵ.**

**چوارەم: رێکخراوی تەندروستی جیهانی.**

**پێنجەم: پرۆگرامی تایبەتی ئاسایشی خۆراکی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان**

**شەشەم: رۆژی خۆراکی جیهان**

**حەوتەم: بەرنامەی خۆراکی جیهانی**

**هەشتەم: دەستەی دەستوری خۆراك**

# بەشی پێنجەم: ڕێکخراوە پەیوەندارەکانی بە ئاسایشی خۆراک

## یەکەم: ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان FAO

ساڵی ١٩٤٥ بەمەبەستی بەرزکردنەوەی تواناکانی بەرهەمداری کشتوکاڵ و دابین کردنی خۆراك بۆ دانیشتوان و باشتر کردنی ڕەوشی ژیانی دانیشتوان، ئەم ڕێکخراوە دامەزرا، چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە لەوەتەی دامەزرراوە، شەڕکردنە لە دژی هەژاریی و برسیەتی و هەڵساندنەوەی کشتوکاڵ و نزیك بوونەوەیە یا لە بەرقەرارکردنی ئاسایشی خۆراك، بۆ ئەوەی دانیشتوان بتوانن ژیانێکی پڕ چالاکی بەسەر بەرن.

ئارەزوو لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە وای لە ڕێکخراوەکە کردووە، ستراتیژی دوور مەودا لە ڕووی بوژاندنەوەی کشتوکاڵی دابڕێژێت، ئەم ستراتیژەش ئامانجی دابین کردنی پێداویستیەکانی ئێستا و داهاتووە[٣٧].

١٨٤ دەوڵەت لەم ڕێکخراوە ئەندامن، لەکۆنگرەی ڕێکخراوەکە بەڕێوەبەر بۆ ماوەی ٦ساڵ هەڵدەبژێردرێت، بەڕێوەبەریش چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان، کەبریتین لە:

١- دیاریکردنی سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکە،
٢- بڕیاردان لەسەر بودجە.
٣- پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

---

[٣٧] علي ولد الشيخ، أحد المنظمات الدولية الناشطة في مجال الامن العذائی عن الموقع الجزيرة نيت.

**لەبارەی بابەتە پەیوەندارەکان بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە**

ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ، ئەنجوومەنی ڕاپەراندنی هەیە، کە لە ٤٩ وڵاتی ئەندام پێکهاتووە، لەرێگەی کۆنگرەی ڕێکخراوەکە کەشەش ساڵ جارێك هەلدەبژێردرێن، ئەم ئەنجوومەنەش کارەکانی خۆی بۆ بەرێوەبردنی دارایی و راگەیاندن و کشتوکاڵ و کاروباری ئابووری و کۆمەلایەتی و راوی ماسی و دارستان و بوژاندنەوەی بەردەوام و هاوکاری تەکنیکی، دابەشکردووە.

ڕێکخراوی fao پێنج نووسینگەی هەرێمایەتی و پێنج نووسینگەی نیمچە هەرێمایەتی و پێنج نووسینگەی پەیوەندی کردن وزیاتر لە ٧٨ نوسینگەی ناوچەیی، ئەمە سەرباری بارەگا سەرەکیەکەی لە رۆما، هەیە.

ئەم ڕێکخراوە نزیکەی (٣٧٠٠) کارمەندی هەیە، کە ١٤٠٠ یان کارمەندی تەکنیکین و ٢٣٠٠ یان کارمەندی خزمەتگوزارن.

**ئەم تەوەرانەی ئەم ڕێکخراوە کاریان لەسەر دەکات ئەمانەن:**

١- زیاتر پالپشتی کردن لەئاسایشی خۆراك.

٢- گواستنەوەی کارمەندەکان لە بارەگای سەرەکی بۆ گۆرەپانی کارکردن.

٣- فراوانکردنی، بەکارخستنی ئەو شارەزایانەی کە لە وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا بەدەردەکەون.

٤- بەهێزکردنی پەیوەندی بەکەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

٥- ئاسانکاری لە بڵوکردنەوە و بەردەست کردنی زانیارییەکان و ئامار و سەر ژمێریەکانی ڕێکخراوەکە.



**چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە لەم خالآنە چڕ دەبێتەوە:**

★ یارمەتی دان بە مەبەستی بوژاندنەوە:
ئەم ڕێکخراوە زۆر چالاکی بوژاندنەوە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بە ئەنجام دەگەیەنێ، ئەمەش وا دەکات ئەو وڵاتانە بتوانن سوود لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگرن کە ڕێکخراوەکە پێشکەشی دەکات.

★ پێشکەشکردنی بیروڕای جۆراو جۆر بە حکومەتەکان:
ئەم ڕێکخراوە هەرچی هەیەتی لە شارەزایی و لێهاتوویی بەشێوەی ئامۆژگاری و بیروراگۆڕینەوە لە بورەکانی سیاسەتی بوژاندنەوە و پلان دانان و بواری ئیداری و یاسایی پێشکەشی حکومەتەکانی دەکات.

★ زانیاری، ڕێکخراوەکە زانیاری پەیوەندیدار بە خۆراك و دارستان و راوە ماسی، کۆدەکاتەوە راڤەیان دەکات و بلاویان دەکاتەوە، ڕێکخراوەکە ئەم زانیاریانە دەخاتە بەردەستی هەموو ئەوانەی گرنگی بەم بوارانە دەدەن، ئەم زانیاریانە بۆ بریاردان و وەبەرهێنان و خستنە بازار و توێژینەوەی زانستی و مەشق و راهێنانی گرنگن.

**دووەم: ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی**

لەوەتەی شەری دووەمی جیهانیەوە، بازرگانی جیهانی لە ژێر سایەی (ڕێککەوتنە گشتیەکانی تاریفە و بازرگانی (gatt) بەرێوەدەچێ، کە ٢٣ دەوڵەت مۆریان کرد، لەم ڕێککەوتنەدا چەند بەندێکی تێدایە داوای هاوسەنگی لە نێوان پارێزگاریکردن لە بەرهەمی نێوخۆ و زیاد بوونی رادەی بازرگانی دەکات، بەلاَم ئامانجی سەرەکی ئەوەیە دەولەت توانای ئەوەی هەبێت کە بێتە ناو بازاڕەوە.

ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر ئەم ڕێککەوتننامەیە (جات ـ gatt ) مۆر یان کردووە، سەرکەوتووبوونە لەوەی کە ڕێژەی تاریفە گومرگیەکان لە ٤٠٪ بۆ ٥٪ لەسەر بەرهەمە دروست کراوەکان، دابەزێنن[٣٨].

ئەو ڕێککەوتنە لەسەر دابەزاندنی تاریفەی گومرگی لەسەر بەرهەمە پیشەسازییەکان، بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی نەگرتەوە، چونکە هەم دەوڵەتە دەولەمەندەکان، هەمیشە هەژارەکان کە تاکە سەرچاوەی داهاتیان کشتوکاڵە، زۆر بەگرنگیەوە سەیری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان، دەکرد. گۆڕانی جیهانی نوێ هاتە پێش و ڕێککەوتنامەی جات گەشەی پێدرا و کشتوکاڵیشی گرتەوە، ئەو ڕێککەوتنامەیەی ئێستا پێی دەگوترێت (ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی).

لەوانەیە گرنگترین خەسڵەتی کشتوکاڵی جیهانی لە جیاوازی سیاسەتی کشتوکاڵی لەنێوان دەوڵەتە دەولەمەند و دەوڵەتە هەژارەکان دابێت، دەوڵەتە هەژارەکان هەڵدەستن بە بارکردنی کشتوکاڵ (تحميل الزراعە)[٣٩] و پارێزگاریکردنی لە نرخ بە بەهایەکی کەمتر لە نرخە جیهانیەکەی، ئەمەش لەبەر چەندین هۆکار لەوانە، پێویستی دەوڵەت بە پارەی زیادە بۆ کەرتەکانی دیکە، بە تایبەتی پیشەسازی و دابین کردنی خۆراك بۆ هاوڵاتیانی بە نرخێکی هەرزان. ئەم جۆرە کارکردنە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە وا دەکات بەرهەمداری کشتوکاڵی سنوردار بێت و تواناکانی بەکارهێنانی دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیا کەم بێت و وەبەرهێنانی کشتوکاڵی سنوردار دەکات.

[٣٨] د. محمد السيد عبدالسلام، الامن الغذائي للوطن العربي، نفس المصدر، ص٥٨.

[٣٩] بارکردنی کشتوکاڵیش واتە بارگرانکردنی کشتوکاڵ بە باج لە ڕێگەی دیاریکردنی نرخی بەرهەمەکان.



هەرچی دەوڵەتە خاوەن داهاتە بەرزەکانن، لەبری ئەوەی بێن کشتوکاڵ باربکەن، پاڵپشی لە کشتوکاڵ دەکەن، بەهاندانی چێنەر و دابین کردنی گوزەرانێکی هاوشێوەی براکانیان لە کەرتەکانی دیکە، ئەم جۆرە کارکردنە، تواناکانی کشتوکاڵی پەرە پێدەدات، ئەمەش بەرهەمداری کشتوکاڵی و بەرهەمی هەمووەکی (کلی) لێدەکەوێتەوە، بۆیە نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە بازار لە نرخی بەرهەمە جیهانیەکان زیاترە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی نرخی بەرهەمەکان گرانترە، کەچی بەهۆی بەرزی ئاستی داهاتی دانیشتوان گرفت لەسەر فرۆشتنی ئەو بەرهەمانە دروست ناکات، پاڵپشتیەکانی دەوڵەت خۆی لە تاریفەی گومرگی و کوت دانانی چەندایەتی لەسەر هاوردە و ناردەنی، دانانی مەرجی تەندروستی و تەکنیکی لەسەر بەرهەمەکان، پاڵپشتی کردن لە بەهەمهێنانی هەندێ ڕەگەز وەك پەین (الاسمدة)، ئەمە سەباری بەخشین (الحفاء) لە باج، پاڵپشتی کردنی دەوڵەت لە کشتوکاڵ وا دەکات نرخی بەرهەمی کشتۆوکاڵی لە بازاڕە جیهانیەکان دابەزێ، ئەگەر پاڵپشتی دەوڵەت لە کشتوکاڵ کەم ببێتەوە، ئەنجامەکەی زیادبوونی نرخی بەرهەمە هاوردەکانی دەوڵەتە پێشکەوتەکان دەبێت.

دوای چەندین زنجیرە دانوستاندن، کە دواین جار بە گفتوگۆکانی ئاراگوای ناسرا، لایەنە بەشدارەکان لە وڵاتی مەغریب توانیان بگەنە ڕێککەوتنێك، ساڵی ١٩٩٤ ئەو ڕێککەوتنەیان مۆرکردو لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٥، ڕێککەوتنەکە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنامەیە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دامەزرا.

ئەو ڕێکخراوە ئەرکی بە جێهێنانی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لایەنەکان لەسەری ڕێککەوتبوون لە ئەستۆ گرت و بەمەش کۆتایی بە ڕێکخراوی جات هات و برگەو بابەتەکانی لە ناو ڕێکخراوی نوێ جێبەجێکران.

ئەم ڕێکخراوە (ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی) لەسێ بەش پێکهاتووە:

١- ئەنجوومەنی بازرگانی کاڵ.
٢- ئەنجوومەنی بازرگانی خزمەتگوزاری.
٣- ئەنجومەنی بازرگانی مافی موڵکیەت و بیر.

ئەمە سەرباری دەزگایەکی هەمە لایەن بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان ئەم سێ ئەنجوومەنە، هەروەها سیستەمێکیشی هەیە بۆ پێداچوونەوەی سیاسەتی بازرگانی دەوڵەتە ئەندامەکان، ئەم ڕێکخراوە لەپاڵ هەردوو دامەزراوەکەی سندوقی نێودەوڵەتی دراو(صندوق النقد الدولی) و بانکی نێودەوڵەتی بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە (البنك الدولي للانشاء والتعمير) سێکوچەکە مەزنەکەی ڕژێمی ئابووری و بازرگانی جیهانی پێکدێنن.

لە دانوستانەکانی ئۆرگوای، چەند بەندێك بۆ ئازادکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی پەسەند کران، لەوانە:

١- کەمکردنەوەی کۆت و بەندە گومرگیەکان.
٢- کردنەوەی بازاڕەکان لەبەردەم بەرهەمە هاوردەکان.
٣- پاڵپشتی کردن لە بەرهەمهێنان و ناردەنی.
٤- ڕێکخستنی مافی دەوڵەت لە چاودێری تەندروستی و بەیتەری، بەمەرجێ نەبێتە کۆسپ لەبەردەم بازرگانی.

مەرج نییە وڵاتە ئەندامەکانی ڕێکخراوەکە بەبڕیارەکانی ڕێکخراوەکە پابەند بن، مەرجی سەرەکی لە ئەندامێتی لەو ڕێکخراوە، بڕوا بوونە بە ئازادی بازرگانی[٤٠].

---

[٤٠] خالد حنفي، منظمة التجارة العالمية عن الموقع (اسلام اون لاين)



**کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ:**

١- ئەو بانگەشەی ئازادی بازرگانی کردن بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وا دەکات، نرخی گەنم بەرزببێتەوە و بەرهەمی ئاژەل لە دەوڵەتانی کۆمەڵەی ئەوروپی دابەزێ، ئەمەش وا دەکات، نرخی بەرهەمەکانی ئاژەلیش بەرزببێتەوە، هەر بەرزبوونەوەیەکی نرخیش واتە زیان گەیاندن بە بەشێك لە داهاتی دەوڵەت ( بەتایبەتی وڵاتە عەرەبیەکان). بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە بەرزبوونەوەی نرخ، وەبەرهێن هاندەدات و برو ڕادەی بەرهەم زیاد دەکات، کە بەرهەم زیادی کرد واتە ڕێژەی بەشی خۆ لەخۆراك زیادی کردووە و خۆراکی هاوردە کەم بۆتەوە، ئەمەش بە لایەنێکی پۆزەتیڤ بۆ کشتوکاڵ دێتە ژماردن.

٢- لەبەرئەوەی زۆرێك لەو بانکانەی بۆ بوژاندنەوەی کشتوکاڵ دامەزراون، لە ژێر کاریگەری بەندەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی قەرز و پارە دەدەن بە جوتیار لەشێوەی قەرزی ئاسانکراو و بەشێوەی مەرج دار و بەسودێکی کەم، بەڵام کاتێ مەرجەکانی پارەدان گرانتر دەبێت، ئەرکی جوتیار گران دەکات لە دانەوەی پارەکە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ڕادەی بەرهەم دەبێت،

٣- مافەکانی موڵکیەتی فیکری کاریگەری دوور مەودای لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی دەبێت، چونکە دەست کەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ بە تایبەتی ئەندازەی بۆ ماوەیی و تەکنەلۆژیای چاندنی شانەو خانەکان (چ لەئاژەل چ لەرووەك)، ئەم دەستکەوتانە، تێچوونی زۆرە، لەوانەیە جوتیارانی زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و تازە پێگەیشتوەکان نەتوانن ئەم تەکنەلۆژیانە بەکاربێنن، ئەگەر بەکاریشی بێنن لەوانەیە نەتوانن بیکرن، ئەگەر بتوانن بیکرن تێچوونی بەرهەم زیاد دەکات، کە لەوانەیە کڕیاری ئاسایی نەتوانێ بیکڕێ.

ماوەتەوە بلێین، تیۆری ئازادی بازرگانی کە ئادەم سمیس دایهێناوە هەریەکە لە ریکاردۆ و جۆن ئیستیوارت میل گەشەیان پێداوە، لەسەر بنەمای وەدەستهێنانی گەورەترین کەلك دامەزراوە، کە دەلێت:" ئەگەر ولاتێك هێنانی کالایەك کەمتری تێبچێ لە بەرهەمهێنانی لە ناوەخۆ، ئەوا لە بەرژوەندی ئەو ولاتە دانییە ئەو کالایە هاوردە بکات و کالایەك بەرهەم بهێنێ کە خەرجی هاوردەکردنی لە بەرهەمهێنانی کەمتر بێت "[41].

سوود وەرگرتن لەم رێکخراوە بەگوێرەی پلەی پێشکەوتنی ئابووری و توانا دارایی و تەکنەلۆژییەکانی دەگۆرێت، چەندی پلەی پێشکەوتنی زۆر بێت، سوود وەرگرتنەکەی گەورە دەبێت، بەپێچەوانەشەوە راستە. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم رێکخراوە ئەوەندە گوێ بەبەها مرۆڤایەتیەکان و گرفتە کۆمەلایەتیەکان و ئابوورییەکانی ولاتە هەژارەکان نادات، ولاتانی عەرەبی کە زۆربەیان ولاتی تازە پێگەیشتون، سوود وەرگرتنیان لەم رێکخراوە لاوازە، لەبەرئەوەی ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتنی ئەم ولاتانەش جیاوازە، بۆیە سوود وەرگرتنە کەشیان جیاوازە، بەلام لەگەل ئەوەشدا چوونە پال رێکخراوەکە مەترسی کەمترە لە دوورە پەرێزی، بۆیە تا ئێستا ١١ ولاتی عەرەبی چووە رێزی ئەم رێکخراوە. **کاریگەری ئازادی بازرگانی جیهانی لەسەر بازرگانی عەرەبی، چیە؟**

خودی چوونە پال ئەم رێکخراوە مانای بڕوابوونە بە جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتنامەی دامەزراندن. ئەم رێکخراوە، دەولەتانی ئەندام ناچار دەکات کە هەرچی کۆت و بەندی بەردەم بازرگانی هەیە، لە رۆتینی ئیداری و رەسم و باجی زۆر لەسەر کالاکان کەم بکاتەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکانی رێکخراوەکە لە کۆبوونەوەی ئۆرگوای باج گومرگیەکانی سەر کالا بەرێژەی **٣٨**٪ بۆ ولاتە

[41] محمد عبدالدائم، منظمة التجارة العالمية والحرب، فرص ومخاوف، المصدر جزيرة نيت.



پیشەسازییەکان و رێژەی **١٩**٪ بۆ ولاتە تازە پێگەیشتوەکان کەمکرایەوە، رێکخراوەکە رێژەیەکی دیاریکراوی بۆ کەم کردنەوەی باجەکان لەسەر کالاکان دیاریکردووە، بۆ ولاتە پیشەسازییەکان رێژەی **٣٦**٪ باجەکان کەم دەکاتەو، لەماوەی شەش سال، بۆ ولاتە تازە پێگەیشتوەکانیش رێژەی **٢٥**٪، لەهەمان ماوەدا هەرچی ئەو ولاتانەن کە ئاستی گەشەکردنی ئابوورییەکی دا تەپیوە، ئەوا رێکخراوەکە ناچار نیە پابەندی ئەو دیاریکردنە بێت، بەلام مافی هەموو دەولەتێکە کە هێنانی هەندێ بەرهەمی کشتوکالی بەهۆی مەسەلەی تەندروستی قەدەغە بکات، لەمەشدا پشت بە دەستکەوتە زانستی یەکان ببەستێ، ئەگینا، ئەو قەدەغەکردنە ولاتێك دەگرێتەوە، هەندێکی دیکە ناگرێتەوە. هەندێ دەولەتی عەرەبی هەن، هاوردە کشتوکالییەکانیان بەچەند رێککەوتنێك لەگەل چەند دەولەتێك گرێدراوە، وەك ئەو رێککەتنانەی ئوردەن و مەغریب و تونس لەگەل یەکێتی ئەوروپی، سازیان کردووە، لێرەدا هاوردە کشتوکالییەکان ناچنە ژێر باری کۆت و بەندو باج و رەسم، چونکە ئەوانە بەرێککەوتنێك لەماوەیەکی دیاریکراو ئەو مامەلەیە ئەنجام دەدەن.

لەراستیدا تەرازوی کشتوکالی عەرەبی، بەدەست لاسەنگی یەکی توندەوە، دەنالێنێ، چونکە دەستکەوتەکانی ناردەنیە کشتوکالییەکان، هەر تەنها بەشێکی بچووك لە هاوردە کشتوکالییەکان دابین دەکات[42].

[42] د.صباح نعوش، عرب و منظمة التجارة العالمية، عن الموقع الجزيرة نت.

**سێیەم: ڕێکخراوی عەرەبی بۆ بوژاندنەوەی کشتوکاڵ**

ڕێکخراوی عەرەبی بۆ بوژاندنەوە و کشتوکاڵ، لەسەرەتاکانی ساڵانی حەفتاکانەوە بە ئامانجی یارمەتی دانی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی پێویستیان بە گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ هەیە دامەزراوە. کارەکانی ئەم ڕێکخراوە لە گەشدان بە دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکانی ئەو وڵاتانە و ئامادەکردنی توێژینەوەی تایبەت بە سیاسەتی کشتوکاڵی و دیاریکردنی کەلێنی خۆراک و بەدەرخستنی هۆکارەکانی دروست بوونی ئەم کەلێنەو دانانی پرۆگرامی بەدەستهێنانی ئاسایشی خۆراک و بونیادنانی سیستەمێکی زانیاری کشتوکاڵی پێشکەوتوخواز، چڕ دەبێتەوە.

**پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەم ڕێکخراوە:**

ئەم ڕێکخراوە لە دوو بەش پێکهاتووە[٤٣].

١- **دەسەڵاتی یاسادانان:** لەدەست کۆمەڵەی گشتی دایە، سەرجەم وەزیرانی کشتوکاڵیش لە کۆمەلەی گشتی (الجمعية العمومية) ئەندامن، هەلدەستن بە دانانی سیاسەت و ستراتیژی ڕێکخراوەکە، ئەمە سەرباری دانانی پلان و چاودێریکردنی ئەو پلانە لەکاتی جێبەجێکردنی دا، لەهەمووی گرنگتر ئەم دەسەڵاتە بریار لەسەر پلانی بوژاندنەوە دەدات.

٢- **دەسەڵاتی جێبەجێکردن:** ئەمەش بریتییە لە ئیدارەیەکی گشتی لە بەڕێوەبەرێکی گشتی و جێگرەکەی و چەند بەڕێوەبەرێکی تەکنیکی دارایی و چەند نوسینگەیەك پێکهاتووە، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەموو بریار و ڕاسپاردەکانی

[٤٣] علي ولد الشيخ/ أهم المنظمات الناشطة في مجال الامن الغذائي، عن الموقع الجزيرة نت.



کۆمەڵەی گشتی جێبەجێ دەکات و نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە لە کۆنگرە و نێوەندە نێودەوڵەتیەکان. دەکات.

**ئەم ڕێکخراوە چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی هەیە: وەك:**

١- **بەڕێوەبردنی ئاسایشی خۆراك:** ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گرنگی بە جێبەجێکردنی ئەو دیراسانەی تایبەتن بە بەرهەم و بەرهەمداری بەرهەمە خۆراکییەکان، هەروەها ئەوانەی پەیوەندیدارن بە گەشەدان بە خزمەتگوزاری کشتوکاڵی دەدات، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەروەها بانگەشە بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە بواری بەرهەمی خۆراك و خزمەتگوزاری یارمەتی دەر، دەکات. ئەم بەڕێوە بەرایەتیە ئەم بەشانە بە ڕێوەدەبات:

* بەشی بەرهەمی ڕووەکی
* بەشی بەرهەمی ئاژەڵی
* بەشی بەرهەمی ماسی و زیندەوەرە ئاوییەکان
* بەشی بەکاربردن و ئالوگۆری کاڵی خۆراکی
* بەشی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی
* بەشی ریکلام (پروپاگەندە)

٢- **بەڕێوەبردنی دەرامەتی ئاوی:** گرنگی بە دەرامەتی ئاوی و دراسەکردنی شێوازەکانی بەکارهێنان و ڕێوشوێنی توێژینەوەی تەکنیکی و ئابووری کە گەشە بە دەرامەتی ئاو دەدات، دەدات.

**ئەم بەڕێوەبەرایەتیەش ئەم بەشانە لە خۆدەگرێت:**

* بەشی بوژاندنەوەی دەرامەتە ئاوییەکان.
* بەشی بەکارهێنانی ئاو.
* بەشی بەڕێوەبردنی ئاودێری کشوکاڵی.

**٣- بەڕێوەبردنی بوژاندنەوەی مرۆیی:** گرنگی بە ئامادەکردن و جێبەجێکردنی چالاکیە مەبەستدارەکانی (هادف ) بوژاندنەوەی توانا تەکنیکی یەکانی کادیرانی کشتوکاڵی و جوتیاران دەدات.

**بەشەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە:**

★ بەشی کۆنگرە و کۆنفراسەکان

★ بەشی ڕێنمایی و مەشق کردن

★ بەشی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە

★ بەشی ئافرەتانی لادێ نشین

**٤- بەڕێوەبردنی پرۆژەکان:** گرنگی بەو ڕێوشوێنانەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکان دەدات، **لەم بەشانە پێکهاتووە:**

★ بەشی پرۆژە رووەکیەکان.

★ بەشی پرۆژەکانی سامانی ئاژەل.

★ بەشی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری.

★ بەشی پرۆژەکانی پیشەسازی کشتوکاڵی.

★ بەشی پرۆژەکانی ژینگە و بوژاندنەوەی گوندەکان

**٤- بەڕێوەبردنی تەکنیکی و زانستی.**

**٥- بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی.**

**٦- بەڕێوەبردنی دیراسات و توێژینەوە.**



## چوارەم: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

هەروەك لەبەشەکانی پێشوو باسمان کرد، مەسەلەی ئاسایشی خۆراك و دیاریکردنی پێناسەکەی ئەوی بۆ دەرخستین کە ئاسایشی خۆراك هەر تەنها پەیوەندی بە بری دابین کراو لە خۆراك نیە، یا پەیوەندی بە بری بەرهەمی خۆراکی خۆماڵی نیە، بەڵکو لایەنێکی دیکەی ئاسایشی خۆراك خۆی لە سەلامەتی خۆراکیش دەبینێتەوە، واتا خۆراکی تەندروست و پڕ لە ماددە خۆراکییەکان و بێ زیان لە رووی تەندروستیەوە، مەرجێکی دیکەی دابین کردنی ئاسایشی خۆراکە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش یەکێکە لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانەی کە گرنگی بە سەلامەتی خۆراك و بەد خۆراکی و هەژاری و کەمی خۆراك و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا لە راپۆرتی دەوری و ساڵانە بەیان دەکات.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئاژانسێکە لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری تەندروستی، ئەم ڕێکخراوە لە حەوتی نیسانی ساڵی **١٩٤٨** دامەزراوە، هەروەك لە دەستووری ئەم ڕێکخراوە دیاریکراوە، ئامانجی ئەوەیە، ئاستی تەندروستی گەلان بگەیەنێتە بەرزترین پلە.

دەوڵەتە ئەندامەکانی **١٩٢** دەوڵەتن، ئەم ڕێکخراوە دەسەڵاتیان لەڕێگەی کۆمەڵەی تەندروستی جیهانی یەوە پیادە دەکەن. کۆمەڵەی تەندروستی لە نوێنەرانی دەوڵەتە ئەندامەکان پێکهاتووە، ئەم کۆمەڵەیە پرۆگرامی ڕێکخراوەکەو بودجەی ڕێکخراوەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ پەسەند دەکات.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، ڕێکخۆراوەکە باوەری بە سەنتەریالیزمی کارکردن نەبوو، بۆیە هانی وڵاتانی ئەندامی دەدات لە هەرێمە لێك نزیکەکان

ڕێکخراوی تەندروستی دروست بکەن، بەمەش ڕێکخراوەکە بووە خاوەنی شەش ڕێکخراوی هەرێمی یەکێك لەوان لە هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوەراست هاتە دامەزراندن. ئامانجەکانی لیژنەی ئیقلیمی ڕێکخراوی تەندروستی بریتییە لە:

١- دانانی سیاسەتی پەیوەندیدار بەو هەرێمەی ڕێکخراوەکە کاری تێدا دەکات.

٢- سەرپەرشتیکردنی چالاکیەکانی نوسینگەکانی ئیقلیمی.

٣- هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ئیقلیمیە هاو شێوەکان.

٤- دارشتنی پرۆگرام و دانانی بودجەی پرۆژەکان.

**ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کار بۆ:**

١- دابینکردنی پێداویستە تەندروستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ دەکات.
٢- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخۆشی شەپرەی منداڵان.
٣- بەگەرخستنی هەڵمەتێکی فراوان بۆ قەلاچۆکردنی نەخۆشی مەلاریا.
٤- گرنگی دان بە لایەنی خۆراك و دیاریکردنی خۆراکی تەندروست.
٥- کارکردن بۆ پەیداکردنی ڤیتامینە گرنگەکانی گەشەی مرۆڤ، وەك ڤیتامین a یا کەمی یۆد.
٦- مەشق و ڕاهێنان بە کادیرانی تەندروستی دەکات.
٧- ئامادەکردن و بلاوکردنەوەی زانیاری و ئاماری ساڵانە لەبارەی جۆر و ژمارەی نەخۆشیەکان وەك:

★ دیاریکردنی رادەی برسیەتی.
★ دیاریکردنی بەد خۆراکی
★ دیاریکردنی کەمی لە خۆراك.
★ دیاریکردنی ڕێژەی مردن بە هۆکاری تەندروستی و ناتەندروستی.



**پێنجەم: پرۆگرامی تایبەتی ئاسایشی خۆراکی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان:**

بەدەست پێشخەری ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ، لەخولی شەشەمی حوزێرانی ساڵی ١٩٩٤ پرۆگرامی تایبتی ئاسایشی خۆراکی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان (البرامج الخاص للامن الغزائي للامم المتحدة) دامەزرا بری ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ماوەی ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١، بۆ تەرخان کرا.

ساڵی ١٩٩٤ بەرێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە جەختکردنەوە لەسەر (باشترکردنی ئاسایشی خۆارك) لە بەرنامە و پرۆگرامە ستراتیژییەکانی ڕێکخرۆاوەکەی دانا بوو، باشترکردنی ئاسایشی خۆراکیش هەروەك ڕێکخراوەکە دیاری کردبوو، پشت بە ڕادەیەکی بەرز لە بەرهەم هێنان و دابینکردنی هەلی کارکردن دەبەستێ، بۆ ئەم مەبەستەش بەرێوەبەری گشتی پێشنیازی دارشتنی بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ ئاسایشی خۆراك بۆ ئەو وڵاتانەی لاسەنگی خۆراکی و ئاستی داهاتیان نزمە کرد، چونکە ئەو وڵاتانە کەمتر توانای دابین کردنی پێداویستیە خۆراکییەکانیان هەیە، ئەم پێشنیازە لە لایەن کۆنگرەی لوتکەی خۆراکی جیهانی کە لەساڵی ١٩٩٦ لە رۆما بەسترا، پاڵپشتی لێکرا، لەو کۆنگرەدا داوای کۆششی زیاتری لە گشت ئاستەکان بۆ زیاد کردنی بەرهەمی خۆراك و وەدەست هێنانی خۆراك کرد. لەو وڵاتانەی بەدەستی لاسەنگی خۆراك و کەمی داهات، دەناڵێنن ڕێکخراوەکە ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە لاسەنگی خۆراکیان هەیە بە ٨٦ وڵات مەزەندە کرد، ئامانجی ئەو بەرنامەیە کەمکردنەوەی ئەو ژمارەیەیە بۆ نیوە لەساڵی ٢٠١٥.

ڕەگەزەکانی (بەندەکانی) بەرنامەکە لە خشتەی کاری کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتوەکانی تایبەت بە ژینگەو بوژاندنەوە کە لە ریۆدی جانیرۆ بەسترا،

وەرگیراوە. خشتەکە لەبەشی ٦تا ١٤ دا دەڵێت:(سەرەکیترین دەستکەوتی ئاسایشی خۆرك خۆی لە بەرهەمهێنانی زۆری کشتوکاڵی بەشێوەیەکی بەردەوام و بەرقەرار کردنی مافی هاوڵاتیان لە دابین کردنی خۆراکی گونجا و بەبری تەواو، دەبینێتەوە).

ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆگرامە تایبەتە کە یارمەتی دانی ئەو وڵاتانەیە کە لاسەنگی خۆرکیان هەیە و ئاستی داهاتیان نزمە یارمەتی ئەو وڵاتانە دەدات بۆ باشتر کردنی ئاستی ئاسایشی خۆراکیان و کەمکردنەوەی هەڵبەزو دابەزی لە بەرهەمهێنان لە ساڵێك بۆ ساڵێکی دیکە. بەرنامەکە باوەڕی وایە کە ئەو وڵاتانەی ئەو کێشەیان هەیە، هۆکاری ئەوەشیان تێدایە کە بەرهەمە خۆمالیەکەیان زیاد بکرێت، لەوێشەوە خۆراك دابین بکرێت، بەڵام ئەمە بەهۆی چەند کۆسپێکەوە نایەتە دی، پرۆگرامەکە هەوڵی لەناوبردنی ئەو کۆسپانەش دەدات تاکو یارمەتی جوتیاران و چێنەران بدات، ئەو کۆسپانە دیاری بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

**چۆن پرۆگرامی تایبەت بە ئاسایشی خۆراك جێبەجێ دەکرێت؟.**

بەدوو قۆناغ پرۆگرامی تایبەت بە ئاسایشی خۆراك جێبەجێ دەکرێت، لە قۆناغی یەکەمدا، جوتیاران و کارمەندانی کشتوکاڵی مەشقیان پێدەکرێت و تۆو ئامێرو کەل و پەلی کشتوکاڵی پێویستیان پێ دەدرێت، کە بەهۆیانەوە بەرهەم زیاد دەکات، ئەمەش لەرێگەی:

١- کۆنترۆلکردنی سەرچاوە ئاوییەکان.
٢- چڕکردنەوەی سیستەمی بەرهەمی بەروبووم.
٣- هەمەجۆر کردنی سیستەمی بەرهەمهێنان
٤- شیکردنەوەی ڕێگرییەکان (کۆسپەکان) و زاڵبوون بەسەریاندا.



قۆناغی یەکەم وا دارێژراوە کە بەشێوەیەکی پەیژەیی چالاکیەکان فراوان بکرێت، لەپاڵ بەدەستهێنانی شارەزایی، بۆ ئەوەی لە هەرێمێکی دیکە فراوانتر پیادە بکرێت، لەقۆناغی دووەمدا کار لەسەر ئەو بنەمایانەی کە لەقۆناغی یەکەم بونیادنراوە، لەرێگەی بەردەستکردنی رەوشێکی لەبار، دەکرێت لەم قۆناغەدا پێویستمان هەیە بە:

١- پرۆگرامێکی ئاسایشی خۆراك و چاککردنی سیاسەتی کشتوکاڵی.
٢- پرۆگرامێك بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی.
٣- دیراسەکردنی خێرو بێری ئەو پرۆژانەی کە باشن بۆ ئەوەی پاڵپشتی داراییان لێبکرێت.

**پێشکەشکردنی داواکاری**

چالاکییەکانی پرۆگرامی تایبەت بە ئاسایشی خۆراك لەگەڵ پێشکەشکردنی داوایەك لەلایەن ئەو وڵاتەکەی خوازیارە بەشداری لە پرۆگرامەکە بکات، دەست پێدەکات. هەرکە رێکخراوەکە داواکەی بەدەست گەیشت تیمێکی هەرێمایەتی دەستنیشان دەکات، خەملانێکی سەرەتایی بۆ ستراتیژەکانی ئاسایشی خۆراك دەکرێت، رێکخراوەکە لەمەدا پشت بەو زانیاریاری و شارەزایە تەکنیکیانەی لایەتی، دەبەستێ.

دارشتنی بەرنامەیەکی تایبەت، ئەرکی دەوڵەتەکەیە، بەڵام رێکخراوەکە لەمەدا یارمەتی و پاڵپشتی پێشکەش دەکات. لە هەموو بارێکدا نوێنەری رێکخراوەکە لەو هەرێمە دەتوانێ پێشنیاز لەبارەی چۆنیەتی دارشتنی بەرنامەکە بداتە دەوڵەتەکە.

نێردراوەکانی ڕێکخراوەکە دەتوانێ زانیاری پێویست لە بارەی پرۆگرامی تایبەتی ئاسایشی خۆراك بە کارمەندانی حکومی و ناحکومی بدات، ئەو پرۆژانەی پێشنیار کراوە پەسند بکەن، یارمەتی ئامادەکردنی ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی پرۆگرامە بکەن، ئینجا ئەوانە ڕاپۆرتێکی کورت لەبارەی کار و ڕێککەوتنەکانیان، ئامادە دەکەن.

بۆ گفتوگۆکردنی ئەو ڕاپۆرتە هەریەکە لە کارمەندانی حکومی و شارەزایانی کشتوکاڵ و لیژنەی ئاراستە کردن کە نوێنەرایەتی کەرتی گشتی و تایبەتی و ڕێکخراوە کشتوکاڵییەکان لەخۆ دەگرێت، ئامادە دەبن. دەکرێت نوێنەری ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵیش بەشدار پێبکرێت.

ئەم گفتوگۆیانە، بەمەبەستی دارشتنی پرۆگرامێك بۆ ئاسایشی خۆراك ئەنجام دەدرێت، چۆن جێبەجێ دەکرێت؟

بۆ جێبەجێ کردنی هەر پرۆگرامێك، پێویستمان بە چوار چێوەیەکی دامەزراویی هەیە، کە بەهۆیەوە بتوانین ئامانجە خوازراوەکان بە دیبهێنن. بۆ هێنانەوەی ئامانجەکانی پرۆگرامەکە ئیدارەیەکی تایبەتیمان دەوێت کە سەرپەرشتی کارەکان بکات، ئەم ئیدارەش دەکرێت ئەمانە بن:

١- لیژنەی سیاسەتە هاوبەشەکانی نێوان وەزارەتەکان بەسەرۆکایەتی، سەرۆك کۆمار یا سەرۆك وەزیران و بە ئەندامێتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەل و دەرامەتی ئاوی و دارستان و سامانی ماسی و نەخشەکێشان و دارایی وسەرجەم ئەو وەزارەتانەی گرنگی بە ئاسایشی خۆراك دەدەن. ئەو لیژنەیە سیاسەتی پرۆگرامە تایبەتیەکە دادەرێژێ و هەماهەنگی لە نێوان کەرتەکانی هەرێم دەکات وسەرپەرشتی ئەو یارمەتیانەی لەدەرەوە پێشکەش دەکرێن، دەکات.



٢- لیژنەی تەکنیکی هاوبەشی نێوان وەزارەتەکان، کەلە بەرێوەبەری کشتوکاڵ و سامانی ماسی و سامانی ئاژەل و دارستان و پلان دانان و توێژینەوەی کشتوکاڵی و هی دیکە پێکدەنێ. ئەوانە هەماهەنگی لە نێوان پرۆگرامە تایبەتیەکە و پرۆگرام و پرۆژەکانی هەرێمایەتی دەکەن، کەلەلایەن لایەنە کۆمەك بەخش و ڕێکخراوە ناحکومی و تایبەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

٣- لیژنەی هەرێمایەتی نێوان ئیدارەکان، کەواباشە بەرێوەبەری هەرێمەکە سەرۆکایەتی بکات، لە نوێنەرانی دامەزراوە. حکومی و بەرێوەبەرایەتیە کشتوکاڵییەکان و بەرپرسانی خزمەتگوزاری تەندروستی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و جوتیاران پێکدێت، ئەوانە سەرپەرشتی و چاودێری پرۆگرامەکە دەکەن و دواتر هەڵسەنگاندنی کارو پرۆژەکان دەکەن.

٤- لیژنەی جێبەجێکردنی ناوچەیی، کە لەو تەکنیکارانەی کە لەگەڵ چوار ڕەگەزەکەی (أ- کۆنترۆلکردنی ئاو ب – چڕکردنەوەی بەرو بووم ج- شیکردنەوەی ڕێگریەکان د- هەمەجۆرکردنی بەرهەم)، بەرنامە تایبەتیەکە مامەلە دەکەن، پێکهاتبێت، ئەم لیژنەیە پرۆگرامەکە لەئاستی خۆی جێبەجێ دەکات.

## شەشەم: ڕۆژی خۆراکی جیهانی

ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ١٦ی تشرینی یەکەم، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوە کە لەساڵی ١٩٤٥ دەکاتە ڕۆژێك بۆ چالاکی نواندن، کۆمەڵێ کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمنار و چالاکی جۆراو جۆر لەبارەی خۆراکەوە، سازدەکات.

ساڵی ٢٠٠٥ ڕۆژی خۆراکی جیهانی لە ژێر دروشمی (کشتوکاڵ و دایەلۆگی کلتورەکان) چالاکیەکانی بەڕێوەبرد. کە تێدا دیارترین دەستکەوتە شارستانیەکانی بواری کشتوکاڵی سەرجەم مرۆڤایەتی خرانەڕوو، چونکە لای کەس شاراوە نیە سەرجەم شارستانیە مرۆڤایەتیەکان لەسەر کشتوکاڵ بونیادنراون، ئەفریقیەکان خواردنەوەی قاوە یان بەرهەمهێنا، کە دواتر بووە، شەربەتێکی جیهانی. ئاسیاییەکان، گرنگیان بە بەروبوومی برنج دا کە، خۆراکی زیاتر لە نیوەی مرۆڤایەتیە. چاندنی گەنمیش کە بنەچەکەی لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستە، لەهەریەکە لە ئەمریکای باکورو ئەوروپا دەچێنرێت، هەرچی پەتاتەیە سەرەتا لەسەر دەستی ئیسپانیە فەتح کەرەکان دۆزرایەوە، ئێستا لە ئەمریکای باشور دەچێنرێت بووە خۆراکێکی سەرەکی دانیشتوان. بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و لەناوبردنی برسیەتی، کردنەوەی دایەلۆگی کلتور گرنگە. ئەو وڵاتانەی گرفتی ئاسایشی خۆراکیان هەیە دەتوانن سوود لە شارەزاییەکانی وڵاتە بێ گرفتەکان وەربگرن.

دکتۆر جاك بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی نەتەوەیەکگرتووەکان بەبۆنەی ڕۆژی خۆراکی جیهانی ساڵی ٢٠٠٥ گوتی (ئەمڕۆ نەوەك هەر دەرامەت و تەکنەلۆژیای پێویستمان بۆ بەرهەمهێنانی بری تەواو



لەخۆراك بۆ تێرکردنی دانیشتوان لەبەردەست دایە، بەڵکو توانای ئەوەش هەیە کۆتایی بە برسیەتی و هەژاریش بهێنرێت).

دروشمی ڕۆژی خۆراکی جیهانی ساڵی ٢٠٠٣ بەناوی ( هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی برسیەتی) بوو، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەکانی ڕێکخراوەکە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی برسیەتی هەموو هێزە جۆراو جۆرەکانی جیهان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە لە بەرهەم هێنەران، بەکاربەران، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، حکومیەکان، کۆمپانیا ئەهلیەکان، زانایان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە خۆدەگرێت، هەروەها ئەو لایەنانەی یارمەتی خۆراکی دەبەخشن و سیاسەت داڕێژەرانی وڵاتە دەولەمەند و هەژارەکان، لە خۆکۆدەکاتەوە.

بەرای ئیڤا کلنتن ی یاریدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەر پرسی ڕێکخستنی کارەکانی ڕۆژی خۆراکی جیهانی ئیرادەی سیاسی، مەرجێکی سەرەکی بەدیهێنانی ئامانجەکانی لوتکە خۆراکی جیهانیە، لەسەر نەتەوەکان پێویستە زیاتر کاری جیدی بۆ داهێنانی ژینگەیەکی سیاسی و دەرامەتی و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان بکەن تاکو دژایەتی برسیەتی بکەن.

هەر لە ڕۆژی خۆراکی جیهانی ڕێکخراوەکە بالوێزی ئارەزوو باشەکان (سفراو النویا الحسنه) دیاری دەکەن، ئەوانەی پۆستی بالوێزی ئارەزوو باشەکانیان پێ دەبەخشرێ، لەو کەسایەتیە سیاسی و هونەری وەرزشیانەن کەکاری خێرخوازی و یارمەتی یان پێشکەش بە برسی و هەژاران و نەخۆشیە درێژخایەنەکان کردووە.

## حەوتەم: بەرنامەی خۆراکی جیهانی

بەرنامەی خۆراکی جیهانی، بەرنامەیەکە سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، لەساڵی ٢٠٠٢ جیمس مۆریس سەرۆکایەتی ئەو بەرنامەیەی گرتە دەست لەو براوایە دایە کە ئاسایشی خۆراک بەدەرنیە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرقەرارکردنی ئاشتی لە کۆمەڵگاکان [٤٤].

ئەو بەرنامەیە گرنگی بە سەرژمێری ئەوانەی تووشی برسیەتیەی دێن، دەدات. ساڵی ٢٠٠٦ ژمارەی برسیەکانی جیهانی بە ٨٥٢ ملیۆن کەس مەزەندە کردو دەریخست کە ساڵانە ٥ملیۆن کەس لەسەر ئەم ژمارەیە زیاد دەبێت.

هەروەها ئەم بەرنامەیە، ئەو ناوچانەی کە زۆر پێویستیان بە خۆراکە دیاری دەکات و هۆکاری دروست بوونی ئەم کەمی خۆراکە روون دەکاتەوە. لەم بارەشەوە بەرنامەکە دەڤەری بیابانی ئەفریقیا بە خراپترین دەڤەر داناوە لە رووی کەم خۆراکی و بەد خۆراکی، هۆکارەکەشی بۆ وشکە ساڵی کارەساتی سروشتی گەراندەوە، ئەمە سەرباری ئەو ململانێ بەردەوامەی کە بەهۆی نەبوونی سیستمێکی فەرمانڕەواوە دەڤەرەکە بەدەستی دەناڵێنێ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز کە بۆتە هۆی مردنی ٨ ملیۆن چێنەر.

**کار و ئامانجەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی:**

١- تا هاتنی ساڵی ٢٠١٥ برسیەتی بگەیەنێتە نیوەی ژمارەی ئێستا.

٢- روون کردنەوەی زیاتری گرفتی برسیەتی و هەژاری وڵاتان بۆ ئەوەی بە بڕیاری سیاسی جیدی بێنە مەیدانەکەوە.

[٤٤] مقابلة جريدة الاهرام مع جيمس موريس رئيس (رئيس برنامج الغذائي العالمي)، العدد ١٦٣، يناير ٢٠٠٦.



٣- ئاسانکاری لە بەردەم گەیاندنی یارمەتییە خۆراکییەکان بە وڵاتە هەژارەکان.

٤- گەیاندنی یارمەتییە خۆراکییەکان بۆ ئەو شوێنانەی توشی کارەساتی سروشتی بووینە.

٥- یارمەتی دانی ئەوانەی بەهۆی شەڕ و چەوساندنەوە پەراگەندە بوون.

٦- یارمەتی ئەو پرۆگرامانەی وەك خۆراك بەرامبەر کار و خۆراك بەرامبەر مەشق کردن دەدات.

٧- هۆشیار کردنەوەی خەڵك و حکومەتەکان لە هەمبەر گرفتی خۆراك.

ئەم بەرنامەیە لە ناخۆشترین رەوشی عێراق، توانیوویەتی لە هەر کاتژمێرێکدا ١٠٠٠ تەن خۆراك بگەیەنێتە عێراق، هەروەها خۆراکی بۆ قوربانیانی تسۆنامی لە سەریلانکا و سۆماڵ لە کارەساتەکان ناردووە.

## هەشتەم: دەستەی دەستوری خۆراك

دەستەی دەستوری خۆراك دەستەیەکی حکومی و نێودەوڵەتیە، بەئامانجی پاراستنی تەندروستی بەکاربەران و کار ئاسانی بازرگانی خۆراك دامەزراوە، ئەم دەستەیە کۆمەڵی پێوەری بۆ خۆراك، لەبەردەستی حکومەتەکانی داناوە، بۆ ئەوەی پابەند بن پێوەی.

ئەو پێوەرانەش لە هاوبەشی لە نێوان هەردوو رێکخراوەی خۆراك و کشتوکاڵ و رێکخراوی تەندروستی جیهانی، دانراوە، ئەم پێوەرانەش بۆ هەماهەنگی بازرگانی نێودەوڵەتی و رێگەگرتن لەوەی خۆراکی خراپ (خۆراکی ناتەندروست) بخرێتە بەردەستی بەکارهێنەران. ئەم دەستەیە زیاتر لە ٢٣٧ پێوەری بۆ کاڵا خۆراکییەکان لەبارەی مێژووی بەرهەم هێنانی کاڵاکەو ماوەی شیانی و

پێکهاتەکانی و جۆرەکەی و مەسەلەی خاوێنی و سەلامەتی و پسولەی زانیاری و شیکردنەوەو تێست کردنی چەند نموونەیەك، داناوە.

لەسەر ئاستی دەوڵەتیش، سەلامەتی خۆراك، بە فاکتەرە گرنگەکانی باشتر کردنی ئابووری نیشتمانی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی و پاراستن لە دژی فروفێل و باشترکردنی جۆری خۆراك، دەژمێردرێت، وڵاتانی تازە پێگەیشتوش لە رێگەی ئەم بوارانەی خوارەوە، گرنگیان بە سەلامەتی خۆراك داوە [45].

١- دانانی چەند یاساو سیستەمێکی تایبەت بە جۆر و سەلامەتی خۆراك هەر لە بەرهەم هێنانیەوە بگرە تا خستنە بازاری و دابەشکردنی.

٢- دانانی ئیدارەیەکی چاودێریکردنی خۆراك، کە دەسەلاتدار بێت بەسەر هەموو قۆناغەکانی بەرهەم هێنان تا دەگاتە دەستی بەکاربەر، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان.

٣- دۆزینەوەی ئامرازی رێنوێنی کردنی بەکاربەران و کارمەندانی بواری پیشەسازی خۆراك.

٤- ناچارکردنی بەرهەم هێنەران و دروستکەرانی خۆراك بە پەیرەو کردنی رێگا تەندروستیەکان لە بەرهەم هێنانی خۆراك.

[45] سردار عثمان خدر، دور الحبوب في تقرير الامن الغذائي في اقليم كردستان، نفس المصدر، ص١٨.



## پرەنسیبەکانی دەستوری خۆراك [46]

١- زیاد کردنی بخۆرە (مغذی)ە سەرەکیەکان بۆ سەر خۆراك.
٢- سەیرکردنی خۆراکە هاوردە و ناردەنیەکان و پێدانی بڕوانامە بۆیان.
٣- دانان و جێبەجێکردنی پێوەری میکرۆ بیۆلۆژی تایبەت بە خۆراك.
٤- شیکردنەوەی مەترسیەکانی ئەو خۆراکانەی بەهۆی تەکنەلۆژیای زیندەیی نوێوە بەرهەم دێن.
٥- دانانی ناو لەسەر بەرهەمە خۆراکییەکە.
٦- پێویستە بەرهەمەکە پێناسەیەکی خۆراکەکەی لەسەر بێت، واتە خۆراکەکە لەچی پێکهاتووە.
٧- پێویستە بەرهەمەکە پێکهاتە سەرەکییەکانی خۆراکەکەی لەسەر دیاری کرابێت.
٨- دیاریکردنی ئەم مادده خۆراکیانەی کە خراوەتە سەر خۆراکە سەرەکیەکە، لەگەڵ دیاریکردنی بری زیادەکە، لێرەدا پێویستە هەردوو رێکخراوی خۆراك و تەندروستی لەسەر ئەم مادده خۆرکە زیادانە رازی بن.
٩- پێویستە خۆراکەکە لەرووی تەندروستیەوە خاوێن بێت و دووربێت لەو بوونەوەرانەی نەخۆشی پەیدا دەکەن و مەترسی لەسەر مرۆڤ دروست دەکەن.
١٠- کێش و قەبارە، پێویستە هەر بەرهەمێکی خۆراکی، کێش و قەبارەکەی لەسەر دیاریکرابێت، بەمەرجێ شلەمەنی حسابی بۆ نەکرێت.
١١- دیارییکردنی مێژووی بەرهەم هێنان و خستنە بازار و بەسەر چوون.

[46] ماهو الدستور الغذائي، وثيقة خاصة بالهيئة الدستور الغذائي، ص١١.

# بەشی شەشەم

# ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان

**ئەو ڕێوشوێنانەی ئاسایشی خۆراکی هەرێم بەهێز دەکات**

# بەشی شەشەم: ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان

هەروەك لە بەشەکانی پێشەوەی ئـەم کتێبـەدا باسمـان کـرد، ئاسایـشی خـۆراك، بەتـەنها ئاماژەیـەك ناخوێندرێتـەوە، بابـەتێکی فـرە رەهەنـدە، خـۆراك بـۆ پێکهێنەرەکانی دابەش دەکرێت، بۆیە کاتێ باس لە گرفتـی ئاسایـشی خـۆراکی هەرێمێك دەکرێت، پێویـستە سـەرەتا جـۆری ئـەو خۆراکـە دیـاری بکـەین کـە خوازیارین کەمی و زۆری دەربخەین.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، لەبەر ئـەوەی تـا ئێـستا سـەر ژمێرییـەکی تەواوی دانیشتوان نەکراوە، لەلایەکی دیکەوە خودی دیاری نەکردنی سـنورەکانی هەرێمەکە، نەبوونی زانیاری و ئاماری پێویست لەسـەر بەرهەمـە خۆراکییـەکان (گەنم، برنج، گۆشت، شیر، ٠٠٠) دەرخـستنی رادەی کـەلێنی خـۆراك و کـەمی خۆراك و نەبوونی ئاسایشی خۆراك لێل دەکات.

بۆ نموونە ئەگەر هەردوو خـۆراکی (گـەنم و بـرنج) لـەماوەی سـالانی ١٩٩٢ تـا ١٩٩٦ وەربگـرین، دەبیـنین کـە لێنـی خـۆراك لـە بەرهـەمی (گـەنم) گەیـشتە (٣٤٠,٢٨٧,٨٨٨) تەن، واتـە خـەلکی کوردسـتان بـەم رادیـە پێویـستیان بـە بەرهەمی گەنم هەیە، ئەمە جگە لەو بەرهەمانەی لە نێوخۆیی کوردستان دەهاتە دەسـت. هەرچـی سـالانی ١٩٩٧ تـا ٢٠٠٠ کـەلێنی خـۆراکی گـەنم گەیـشتە ١٥٥,١١٧,٨٨٨ تەن

سـەبارەت بـە کـەلێنی بەرهـەمی بـرنجیش لـە مـاوەی سـالی ١٩٩٦ گەیـشتە ٤٢,٧٨٦,٩٧٦ تەن، ئەم ژمارەیـە لەسـالی ٢٠٠٠ گەیـشتە ١١٦,٧٨٦,١٦١

تەن، ئەم کەلێنە گەورەیەش هۆیەکەی بۆ وشکە ساڵی و کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی دەگەڕێتەوە، و ئەم کەلێنە لە گەنم و برنج لە ڕێگەی بڕیاری ٩٨٦ پڕ دەکرایەوە [47].

کوردستان خودان، چەند خەسلەتێکی تۆبۆگرافی و دیموگرافیە، کە توانای بەرهەم هێنانی زیاتریش لە پێداویستەکانی دانیشتوانەکەی هەیە، بەڵام بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعسی رووخاو، کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ زیاتر لە ٥هەزار گوندی کوردستانی خاپوور کرد، ئەو گوندانە بڕبڕەی پشتی دابین کردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆری دەستی کارگەری کشتوکاڵی لە زیندانەکان پەستا، هەروەها ئابلۆقەی ئابووری دوو لایەنەی نێودەوڵەتی و ڕژێم بەسەر هەرێمدا لە لایەك و شەڕی نێوخۆیی گرنگی نەدان بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هان نەدانی جوتیاران فاکتەرێکی دیکەی ئەم کەلێنەی خۆراکن لە کوردستان. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ، کە وێرانکردنی گوندەکان و نیشتە جێ کردنی گوند نشینەکان لەشاردا لەلایەك بێکاری زیاد کردوو، لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەکی زۆری بەرهەم هێنەری خۆراکی کردە، بەکاربەری خۆراك.

عێراق پێش یەکەم شەری کەنداوی ٣ملیۆن تەن دانەوێڵەی لە دەرەوە هاوردە دەکرد، بەمەش تێکرای تاکێکی عێراقی لە هەشتاکان نزیکەی ١٩١کگم ی بەدەست دەگەیشت، ئەم ژمارەیە لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکان بۆ ١٢١کگم کەمبووەوە، بەشی تاکە کەسێك لە پێش شەرەکە نزیکەی (٣٠٠٠ گەرمۆك) بوو، لەرۆژێکدا، لەساڵی ١٩٩٥ ئەم برە بۆ ١٠٠٠ گەرمۆکە دابەزی [48].

[47] سردار عثمان خدر، دور الحبوب في تقرير الامن الغذائي، نفس المصدر ص١٣٢.
[48] کۆمەڵەی ASK خواردنی دروستی، چاپخانەی دلێر، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، ص١٣.



هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە هەردوو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی کشتوکاڵ، ڕۆژانە بری گەرمۆکەی پێویستیان بە ٢٥٠٠ گەرمۆکە دانا، بەمەش تاکی عێراقی ١٥٠٠ گەرمۆکە کەمتر لە هەر ڕۆژێکدا پێدەگەیشت، ئەم کەمبوونەوەی رادەی گەرمۆکەکان وەك زەنگێکی ئاگادر کردنەوەوە بوو، بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، دەربارەی خراپی باری خۆراك و تەندروستی تاکی عێراق، ئەمە بوو هۆی ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٩٨٦ کە بە بەرنامەی (نەوت بەرامبەر خۆراك) ناسرا، دەربکات، عێراق بەهۆی ئەم بەرنامەیە ڕێگای پێدەدرا هەر شەش مانگ جارێك بایی ٥,٢ملیۆن دۆلار نەوتی خۆی بفرۆشێت و پارەکەی بە خۆراك و پێداویستە تەندروستیەکان بدات.

جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ٩٨٦ باری خۆراکی تاکی عێراقی و کوردستانی باشتر کرد، بەشی تاك لە دانەوێڵە لە ١٢١کگم بۆ ١٧٩کگم ساڵانە زیادی کرد، بەمەش برە گەرمەکەکان لە ١٠٠٠ گەرمۆکەوە زیادی کرد بۆ ٣٠٠٠ گەرمۆکە.

شایەنی باسە تێچوونی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەرێم بەقەد نیوەی تێچوونەکانی بەرهەمی ناوەراست و باشورە، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چاندنی دانەوێڵە لە ناوەراست و باشوری عێراق جوتیار ناچار دەکات کە خەرجی راکێشانی جۆگەو چاککردنی زەوییەکە و کرینی ترۆمپا و سوتەمەنی و هیلاکی دەوێت، کە لە هەرێمی کوردستانی پێویستی پێی نییە.

لە هەرێمی کوردستان رەوشی ئاو و هەوا و رادەی باران بارین و بە پیتی خاکەکەی چاندنی دانەوێڵەی ئاسان کردووە، بەڵام هێشتا، بەرهەم هێنانی دانەوێڵە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

سەرباری ئەوەی کە خاك و ئاو و هەوای کوردستان لەبارە بۆ بەرهەم هێنانی گەنمێکی زۆر زیاتر لە پێداویستەکانی دانیشتوانەکەی، کەچی دەبینین لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٩٨ رادەی بەرهەم هێنانی لە بەرامبەر ژمارەی دانیشتوان هەڵبەز و دابەزی بەخۆیەوە بینیووە، هەروەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت[٤٩] .

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | رووبەری چێنراو(دۆنم) | بەرهەم (تەن) | بەشی تاك لە ساڵێك |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ١٤٨٢٥٨٨ | ٨٩٨٦٠٠٠ | ١٧٢٠٠٠ | ١١٦ |
| ١٩٨٩ | ٢٠١٥٤٦٦ | ٩٦٦٢٢٤٢ | ٢٥٢٤٣١ | ١٢٥ |
| ١٩٩٧ | ٣٣٣٢٨٢٩ | ١٤٥٣٣٩٤ | ٣١٥٣٩٠ | ٩٤ |
| ١٩٩٨ | ٣٣٧٠٠٠٠ | ١٣٠٩٦٧٥ | ٣٥٥٩٣٥ | ١٠٦ |

رێکخراوی W.F.P کە تایبەتمەندە لە خۆراك و دابەشکردنی خۆراك، بەشی تاکەکەسێکی لەگەنم ساڵانە بە ١٢٧ کگم داناوە، ئەگەر بەراوردی ئەو پێوەرە بە بەشی تاکە کەسی لە گەنمی بەرهەم هاتووی کوردستان بەراورد بکەین، دەبینین لە هیچ یەکێك لەو ساڵانەی لەم خشتەیەدا دیاریکراوە، رێژەکە نەگەیشتۆتە ئەو رێژەیەی کە رێکخراوی خۆرکی جیهانی W.F.P دیاری کردووە.

[٤٩] محمود کریم احمد، رۆلی حکومەتی هەرێم و رێکخراوە ناحکومی و نێو دەولەتیەکان لە پەرپێدانی بەرهەمهێنانی گەنم لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی، ژمارە٤٠، ساڵی، ٢٠٠٣، لاپەرە١٦.



خشتەکە، ئاماژە بۆ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکات لە دەوروبەری (١٤٨٢٥٨٨)ەوە لەساڵی ١٩٨٧ بۆ (٣٣٣٣٨٢٩) لەساڵی ١٩٩٧، هەروەها ئاماژە بۆ کەمبوونەوەی رووبەری زەوی چێنراو و بەرهەم هێنان دەکات، لەماوی پێش راپەرینی ساڵی ١٩٩١، ئەمەش بە هۆی سیاسەتی راگواستن و خاپوورکردنی گوندەکان و فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی گشتی و پشت بەستن بە هاوردەنی گەنم لە دەرەوە بەشێوەیەکی تایبەتی، جگە لەوەش خشتەکە دەریدەخات کە رووبەری چێنراو بە گەنم پاش ساڵی ١٩٩١ زیادی کردووە، چونکە جوتیاران چوونەتەوە سەر گوندەکانیان، هەروەها ئەوشمان بۆ دەردەکەوێت کە بەشی تاکەکەس لەو ماوە جیاوازانە هەلبەزو دابەزی بەخۆیەوە بینیووە.

**بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی خۆراکی هەرێم باشە گرنگی بەم خاڵانە بدرێت:**

- ⋆ دیاریکردنی رێژەی پێداویستیە خۆراکییەکان و رێژەی خۆ بژێوی بەرهەمە خۆمالیەکان، بۆ ئەوەی رێژەی کەلێنی خۆراك دیار بکەین و بە دەرامەتە داراییەکان ئەو کەلێنە پر بکەینەوە.
- ⋆ چەندی بکرێت هانی جوتیاران و وەرزێران بدرێت بۆ ئەوەی بەرهەمداری زەوییەکانیان زیاد بکەن و یارمەتی ماددی و مەعنەوی بدرێن، تاکو رێژەی بەرهەمی خۆمالی زیاد بکرێت و کەلێنی خۆراك کەمبکرێتەوە.
- ⋆ لەبەرئەوەی کوردستان بەگشتی وڵاتێکی شاخاوییە، ئەمەش رێژەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەم کردۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوان بوونی شارەکان، دووبارە سنوری زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەم کردۆتەوە، بۆیە چەندی بکرێت، بیر لە ستونی فراوان بوونی شارەکان لە جیاتی ئاسۆیی بکرێتەوە، ئەوەندە لە بەرژەوەندی زەویە کشتوکاڵییەکان دەبێت.

★ بیرکردنەوە لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی، کە لەسەردەمی ڕژێمە خاپوورکران و هانی دانیشتوانەکەی بۆ گەرانەوەو یارمەتیانیان لەسەر دووبارە ئاوەدان کردنەوەو خەریك بوون، بە بەرهەمی کشتوکاڵی، بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە بەکاربەری بەرهەمە خۆراکییەکان دەکەین بە بەرهەمهێنەری.

★ بەکارهێنانی سەرجەم زەوییە کشتوکاڵییەکان لەسەر بنەماو شێوازە زانسیتەکان.

★ تا ئەو پەری سوو وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم و بەردەست کردنی ئامێرو ئامرازی پێویست کە بگونجێ لەگەڵ رووبەر و رادەی بەرهەمەکان، هیچ جۆرە گورمگێك لە سەر هێنانیان دانەنرێت.

★ رووپێووکردنی رووی زەوی هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی ئەو زەویانە کە بۆ کشتو کالکردن دەشێت، ئێنجا دیاریکردنی جۆری بەرهەمەکە و رادەی بەرهەم هێنانی زەوییەکە.

★ گرنگی دان بە توێژینەوەی زانستی و تاقیگەیی و جێبە جێکردنی دەستکەوتەکانی لە بواری جۆرا و جۆری کشتوکاڵی.

★ زیاتر گرنگیدان بە دیاریکردن و پاراستنی سەچاوە ئاوییەکان بدرێت، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو پشتێنانەی کە بارانی وەرزی دەیانگرێتەوە، ئەمە سەرباری دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری و بەندو بەنداوەکان و گلدانەوەی ئاوی رووبارەکان، بۆ دابین کردنی ئاو بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان.

★ کارکردن لەسەر کەم کردنەوەی جیاوازیەکانی نێوان شارو لادێ لە رێگەی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی هاتوو چۆو قوتابخانە و نەخۆشخانەوە بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ کۆچی لادێ بۆ شارەکان دابنرێت.

★ دانانی یاسایەك بۆ دیاریکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و رووبەری هەر زەوییەك، چونکە زەوییە گەورەکان لە نێوان نەوەیەك بۆ یەکێکی دیکە چەند



جار لە نێوان میرتگەرانی دابەش دەکرێتەوە، ئەمانەش وا لە خاوەنی زەوییە بچووکەکان دەکات هاندەروی پالنەریان بۆ بەرهەمهێنان کەم بێت.

★ دروستکردنی عەمباری گەورەی گلدانەوەی دانەوێڵە سەرەکیەکانی وەك (گەنم و جۆ برنج...هتد) بەشێوەیەك بۆ سالآنی وشەك سالێ و کەم دەرامەتی سوودی لێ وەربگیرێت حکومەتیش خۆی بە ناچار نەزانێ لە فرۆشتنی زیادە بەرهەمەکە.

★ خۆئامادەکردنی بەردەوام، بۆ هەر پەتا و نەخۆشیەك کە رووبەرووی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەبێتەوە، ئەمەش وا دەخوازێ بەردەوام ماددەی قەلاچۆکەر و دەرمانی پێویست لە کۆگاکاندا هەبێت.

★ پێویستە حکومەتی هەرێم پالپشتی نرخی بەرهەم کشتوکاڵییەکان بکات، بۆ ئەوەی چێنەر لە بەرهەم هێنانیان بەردەوام بن.

★ پێدانی قەرز و بەخشین و ئاسانکاری، بۆ ئەوانەی دەیانەوێت سەرمایە لە بواری بەر هەمهێنانی کشتوکاڵی وەبەربێنن بە تایبەتی پشەسازی خۆراکی، ئەمەش رێگە بە کرینەوی بەرهەمە خۆمالیەکان دەدات لە بری هاوردە کردنی لە دەرەوە، هەروەها رێژەی بێکاریش کەم دەبێتەوە.

★ پێویستە حکومەت لە کاتی وشکە سالێ لە کرێی، زەوییەکانی خۆی خۆش بێت وەك هاندەرێك بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەرهەم هێنان.

★ سەر ژمێری کردنێکی فراوان سەبارەت بە دانیشتوان بکرێت و زانیاری ورد لەرووی تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، لادێ نشین و شارنشین، رێژەی پیرو پەکەوتوان، ژن و پیاو، کچ و کور، ... تاد بکرێت، تاکو بتوانین زانستیانە پێداویستە خۆراکییەکانی دانیشتوان لە رووی کالۆرییە گەرمییە پێویستەکان دیاری بکەین و لەوێشەوە بری خۆراك، بۆ دانیشتوان دیاری بکەین، ئەمە بەراورد دەکەین لە بەبەرهەمی خۆمالێ و رادەی کەلێنی خۆراك بەو دەرامەتە داراییانەی لامانە پر دەکەینەوە.

★ کردنەوەی بنکەیەکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، بەبەردەوامی لە ئاستی بەرقەراربوونی ئاسایشی خۆراکن کارمەندانی ئەو بنکەیەش پێویستە لە کادیران و پسپۆرانی ئابووری و ئیداری و کشتوکاڵی بن، بودجەیەکی تایبەتی هەبێت و کاری کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارو لەبارەی رادەی بەرهەمەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان و دەرامەتەکان، دارایی و بازرگانی و ئاودێری و باران و تەکنەلۆژیا، ئەم بنکەیە ساڵانە راپۆرت لە بارەی کەلێنی خۆراك لە هەر بەرهەمێك دیاری بکات و لە تۆمارەکانی خۆی یاداشتی بکات بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بتوانن لە بریار وەرگرتن یا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان سودی لێ وەربگرین.

**★ بۆ دەست گرتن بە سەرچاوە ئاوییکانی هەرێم پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:**

١- بەکارهێنانی ئاو بەشێوەیەکی عەقلانی وبەفیرۆدانی و دانانی سیاسەتێکی روون بۆ بەکارهێنانی ئاو.

٢- سووککردنی قورسایی لە بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی لەرێی دەست بەسەردا گرتنی ئاوی ئاوەرۆکان، بەشێوەیەکی زانستیانە.

٣- دروستکردنی بەند و بەستی گەورە لەسەر رووبارەکان و کۆکردنەوەی ئەو جۆگەلانەی لە کاتی باران بارین پر ئاو دەبن لە شوێنێ و ناو پۆش کردنی ئەو جۆگاو بەنداوانە بۆ ئەوەی ئاو بەفیرۆ نەچێ.

٤- لەگەڵ ولاتە دراوسێیەکان، رێکەوتنی دوو قۆلی یا نێودەوڵەتی لەسەر رادەو رێژەی ئاوی بەکارهاتوو گرێ بدرێت و کار بۆ باشتر کردنی بکرێت.



## سەرچاوەکان


١- محمود کریم احمد رۆلی حکومەتی هەرێم و رێکخراوە ناحکومی و نێودەولەتیەکان لە پەرپێدانی بەرهەم هێنانی گەنم لەکوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە٤٠ ساڵی ٢٠٠٣ لاپەرە١٦.

٢- د. محمد السيد عبدالسلام، الامن الغذائي للوطن العربي، سلسلة عالم المعرفة، ١٩٨٨.

٣- تقدير مكافحة الفقر، الامانة العامة للامم المتحدة المجلس الاقتصادي والاجتماعي ٣٠/نيسان ٢٠٠١.

٤- د. علي عبدالقادر علي، الفقر مؤشرات القياس والسياسات، عن الموقع (جسر التنمية).

٥- اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي آسيا. تقرير حولة (الفقر وطرق قياسه)، الامم المتحدة، نيويورك ٢٠٠٣ عن الموقع (الجسر التمتية).

٦- عولمة الفقر نحو عالم أكثر بؤساً، عبدالكريم محودى عن الموقع www.middle.east.online في ٢١/٧/٢٠٠٤.

٧- شبكة منظومة الامم المتحدة المعنية بالتنمية الريفية والامن الغذائى. ملف الوثائق، الحقاق الغذاء

٨- تعبئة الموارد لضمان الحق في الغذاء، منظمة الزراعة والغذاء، تقرير خاص حولة (الحق في الغذاء)

٩- التعليق العامة رقم ١٢ الخاص بالعهد الدولى للحقوق الاقتصادية والاجتماعية، الدورة العشرون، عام١٩٩٩.

١٠- د. زياد الحافظ، أزمة الغذاء في الوطن العربي، معهد الانحاد العربي، دار النشر والطباعة، بيروت ١٩٧٦.

١١- سردار عثمان خدر، دور الحبوب في تقرير الامن الغذائي في أقليم كردستان العراق، رسالَة مقدمة الى مجلس كلية الادراة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٢.

١٢- صباح زنكنة، سوء التغذية والارهاب الغذائي، جريدة الصباح العدد الصادر في ٢٠٠٦/٦/٣٠.
١٣- نجدت صبرى عقراوى، الاطار القانوني للامن القومي، أطروحة مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين، ٢٠٠٢.
١٤- د. جەلال ئازاد شەریف، ئاسایشی ئاوی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٣، ساڵی ١٩٩٩.
١٥- د. عبدالوهاب مطر الداهري، الاقتصاد الزراعي، مؤسسة دار الكتب، الطبعة الاولى، ١٩٨٠.
١٦- د. رمضان محمد مقلد، د. عفاف عبدالعزيز عابد، د. السيد محمد أحمد السريتى، إقتصاديات الموارد والبيئة، دار الجامعية، ٢٠٠١.
١٧- محمد ولد عبدالوائم، مفاهيم تتعلق بالامن الغذائي، عن الموقع الجزيرة نيت.
١٨- مستقبل العالم في عام ٢٠١٥، جريدة الشرق الاوسط، العدد الصادرة في ٢٠٠١/٢/٢، هەروەها سێیری رۆژنامەی الصباح ژمارەی رۆژی ٢٠٠٥/٨/١١ بکە.
١٩- الاستاذ صالح عبدالغفور، الموارد الطبيعية و أقتصاديات نفاذها، مؤخوذه عن الموقع (الجسر التنمية)
٢٠- مصطفى ولد سيد محمد، تشخيص أزمة الامن الغذائي، المصدر الجزيرة نيت.
٢١- زياد عربية ابن على، الفجوة الغذائية في الدول العربية، جريدة العربية، العدد الصادرة في ٢٢ مايو ٢٠٠٥.
٢٢- اللجنة الدولية عن البيئة والتنمية، تقرير تحت عنوان (مستقبلنا المشترك) عام ١٩٨٧.
٢٣- اسيفان ب. ماكي، التجارة الدولية، مطبعة التعليم العالي، ١٩٨٩.
٢٤- علي ولد الشيخ، اهم المنظمات الدولية الناشطة في مجال الامن العذائى، عن الموقع الجزيرة نيت.
٢٥- خالد حنفي، منظمة التجارة العالمية عن الموقع (اسلام اون لاين).



٢٦- محمد عبدالدائم، منظمة التجارة العالمية والعرب، فرص ومخاوف، المصدر جزيرة نيت.
٢٧- د.صباح نعوش، عرب و منظمة التجارة العالمية، عن الموقع الجزيرة نت.
٢٨- مقابلة جريدة الاهرام مع جيمس موريس رئيس (رئيس برنامج الغذائي العالمي)، العدد ١٦٣، يناير ٢٠٠٦.
٢٩- ماهو الدستور الغذائي، وثيقة خاصة بالهيئة الدستور الغذائي.
٣٠- کۆمەڵەی ASK، خواردن دروستی، چاپخانەی دلێر، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.
٣١- د.عبدالرزاق فارس، الفقر و توزيع الدخل في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة، طبعة اولى، بيروت ٢٠٠١.
٣٢- مجموعة باحثين، الفقر والغني في الوطن العربي، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢.

# فەرهەنگۆك

| کوردی | عەرەبی |
|---|---|
| الاقتصاد | ئابووری |
| وكالة | ئاژانس |
| تسهيلات | ئاسانکاری |
| الامن | ئاسایش |
| الامن الغذائي | ئاسایشی خۆراك |
| الامن القومي | ئاسایشی نەتەوەیی |
| الامن الوطني | ئاسایشی نیشتیمانی |
| الامن الاقتصادي | ئاسایشی ئابووری |
| الامن المالي | ئاسایشی دارایی |
| الامن المكائن | ئاسایشی ئامێرەکان |
| الامن المائي | ئاسایشی ئاو |
| مؤشرات | ئاماژەکان |
| الري | ئاودێریی |
| الهندسة الوراثية | ئەندازەی بۆماوەیی |
| سوق | بازاڕ |
| الاعفاءات | بەخشین |
| سوء التغذية | بەد خۆراکی |
| سوء التغذية مزمنة | بەد خۆراکی درێژخایەن |

| | |
|---|---|
| سوء التغذية الحاد | بەد خۆراکی توند |
| توفير | بەردەستکردن |
| استدامة | بەردەوامێتی |
| برنامج الاغذية العالمية | بەرنامەی خۆراکی جیهانی |
| محاصيل | بەروبووم |
| منتج | بەرهەمهێن |
| الاكتفاء الذاتي من الغذاء | بەشی خۆ لەخۆراك |
| مستهلك | بەكابەر |
| استخدام | بەكارهێنان |
| قدر | بڕ |
| جوع | برسیەتی |
| قرار | بڕیار |
| التنمية | بوژاندنەوە |
| البطالة | بێكاری |
| البطالة المقنعة | بێكاری داپۆشراو (دەمامكدار) |
| ميزان | تەرازوو |
| ميزان المدفوعات | تەرازووی پێدراوەكان |
| الجزيئات البيولوجية | تەنۆلكەی بایۆلۆژی |
| البحث العلمي | توێژینەوەی زانستی |
| البحث التطبيقي | توێژینەوەی جێبەجێكار |
| الارهاب الغذائي | تیرۆری خۆراك |



| | |
|---|---|
| نظري | تیۆری |
| عابر | تێپەر |
| الاشباع | تێركردن |
| معدلات الفقر | تێكرایی هەژاری |
| صنف | پۆل |
| التزام | پابەند كردن |
| تمويل | پارەداركردن |
| متدرج | پەیژەیی |
| مبدأ | پرەنسیب |
| مشكلة | پرس، گرفت |
| ترويج | پروپاگەندە |
| برنامج خاص للامن الغذائي التابع للامم المتحدة | پرۆگرامی تایبەتی ئاسایشی خۆراك سەر بەنەتەوە یەكگرتووەكان |
| خطة | پلان |
| الحاجات الاساسية | پێداویستیە سەركیەكان |
| مكون | پێكهاتە |
| قياس خط الفقر | پێوانەكانی هێلی هەژاری |
| الحاجة | پێویستی |
| بديل | جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ) |
| الغذاء | خۆراك |
| الغذاء الصحي | خۆراكی تەندروست |

| | |
|---|---|
| الرفاهية | خۆشگوزەرانی |
| حيازة الارض | خاوەنداریتی زەوی |
| نفقات | خەرجی |
| رادءة الغذاء | خراپی خۆراك |
| طعام | خواردن |
| طلب | خواست |
| تلبية | دابینکردن (تێرکردن) |
| تدهور | داتەپین |
| تآكل | داخوران |
| الحبوب الغذائية | دانەویلەی خۆراكی |
| دخل | داهات |
| طلب | داوا |
| هيئة الدستور الغذائي | دەستەی دەستوری خۆراك |
| تامين | دەستەبەر |
| العائد | دەستهات |
| ندرة | دەگمەنی |
| عملة | دراو |
| نقد | نەخت |
| النقد الاجنبي | دراوی بیانی |
| العملة الصعبة | دراوی گرانبەها |
| مزمن | درێژخایەن |
| بيئة | ژینگە |



| | |
|---|---|
| تعرى الاراضي | رووتبووونەوەی زەوی |
| مسح | رووپێو |
| يوم الغذاء العالمي | رۆژی خۆراکی جیهان |
| منظم | رێکخراو |
| المنظمات الدولية | رێکخراوە نێودەولەتیەکان |
| منظمة غذاء والزراعة | رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ |
| منظمة التجارة العالمية | رێکخراوی بازرگانی جیهانی |
| منظمة العربية للتنمية والزراعة | رێکخراوی عەرەبی بۆ بوژاندنەوە و کشتوکاڵ |
| منظمة الصحة العالمية | رێکخراوی تەندروستی جیهانی |
| الاجراءات(تدابير) | رێوشوێن |
| مصطلع | زاراوە |
| علم التغذية | زانستی خواردن |
| الاحياء المائية | زیندەوەری ئاوی |
| ثروة | سامان |
| البان | شیرەمەنی |
| ناشط | چالاك |
| التكثيف الزراعي | چڕکردنەوەی کشتوکاڵی |
| مزورع | چێنراو |
| تخزين | گلدانەوە (ئەمبارکردن) |

| | |
|---|---|
| اشكالية | گیروگاز |
| التوسع الافقي | فراوانکردنی ئاسۆیی |
| المبيد | قەلاچۆکەر |
| الازمة الاقتصادية | قەیرانی ئابووری |
| الجمعية العمومية | کۆمەڵەی گشتی |
| تفاعل | کارلێك |
| سحرة الحرارية | کالۆری گەرمی |
| سلعة | کاڵا |
| قطاع خاص | کەرتی تایبەت |
| قطاع عام | کەرتی گشتی |
| الفجوة الغذائية | کەلێنی خۆراك |
| الزراعة العضوية | کشتوکاڵی ئەندامی |
| الزراعة المناوبة | کشتوکاڵی بەنۆره |
| الزراعة الحديثة | کشتوکاڵی نوێ |
| تقليدي | کلاسیکی |
| العجز الغذائية | لاسەنگی خۆراك |
| الكفاءة الاقتصادية | لێهاتوویی ئابووری |
| الحق في الغذاء | مافی خۆراك |
| تقدير | مەزەندە |
| الكفاف | مەمرە و مەژییە، خۆبژێوی |
| تصدير | ناردەنی |
| جيل | نەوە |



| | |
|---|---|
| السعر الفائدة | نرخی سود |
| سعر السائد | نرخی باو |
| الاستيراد | هاوردە |
| فقير | هەژار |
| فقر | هەژاری |
| الفقر الدخل | هەژاری داهات |
| الفقر المادي | هەژاری ماددی |
| تقلبات | هەڵبەز ودابەز |
| القوة الشرائية | هێزی کرین |
| خط الفقر | هێڵی هەژاری |
| الطاقة الغذائية | وزەی خۆراکی |
| جفاف | وشکە ساڵی |
| الاستثمار | وەبەرهێنان |